# مێژووی سەرەتای

# شۆڕشی گوڵان

## ١٩٧٦/٥/٢٦

## ئەسعەد عەدۆ

**چاپی دووەم**

**پوخت و زیادکراوە**

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢١

باشتر وایە بڵێم

# "سەربردەی بەردەوامبوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

# کە بە شۆڕشی گوڵان ناوزەد کرا"

١٩٧٦/٥/٢٦

ئەسعەد عەدۆ

چاپی دووەم

پوخت و زیادکراوە

کوردستان – هەولێر

٢٠٢١

**کتێب: مێژووی سەرەتای شۆڕشی گوڵان (١٩٧٦/٥/٢٦)**

**نووسینی: ئەسعەد عەدۆ**

**دیزاین: هیوا کۆمپیوتەر**

**پێداچوونەوی: دەستەی ئینسکلۆپیدیا**

**تیراژ: ١٥٠٠ دانە**

**نۆبەی چاپ: دووەم ٢٠٢١**

**چاپخانە:**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی سپاردنی (٧٨٥)ی ساڵی ٢٠١٥ی دراوەتێ**

مافی چاپکردنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە

**پێشکێشە بە:**

- **جەوهەر نامیق**
- **سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی**
- **مام یوسف بێرمان**
- **حجی قادۆ**
- **محۆ گەودا**
- **حجی ئەحمەد بایێ**
- **سلیم کورکی**
- **عەریف ئیشۆ**
- **تاهر کێستەیی**
- **ئەبو عەنتەر**
- **سەید حەمید**

# پێڕست


بەرایی.......................................................................................................٩

دەرگایەک  بۆ نێو باسەکە...........................................................................١٣

لە ڕوانگەی قسەکانی خۆیانەوە........................................................................١٥

سەرەتاییەکان کێن؟.......................................................................................٣٣

ناوی پێشمەرگەکانی یەکەم مەفرەزەی گوڵان.....................................................٣٧

ئاگر لە قورمێ داردا دمینە لە ئەیلوولەوە تا گوڵان. کاروان بەردەوامە..........٤١

سمیناری برایەتی: بەردەوامبوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش؟.................٤٩

میوانی ئەمڕۆ: کەریم سنجاری.........................................................................٥١

میوانی ئەمڕۆ: فرەنسۆ هەریری.......................................................................٥٧

میوانی ئەمرۆ: عەلیکۆ....................................................................................٦٧

میوانی ئەمڕۆ : یونس ڕۆژبەیانی.....................................................................٧٣

میوانی ئەمرۆمان: مستەفا نێروەیی..................................................................٨١

میوانی ئەمڕۆ: دکتۆر کەمال کەرکووکی.........................................................٨٧

محەمەد خالید بۆصەلێ مێژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان لێک.......٩٧

یەکەم بەیاننامەی قیادەی موەقەتە.......................................................... ١٠٩
ئەنفال................................................................................................... ١١٣
کتێبی. نامەیەک ل شرنەخێ.!........................................................................ ١١٥
داستانی بێلمبیرێ.!........................................................................................ ١٢٥
ناوی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی هەرێمی بادینان هاتو................................. ١٣٣
شەڕی بێلمبیرێ............................................................................................ ١٥٣
چایخانەی خانێ............................................................................................ ١٥٥
کانی هون دوژمن؟ ئەڤە سلیمێ سورانییە..................................................... ١٥٧
مام یوسف بێرمانی........................................................................................ ١٥٩
ئەوانەی نازانم لە کوێن.!................................................................................. ١٦١
پانۆڕامای گولان............................................................................................ ١٦٣
ئەلبومی وێنەکان........................................................................................... ١٦٥

# بەرایی

دەمێکە ئێمەی کورد گلەیی ئەوەمان هەیە کە بێگانە و نەیارانمان لە ڕوانگەی خۆیانەوە مێژووی نەتەوەکەمان دەنووسنەوە، لەبەر هێندێ بێ ڕوحمانە کەوتونەتە گیانمان! ئەگەر جاروباریش خەڵکی خۆمان بەمکارە پیرۆزە هەڵسابن ئەوە لەبەر بارودۆخی سیاسەتی داگیرکەران نەیانتوانیوە پڕ بە دڵ جڵەوی قەڵەمەکەیان بەرهەڵدەن، بۆیە هەمووومان بە ئومێدی ئەوەبووین ڕۆژێک دابێت مێژووی کورد بە قەڵەمی مێژوونووسانی کوردپەروەر و ئەکادیمی بنووسرێتەوە.

خوایکرد ئەو ڕۆژەمان بۆ هاتەدی، کەچی بەداخەو تا ئێستە بارودۆخێکی ئەوتۆ نەڕەخساوە کە بتوانرێ وەک میللەتانی دیکە. پسپۆڕانی ئەو مەیدانە مێژووی نەتەوەی کورد لە دیدی کوردایەتی داڕێژنەوە و کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پێ پڕبکرێتەوە، لە هەمانکاتیشدا هەر بەشێکی ئەو مێژووە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا بخوێندرێ کە ئەمەیان بە ئەرکێکی یەکجار پیرۆزی دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێ.

دەمێکە بە خۆزگەی ئەوەین کە سیاسەتمدار، فەرماندەکان، کادیری لێهاتوو، پێشمەرگە قارەمانەکان هەر یەکە لە شوێنی خۆیدا ئەو لایەنە تایبەتیانەی خۆیان بۆ بەرژەوەندی گشتی لە دیدێکی کوردە بە نامیلکە یان لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو هەموو زانیارانەی ئێرە و ئەوێ ببێتە گەنجینەیەکی تێروتەسەڵ بۆ بەردەستی لێژنەی پسپۆڕیی مێژووی نووسینەوەی کورد.

ڕاستە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەو لایەنە کەم و زۆر فەرامۆش نەکراوە، بەلاّم ئەوەی جێگەی داخە هەریەکە لەوانە تەنیا بە ڕبەی خۆی دەپێوی واتە تەنیا حیساب بۆ خۆی یان لایەنەکەی خۆی دەکات و لایەنی تر ناخوێنێتەوە کە ئەمەیان بە هیچ شێوەیەک خزمەت بە مێژوومان ناکات!

لە سەرەتای ئایاری ١٩٩٢ یەکەم سیمینار بۆ تەلەفزیۆنی لۆکالّی کوردستان تۆمار کرابێت بە تایبەتی لە کاتی پڕوپاگەندەکردنمان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ئەوە بوو کە بەندە بۆ بەڕێزان: جەوهەر نامیق، کەریم شنگالی، هۆشیار زێباری، پیرۆت ئەحمەد بوو، هێشتا سێ مانگ بەسەر دەرچوونەوەی ڕۆژنامەی برایەتی تێنەپەڕیبوو کە جەنابی سەرۆک بارزانی فەرمووی: بۆ ئەوەی نەوەی نوێ شارەزاییان لە چۆنییەتی بەردەوامی شۆڕشدا هەبێت. واتە شۆڕشی تەواوکەر کە بە گولآن ناوزەد کراوە. پێویستە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی برایەتی تەوەرێک بکەنەوە، ئەوە بوو بەندە و کاک زاهیر ڕۆژبەیانی لە گەڵ ئەو بەڕێزانە چاوپێکەوتنمان کرد:

١- فرنسۆ هەریری

٢- دکتۆر کەمال کەرکووکی

٣- عەلیکۆ

٤- یونس ڕۆژبەیانی

٥- مستەفا نێروەیی

٦- محەمەدخالید بۆصەڵی

٧- کەریم سنجاری.

لە دوای چاپی یەکەم دەگەڵ:

٨- عەبدولرەحمان گوندکی

٩- عادل حجی قادۆ

١٠- عەبدولرەحمان پیداوای

ڕاستە ئێمە سالانە یادی سالگەردی گولان بە هەر سێ جۆری ڕاگەیاندن ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە دەکەینەوە، بەلام بە مەزندەی ئێمە هێشتا نەمانتوانیووە پەی بە دژواری ئەوکاتی شۆڕش ببەین، بۆیە داواکارین لە سەرکردایەتی پارتیمان چەند زووە لیژنەی تایبەت بۆ نووسینەوەی مێژووی پارتی وکۆنگرەکانی و لایەنی شاراوەی شۆڕشی گولان دابمەزرێنن.

لەبەر گرینگی ئەو بابەتە بۆ دواڕۆژ منیش بیرم لەوە کردەوە کە ئەو زانیارانە لە دووتۆی کتێبێکدا بلاوبکەمەوە تاکوو ببێتە سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ نووسینەوەی شۆڕشی گولان بەلام بەداخەوە بارودۆخی ئەوکات زۆر ئەستەنگ بوو کە ئەم نامیلکەیە بە فراوانی بگاتەوە کوردستان.

# دەرگایەك بۆ نێو باسەكە

ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم هێژا بارزانی لە وتاری ڕۆژی ١٢/نیسانی ١٩٩٢ بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان لە شاری هەولێر فەرمووی: مێژوو غەدری لە میللەتی کورد کردوە. پێویستە ئەم فەرموودەیە لە کاتی نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەماندا لەسەر یەکەم لاپەڕەدا بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نابێت ئەمەیش لە یاد بکەین لە کە خودی پارتی غەدر لە مێژووی سەروەری خۆی دەکات! ئەو پارتەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەوە سەر قافڵەی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردە، هەروەها خاوەنی درێژخایەنترین شۆڕشی چەکداری بووە، هەروەها بنەماڵەیەک لەسەر دووندی هەڕەمیدا بووە کە لە سەدەیەک زیاترە سەرکردایەتی ئەم میللەتە دەکەن و بە ڕەنجی خۆیان توانیویانە مێژوویێکی سەرفراز بۆ خۆیان و میللەتەکەیان دروست بکەن.

ئەگەر بێتو سەیری کتێبە زەرد هەڵگەڕاوەکانی مێژوو بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەندێجار مێژوو خەڵک دروست دەکات کەچی کەسانێکیش هەن کە زۆر دەگمەنن مێژوو بۆ خۆیان و میللەتەکەیان دروست دەکەن! ئەم بنەماڵەیش لەو دەگمەنانەن کە توانیویانە بە درێژایی ١٤١ساڵی ڕابرد گەنجینەیەک وەسەریەک بنێن کە پێویستە تا دونیا ماوە ڕۆڵەکانی کورد شانازی پێوە بکەن. لە هەمانکاتدا پێویستە ئێمەیش زیرەکانە تەعامول لە گەڵ ئەو گەنجینەیە بکەین لە کاتوشوێنی پێویستدا بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەمان

تەوزیفی بکەین. چونکە ئەو گەنجینەیە و ئەم بنەماڵەیە بەشێکی زیندووی دوێنێن، بۆ ئەورۆ و سبەیش (صمام الامانی) موقەدەراتی نەتەوەی کوردن، گرینگی نەدان بەو مەعادەلەیە. مەسەلەی کورد بەرەو هەڵدێر دەبات!!

ئەگەرهاتوو سەیری ئەو هەموو کتێبانە بکەین کە لەلایەن دوژمنانی کورد نووسراوەتەوە. بەهەر شێوەیەک پێوانەی بۆ بکەیت هێندەی ئەو کتێب و نامیلکانە نین کە تازە دەرچوون تەنیا بۆ دژایەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، گوڵان، پارتی، بنەماڵەی بارزانی نەمر!

ئەوەتە مامۆستا هێمن موکریانی دەرهەق بە مێژوونوس ئەسکەندەر بەگی تورکمان خاوەنی کتێبی "عالەم ئارای عەبباسی" کە زۆر نەیاری کورد بووە دەڵێ: ئەسکەندەر بەگ هەرچەند نۆکەر و نمەکخوردەی شا عەبباس و دوژمنی نەتەوەی ئەمیرخان بووە و داوای ڕەوای ئەو سەردارە مەزنەی کوردی بە لاساری و سەرپێچی و تەنانەت نمەک بەحەرامی و لەڕێ دەرچوون داناوە و بە ئاشکرایی جنێوی بە کورد داوە و دەڵێ: وەحشیترین تیرەی ئینسانن و کوشتاری ئەو گەلەی بەغەزا زانیوە و گوتویەتی: ئەرکی سەرشانی شای ئیسلام پەنایە ئاسەواریان لێ ببڕێ! بەڵام پیاو هەق بڵێ پیاوێکی زۆر خوێندەوار و زانا و مێژوونوسێکی یەکجار ورد و وریا بووە و ڕووداوەکانی مێژووی سەردەمی شا عەبباسی زۆر بە سەرنجەوە تۆمار کردوە.

# لە ڕوانگەی قسەکانی خۆیانەوە.!

مەلا بەختیار لە لاپەڕە (٢٥) کتێبەکەیدا "یاخی بوون لە مێژوو" کە لە ١٩٩٨ چاپی کردووە، بڕگەیەکی لە کتێبەکەی سەید کاکە لە لاپەڕە (٧٤) بیرەوەری پێشمەرگەیەک کە لە ١٩٩٧ چاپکراوە نوسیوەتەوە، نزیکەی دوو مانگ زیاتر لەو دڵ توونـدی و بێزاریەدا بووین ڕۆژێک کاک مسعود بارزانی لە دوای کۆمەڵێک بەرپرس و پێشمەرگەی نارد و پێی گووتین خۆتان و چەند پێشمەرگەیەکی ئازا ئامادە بکەن دەچینەوە کوردستان و شەڕی پارتیزانی دەکەین و لە کوردستان دەمینێینەوە، بەڵام چەند ڕۆژێکم پێدەچێ، چونکە باوکم نەخۆشە و دەمەوێت پرسیێکی پێ بکەم. ئێمە هیچ شتێک بێ گەورەی خۆمان ناکەین، بەڵام ئەمجارە باوکم ڕازیش نەبێ هەردەچین، چونکە ئەو زوڵمەی لە کورد کراوە شایانی قبووڵ نییە، ئەو پێشمەرگانەی بانگکران من و فارس باوە و عەریف ئەبوزێد و چەند پێشمەرگەیەک بوون.

مەلا بەختیار زۆر بێ ڕوحمانە ئەو بڕگەی کتێبی سەید کاکەی شیکردۆتەوە یان باشتر وایە بڵێم هەنجن هەنجنی کردوە و بە چەند خاڵێک قسەکانی سەید تەفنیت دەکات! وا لەخوارەوە دەقەکانی دەنووسمەوە:

مەلا بەختیار دەڵێ: بەشبەحاڵی خۆم ئەوپەڕی پێمخۆش دەبوو ئەم قسانە ڕاستبووبان. سەید یان هەر یەکێکی دیکە بتوانێ ڕاستیەکەی بسەلمێنێ! بەڵام مخابن کە ڕاست نین لە بەر ئەم هۆیانە ڕاست نین!

یەکەم: جارێ ئەوکاتە دوو مانگ دوای ئاشبەتاڵ، ئەسڵەن قیادەی موەقەتەی پارتی دانەمەزرا بوو هەتا مسعود بارزانی بکەوێتە کۆکردنەوەی بەرپرس و(پ.م).

دووەم: باوەڕ ناکرێ مسعود لەبەر چاوی ئەو خەڵکانە قسەی وا بکا، گوایە ئەگەر باوکی ڕازیش نەبێ! ئەو شۆڕش هەر بکاتەوە دوای ئەمەش دەرکەوت کە نەک (شۆڕشیان بێ بارزانی) نەکردووە، بەڵکو کە شەهید عەلی عەسکەری و خالید و شێخ حسێنیان لا دیل بوون، بارزانی لە ئەمریکا بوو نەیانتوانی بێ پرسی بارزانی شەهیدیان بکەن!

سێیەم: نەک دوای دوو مانگ، بەڵکو لە دوای یەک ساڵیش لە ئاشبەتاڵ! پارتی مەفرەزەی پارتیزانی نەناردۆتەوە کوردستان کە زانیان یەکێتی مەفرەزەکانی ناردۆتەوە. هەنگینێ کەوتنە خۆیان!

چوارەم: پەیوەندی بە خودی سەید کاکەیە، بۆیە پێویست بە نووسینەوەی ناکات (ئەسعەد)

مەلا بەختیار بە گومانەوە سەیری قسەکانی کاک مسعود بارزانی دەکا و بە ڕاستی نازانێ خۆزگەش دەخوازێ یەکێک هەبێت ئەو ڕاستیە بسەلمێنێ! هەرچەندە لەلای خۆیەوە بە چەند خاڵێک گومانەکەی تەنزیر کردوە! ئەوەتە ئێمەیش هەروەک دەیەوێ بەرپەرچی خاڵەکانی دەدەینەوە:

**یەکەمی من: کاک سامی عەبدولرەحمان لە گوڵانی ژمارە (٢٢٧) دەڵێ: دەتوانم بڵێم دوای تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ دەرچوونمان لە کوردستان دەستمان دایە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هێزەکانمان و ڕێکخستنەوەی پارتیمان.**

منیش بەشبەحاڵی خۆم قسەکانی کاک سامی پەسند دەکەم سەرەڕای ئەو کارەساتە دژوارەی بەسەر کورد هات، هەر زوو بیر لەوە کراوەتەوە کە چۆن

بتوانین ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەو میللەتە لەو میحنەتە دەرباز بکەن و کێشەکەمان قۆناغێکی نوێ بەخۆوە ببینێ، هەر لەمبارەیەوە کاک کەریم سنجاری لە ڕۆژنامەی برایەتی (١٦٥١)دەڵێ: لە هەفتەی دووەمەوە دوو قۆڵی یان سێ چوار قۆڵی دیدەنی هێژا مسعود بارزانیمان دەکرد، بەڕێزیشی هەردەم هانی ئەوەی دەداین سەرەڕای ئەو بارودۆخە دژوارەی تێیدا بووین ئێمەمانان لە ڕێکخستنەوەی ناوخۆماندا گورجوگۆڵ بین.

لە هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە دامەزراندن یان دامەزراندنەوە چەندان دانیشتن و قسە لەسەرکردنی پێشەکی دەوێ بۆ ئەوەی بتوانرێ پلانێک دابڕێژدرێ تا ئامادەبووان قسەی لەسەر بکەن، هیچ گومان لەوەدانییە دامودەزگای ساواک زۆر زۆر بە وردی چاودێری بنەماڵەی بارزانی و سەرکردەکانی پارتیمانی دەکرد نەوەک کارێکی ئەوتۆ بکرێ ببێتە مایەی سەرئێشان بۆ پیلانی جەزایر بە تایبەتی کە نوێنەرانی ئێران، عێراق، جەزایر بە ئاشکرا لە ناوچەکەدا دەسوڕانەوە.

ئەوەی بە گوێی خۆم لە یەکێک لە دیدارەکانماندا لە کاک مسعود بارزانیم بیستووە فەرمووی: دوای چل ڕۆژ واتە لە مانگی ١٩٧٥/٥ سەرەڕای ئەو چاودێریە توندوتیژەی ساواک توانیم لەسەر کانیاوێکی (نەغەدە) لە گەڵ چەند کادیرێکی پێشکەوتووی پارتیمان کە ئەوانەی سەرکردایەتی کاتیی بوون دانیشتنێک سازبکەین و قسە لەسەر ئالیەتی دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتیی بکەین و چۆنییەتی نووسینەوەی بەیاننامەیەک و بڵاوکردنەوەی لەناو کوردستانی عێراق، هەر لەم دانیشتنەدا کوردستانمان بەسەر دوو هەرێمدا دابەشکرد و هەڤاڵانمان بۆ دەستنیشانکرد بەیاننامەکەیش(کوردستان الساحه الحقیقیه للنضال) بە عەرەبی بە دەستی خۆم نووسیم.

دەربارەی ئەو دانیشتنە کاک کەریم شنگالی دەڵێ: بۆ ئەم مەبەستە سەردانی سەر کانییە ئاوێکی نەغەدەمان کرد بە ئامادەبوونی کاک مسعود، جەوهەر نامق، عارف تیفور، ئازاد بەرواری، حەمە ڕەزا و من. دەتوانم بڵێم ئەوە یەکەم کۆبوونەوەی دوای پیلان بوو.

شتێکی دیارو بەرچاوە هێزەکانی دەڤەری بادینان لە مانگی پێنج و شەشیش هێندێکیان بەرەو ئێران بەڕێوەبوون واتە چیا و دۆڵی کوردستان دەیان پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانی لە باوەش گرتبوو کە هێندێکیان لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان نەگەڕێنەوە بنکەی خۆیان هەروەکوو قارەمانی هەردوو شۆڕش محەمەد خالید بۆصەڵی لە گولانی (٤٤) دەڵێ: لە ٢٨/شوباتی/ ١٩٧٥ عیسا سوار ئامر هێزی زاخۆ بە برووسکە ئاگاداری کردمەوە – ئەوکات سەرپەلی هەندەسە بووم – بگەمە بارەگای هێز لەبەر ئەوەی حکوومەتی عێراق گوندە کوردەکانی ئەمدیو و ئەودیوی سنووری لەنێوان سووریا و عێراق ڕاگواستبوو لە شوێنی ئەوان هۆزی عەرەبی نیشتەجێ کردبوو، بۆ ئێمە زۆر ئەستەم بوو بتوانین چالاکی عەسکەری بەوێدا بکەین بۆیە بڕیاردرا لە سنوور بپەڕینەوە دیوی سووریا لەوێشەوە بۆ ناو خاکی عێراق بۆ ئەنجامدانی ئەمکارانە:

١- تەقاندنەوەی شەمەندەفەری بارهەڵگر.

٢- تەقاندنەوەی ڕێگەی ئاسنی شەمەندەفەر.

٣- تەقاندنەوەی بۆڕی نەوت لە نزیک ئالبووکەمال (ئەمەیان لەبەری عێراق بوو)

لە ٤ /نیسانی /١٩٧٥بە ئاگاداری ئەحمەد ڕەمۆ دوو نامەم بۆ بارزانی و ڕەمەزان عیسا جێگری عیسا سوار نووسی لە ڕۆژی ١٢/ نیسانی ١٩٧٥/

نامەیەک بەدەسخەتی کاک مسعود بارزانی گەیشتە دەستم تێیدا دەفەرموێ خۆتان بگرن و لەوێ بمێنن.

لەلایەکی ترەوە کاک فرنسۆ هەریری لە برایەتی ژمارە(١٦٥٢) دەڵێ: ئێمە هەر کە گەیشتینە ئەودیو خەریکی خۆئامادەکردن بووین بڕوامان بە ڕژێمی شا نەبوو هیچ کات لە خۆمان ئەمین نەبووین، بۆیە لە کۆتایی مانگی نیسانی/ ١٩٧٥ کاک مسعود بارزانی بانگی کردم و فەرمووی نامەیەک بۆ حەمیدە فەندی بنێرە بزانە ئەگەر لێمان قەوما و ڕامانکرد دەتوانن لە ناوچەی خواکوڕک و لۆلان خۆمان حەشاردەین تا دەست بەشەڕی چەکداری دەکرێ؟! دوای چەند ڕۆژێک حەمیدە فەندی بە نامە ئاگاداری کردم کە نەک هەر تۆ و کاک ئیدریس و کاک مسعود، بەڵکو هێزێکی بچووکیش حەشار دەدرێت.

هەروەها پێشمەرگەی هەردوو شۆڕش هاشم ڕەمەزان (ئەبو عەنتەر) دەڵێ: لەسەر ئەمری کاک مسعود لە نێوان حوزەیران و تەمموزی ١٩٧٥ من و عەبدوڵڵای برام (ئەبو نەوال) و (سەید حەسەنی) زاوامان بەرەو کوردستان بەڕێکەوتین بۆ پەیوەندیکردن بە هەڤاڵانمان لە ناو شارو ئەو پێشمەرگانەی سەر سنووری کوردستانی تورکیا و عێراق کە نەیانتوانیبوو بگەنە ئێران. ئەوەبوو لە ناو پسمامەکانماندا لە هۆزی کۆچەر دابەزین و بەهاوکاری خەڵکی کوردستانی تورکیا ئەوەی لە دەستمان هات بۆ ڕێخۆشکردنی بەردەوامی شۆڕش درێغیمان نەکرد. لەسەر هەمان بابەت عادل حجی قادۆ دەڵێ: لەبەر ئەوەی باوکم بەماڵەوە لە کاتی گەیشتنی بۆ نزیک نەغەدە دەستگیر کرا و تەسلیم بە عیراق کرانەوە من و نادری برام لە مەهاباد لە ماڵی ئەبو عەنتەر بووین کاتێ بڕیاردرا ئەبو عەنتەر، ئەبو نوال، سەید حەسەنی زاوایان بە ژن و دوو منداڵی بچووکیان دلۆ و شەونم بگەڕێنەوە نێو کۆچەریان بۆ ئامادەباشی و پەیوەندیکردن بە ئەوانەی تا ئێستا بە ڕێگاوە بوون لەدوای وەرگرتنی چەند نامەیەک بۆ کوردی باکوور وەک: محەمەدئەمین بایێ، عەبدولخالق سەعید ئاغا

گراڤی، مام یوسف بیرمان بەرێکەوتین بەرەو کڤالانکێ، مالیسا، دولێ لە ڕێگا چاومان بە حەمید شەریف و برادەرانی کەوت کە بەرەو ئێران دەهاتن هەر لەوێوە لەگەڵ ئێمە گەڕانەوە ئەبو عەنتەر ئەوانی بۆ ناوچەی ( گۆییان) دەست نیشان کرد.

تۆ بڵێی ئەو شیکردنەوەی سەرەوە بەڵگەی باوەڕپێکراو نەبێت بۆ بەرپەرچدانەوەی خاڵی یەکەمی مەلا بەختیار؟!

**دووەمی من: مەلا بەختیار لەم خاڵەدا دەیەوێ سێ چوار چۆلەکە بە بەردێک بکوژێ!**

١- بنەماڵەی بارزانی و هەموو بنەماڵەیەکی ڕەسەنی کۆمەڵگای کوردەواری ڕێز لە نەریتی ڕەسەن دەگرن و گەورە و بچووکیان زۆرلا مەبەستە. بەمەیان شیرازەی کۆمەڵگا پتەو دەبێت، ئەو پرسوڕا وەرگرتنە هەر ناوێکی لێبنرێ شوورایە، مۆدێرنە، دیموکراتییە. لە دێرزەمانەوە لە نێو ئەو بنەماڵەیەدا پیادەکراوە. لەبەر هێندێ توانیویانە (١٣٧) ساڵ ١٨٨٤ – ٢٠٢١ بەبێ پچڕان سەرکردایەتی کورد بکەن و نەتەوەکەمان بە دونیا بناسێنن، کورد و بارزانی بکەنە وشەیەکی تێکهەڵکێشراو! لەمەیاندا هیچ گلوگازاندەم لە مەلا نییە، چونکە ئەو گەورە و بچووکییەی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕاوەرگرتن لە فەرهەنگی تایبەتی ئەواندا نییە! هەر یەک لە شوێنی خۆیدا بە کڵاوی ئەویتر ناپێوی!

٢- ئەمجارەیان مەلا بەختیار ئاوازەکە دەگۆڕێ، بە سەرسوڕمانەوە باس لەوە دەکات کە چۆن مسعود لەبەر چاوی ئەو خەڵکە قسەی وا دەکات؟! مەلا بەختیار هەندێ شت بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانێ و بۆ خەڵک نا! دەیەوێ سایکلۆجیەتی خەڵک بخوێنێتەوە! ئەگەرهاتوو سەیری ئەو قسەیەی کاک مسعود بارزانی بکەین بە مەرجێ دووربێت لە ڕوانگەی مەلا و مامۆستا و

شاگردەکانیان پێویستە ئەم قسەیە بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە، لەبەرچی ؟! ئەو کوڕە جحێڵەی بنەماڵەی شێخانی بارزان تەمەن(٣١) ساڵ ١٩٤٦ – ١٩٧٥ سەرەڕای ئەو پابەندبوونەی بە نەریتی میللەتەکەی، بەڵام خۆشەویستی بۆ میللەتەکە و ئەو میحنەتەی تێیدا دەژی کارێکی یەکجار زۆری کردۆتە سەری و لە ناخیدا بۆ سەرفرازی میللەتە کۆسکەوتووەکەی هەموو شتێک دەکات ئەگەر خوانەخواستە بگاتە ڕادەی ئەوە گوێڕایەڵی گەورەی خۆیشی نەکات!

٣- پێشینان گوتویانە "فیتەی حەرامزادان دیارە "نووسەر وشەی پیرۆزی شۆڕش لەنێو کەوانەی داناوە! ئەگەر پێداچونەوەیەک لەمەڕ بڵاوکراوەکانی نەیارانی ڕێبازی بارزانی بکەین هەردەم خۆیان بەسەر قافڵە دادەنێن و لەخوتوخۆڕایی خۆیان کردۆتە خاوەنی شۆڕشی نوێ. کەوا نییە! فەرموون ئەوە کتێبەکانی ئەوان بخوێننەوە لە ڕوانگەی کتێبی مەلا و نەوشێروان بۆمان دەردەکەوێ کە یەکەم تەقەقە لە دوای نسکۆهێنان قیادەی موەقەتە نەک لە یەک شوێن، بەڵکو لە حاجی ئۆمەران و ناوچەی گۆییان لە گوندی نزۆر کردوویانە. واتە مەسەلەی زاراوەی شۆڕشی نوێ تەنیا خۆیان دەقەبەر خۆیان کردوە!. کاتێ نێوی گوڵانی پیرۆزیش دێتە پێش زۆر بەسووکی سەیری دەکەن و لە زۆر شوێندا بەناو شۆڕشی گوڵان یان کە بۆ خۆیان پێی دەڵێن شۆڕش! هەروەک لە بەیاننامە شەڕخوازەکەی نەوشێرواندا هاتوە.

٤- هەروەها دەربارەی ڕا و پرسکردن بە بارزانی نەمر بۆ کوشتنی دیلەکانی هەکاری ئەوەتە مەلا بەختیار پێش ئەویش نەوشێروان لە نووسینەکانیاندا ئەو بووختانەیان داڕشتوە، گوایە بارزانی فەرموویەتی: پیاوی گەورە بە چەکیی گەورە دەکوژرێ! لێرەدا ئەو پرسیارە گرینگە سەرهەڵدەدا: بۆ ئەو هەزار چەکدار و فەرماندانە هاتوونەتە ناوچەی سەرکردایەتی کاتیی؟! سەید کاکە لە ١٩٧٦ تا ١٩٩٣ لە پارتی دوور بووە و یەکێک بووە لەو کەسانە کە

ئێشـــوئازاری هەکـــاری چێشـــتووە لە لاپەڕە (١١٥)دا، دەڵـــێ: بەڵام بۆمـــان دەرکەوت ئەو شەڕە لە مل قیادە موەقەتەیە نەک ماڵی بارزانی.

هەرچەندە من دڵم بەو قسەیە ئاو ناخواتەوە چونکە شەڕ ماڵوێرانییە! تەڕو هیشک دەسوتێنێ لەوجۆرە مەسەلانەدا دەست پێشخەر تاوانبارە، بارزانی لەوە گەورەترە بڕیار لەسەر ئەو شتە مەیدانیانە بدات ئەوە ئیشی قائیدی مەیدانییە، بەڵام جێگەی سەرنج ڕاکێشانە کە مەلا و برادەرەکانی باس لە کوشتنی عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید و شێخ حوسەین دەکەن کەچی دوورو نزیک باس لە کوشتنی مەلکۆ، سیامەند، عومەر شەریف ناکەن هەروەها دوور و نزیک باس لە تیرۆرکردنی عەبدولی سۆران، صەدیقە فەندی، نوری حەمە عەلی، حەسەن فارس، عومەری مام کەریم ناکەن ئەو بانێک و دوو هەوایە چییە؟!

صلاح ڕەشید لە دوا کتێبی خۆیدا شەڕی ناوەخۆیی باس لە ئەو بڕگەی سەرەوەی بەندە دەکات وەک بڵێی شانە هەنگوینی دۆزیوەتەوە با دووبارەی بکەمەوە نووسەر یان مێژوونووس دەبێ لایەنی خراپە و چاکە بنووسێ من دەڵێم: هەردوولا لە یەکتریان کوشتوە ئەوەتە من ئەمجارەیان باس لە بارە چەکێک دەکەم کە دکتۆر خالید دەستی بەسەرداگرتووە ئینجا موەقەتە دوو چەکی یەکێتی گرتووە ئەوان وەفدیان ناردوە، بەڵام بێ گەڕانەوەی چەکەکان، ئەگەرهاتوو کتێبەکەی صلاح بخوێنییەوە هەموو ئینشقاق و شەڕەکان دەخاتەی ئەستۆی پارتی لەوکاتە کە ئێستاش لە ئەدەبیات بخوێنەوە دەگووترێ: شەڕە! یەکێتی و کێیە ؟!

هەرهێندە دەڵێم: پارتی و بنەماڵەی بارزانی لە دوای کۆنفرانسی بەرلین لە ئابی ١٩٧٦بە یەقینەوە گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە کە باوی تاکە حیزب نەماوە، بۆیە نامە بۆ مام جەلال و هەوادارانی خۆیان دەنێرن لەگەڵ مام جەلال کار

بکەن، بۆیە هەر بابابوو حیزبیان دادەمەزراند لە دوای ڕاپەڕینش ئەو حیزبانە جارێکی دیکە خۆیان لەنێو پارتی و یەکێتی دۆزیەوە. ئەوەتە سەرکردایەتی کاتی بەر لە یەکەم مەفرەزەی خولە کەشکۆڵ دەگەنە دۆڵی جافایەتی ١٩٧٦/٥/١٢ پێشتریش شێخ عەزیز لە ناوچەکە بووە، بەڵام زوڵم و گەلەکۆیی کۆمەڵە هەرەسانیان دەکەن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا پارتی بە ناچاری دکتۆر کەمال کەرکووکی ئینجا فازل جەلال ئینجا وریا ساعاتی دەنێرن کەچی لە ناوچەکە موەقەتە زۆر هەرسان دەکەن! بۆیە ویستویانە بادینانیش ئاوا لێبکەن، بەڵام بۆیان ناچێتە سەر!

جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر شەڕی گەلی بازێ کە نەوشیروان نێوی ناوە (هەکاری). تۆ بڵێی هێنانی هێندێک چەک سێ ڕەتڵا پێشمەرگەی بووێ کە خۆی لە (١٠٠٠) کەس دەدات ؟! ئەی خێرە باس لە بڕیاری سەرکردایەتی دەکەن کە نەوشیروان دەڵێ: پێویستە هێزەکانمان بچنە دەڤەری برادۆست، ئەگەر ناوچەکەیان چۆل کرد. باشە! ئەگەرنا بە توندی لێیان بدەن! هەروەها نامەی سالار عەزیز بۆ عەبدولرەزاق فەیلی هەمان قسەی کردوە، سەرەڕای ئەوانەش حسێن بابە شێخ بەداخەوە هەمان بۆچونی هەبووە! یان بۆ باس لەو نامەیەی مام جەلال دەکەن کە بۆ کۆمەڵەی فەرهەنگی دیموکراتی شۆڕشگێڕی (د.د.ک.د)ی ناردبوو؟! مەلا بەختیار لە ئێمەمانان باشتر نەوشیروان دەناسێ خۆی لە کتێبەکەیدا لەبری بیرەوەریدا دەڵێ: یەکەمجار بوو نەوشیروانم بینی لە دوای دوو سەعات لەسەر شەهید ئارام دەمەقاڵێمان کرد! لە هەمان شوێن نەوشیروان لە یەکەم دیداریدا لە گەڵ برادەرانی قیادە موەقەتە لە دەریاسۆر زۆر بە ڕەقی باس لە کۆنبوونی پارتی دەکات، بەڵام ملازم سەربەست بە پەندێکی کوردی وەڵامی دەداتەوە لەو بڕوایەدام ئێستاشماناکەی نەزانی! دکتۆر مەحمود و کاکە حەمەش دەربارەی هەکاری قسەی خۆیان بۆ مێژوو کردوە، خۆزگە ئەوکات یەکێتی ئەو غرووورەی نەبووایە ئەگەرنا ئەو شەڕەی

گەلی بازێ (هەکاری) ڕووی نەدەدا! ئەو هێزە زەبەلـلاحە بێ پرس دەیانەوێ بێنە ناوچەی موەقەتە، بەر لە هێرشەکە دکتۆر خالید کاروانی چەکی موەقەتە دەست بەسەر دەگرێ، موەقەتە دوو چەکی یەکێتی دەگرێ، عەلی عسکری نامەی تووند دەنێرێ. ئەوان بڕیاری خۆیاندابوو هەروەکوو لە نامەکە هاتبوو ناوچەی سۆرانمان لە موەقەتە پاککردۆتەوە دەبێ لێرەش ئاوا بکەین! کەچی کارەسات لەوە دایە ئەوان قیادە موەقەتەیان تاوانبار کردوە!

**سێیەمی من: مەلا لە کتێبەکەیدا قسەیەک دەکات و لە لاپەڕەیەکی تری هەمان کتێب بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات دژایەتی قسەی پێشتری دەکات و دەڵێ: دوای یەک ساڵیش لە ئاشبەتاڵ پارتی مەفرەزەی پارتیزانی نەناردەوە!**

پێش هەموو کەسێک سەرکردایەتی (ینک) باش دەزانن ئەندامانی سەرکردایەتی کاتیی بەڕێزان جەوهەر نامق، کەریم شنگالی لە ١٩٧٥/١٢/١٠ پەڕینەوە کوردستانی تورکیا و بەیاننامەی (**كوردستان الساحە الحقیقیە للنضال**)یان، بەهۆی مەفرەزە سەرەتاییەکان لە کوردستاندا بڵاوکردەوەو بارەگایان لە گوندی (سنێ) سەر بە (شرناخ) دامەزراند، لە دواییدا گوازرایەوە سەر سنوور لە گوندی ( بێرمان) ئینجا (کۆماتە).

دەربارەی یەکەم بەیاننامەی سەرکردایەتی کاتیی محەمەد خالید بۆصەڵی دەڵێ: لە کانونی یەکەمی ١٩٧٥ کاک مسعود بە تەلەفۆن ئاگاداری کردینەوە کە دوو هەڤاڵ بە ناوی سلیم و حەسەن دێنە کوردستانی تورکیا هەوڵبدەن لە شرناخ چاوتان پێیان بکەوێ. بۆ دیتنی ئەو دوو بەڕێزانە من و عەبدولرەحمان صالح هاتینە وێستگەی شەمەندەفەری نێوان نوسەیبین و قامشلی لە ناو فارغۆنەکانی بارهەڵگر خۆمان حەشاردا و سنوورمان بەزاندو هاتینە جزیرێ لە وێ دوو ماڵ هەبوون بنەماڵەی حەسەن شێخ سەر بە پارتی بوون و ماڵی صبری نەوافیش سەر بە یەکێتی لە ڕێگەی ئەو ماڵە هاتینە نوسەیبین و لەوێ

ڕێــگە و شــوێنی ئەو دوو هەڤاڵانەمــان دۆزیەوە، بــۆ ســپێدە لە مــاڵی عەبدولرەحمان و حسین حەسۆ بە یەک شادبووین و ماوەی هەشت شەو پێکەوە بووین لەو دیدارەماندا بڕیاردرا عەبدولرەحمان صالح بگەڕێتەوە سووریا بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڤاڵان منیش بچمە ناوچەی بەرواری باڵا بۆ گەیاندنی بەیاننامەی سەرکردایەتی کاتیی گەیاندنی نامەی تایبەتی بۆ عەلی عوبێدەڵا و تێلی گۆیی و حاجی مەلۆ، لە دوای (٢٣)ڕۆژ گەڕامەوە لایان و لەوێوە بۆ سووریا جارێکی دیکە لە شوباتی ١٩٧٦ گەڕامەوە لایان کاک جەوهەر منی ناردەوە سووریا بۆ هێنانی چەند پێشمەرگە. هێندەی نەبرد (٤٠ – ٥٠) پێشمەرگەم ئاودیو کرد و لە جادەی زاخۆ بەرەو ناوچەی کانی ماسێ دابەشکران، هەرچەندە بەر لە ئێمە مەفرەزەی دیکەی پارتی لە ناوچەی گولی هەبوون.

مەلا بەختیار لە کتێبەکەیدا دەڵێ:

- یەکەمین مەفرەزەی سۆران لە ١٩٧٦/٦/٢٦ بە بەرپرسی خولە کەشکۆڵ پێکهێنرا.
- یەکەمین شەهیدی شۆڕشی نوێ ١٩٧٦/١٠/١٦ فاتیح شێخ حەیدەر بوو.
- یەکەمین گورزی تۆڵە لە قیادەی موەقەتە ١٩٧٨/٨/٢٠ (وادیارە مەسەلەی تۆڵە، گورز، گەردەلوول، لەنێو ئەواندا دەمێکە باوی هەیە)

نەوشیروان لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕێ ناوزەنگ دەڵێ: ٢٤ – ١٩٧٦/٥/٢٥ کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەر لە شام دەستی پێکرد بۆ چۆنییەتی پێکهێنانی مەفرەزەکان و نامە ناردنەوە بۆ ناوەوە بۆ دروستکردنی مەفرەزەی چەکداری و ناردنیان بۆ شاخ.

دەربارەی یەکەم مەفرەزەی سەرەتایی کە هەریەکە لەلای خۆیەوە بە بەژن وبالای خۆیدا هەڵدەڵێ ئەوەتە عەلیکۆ لە برایەتی ١٦٥٣ دەڵێ: دوای (١٠)رۆژ لە ئاوارەیی بڕیارماندا بگەڕێمەوە حاجی ئۆمەران، کاتێ ئەو هەواڵە گەیشتە بارزانی نەمر ناردی بەدواما و فەرمووی: من دەزانم بڕیارتداوە بۆ گەڕانەوە، ئومێدم پێتان هەیە کە بەم نزیکانە پەیوەندیتان پێوە بکەین، سەر لە نوێ دەست پێبکەینەوە، بۆیە داواکارم بە هێمنی و لەسەرخۆ تەعامول لە گەڵ دەوروبەرت لە ناوچەکە بکە.

عەلیکۆ لەبەردەوامی قسەکانیدا دەڵێ: کاتێ بارزانی نەمر هاتە سەردانی گۆڕی شێخ بابۆ لەوێ نامەیەکی بۆ ناردین، بۆیە ئێمەیش (٢٣) پێشمەرگە کە لە خزم و کاسوکارم پێکهاتبوو شەوی ٢٥ لەسەر ١٩٧٦/٥/٢٦ بۆی دەرچووین لە (زینی گەزگەکی) کەوتینە کەمینی ڕژێم چەند سەربازێکمان کوشت، ئێمەیش قوربانی کوردستانمان بە شەهیدبوونی (سەید عەبدوڵلای) برام پێشکێشکرد لە گەڵ دوو بریندار (محەمەد موراد) و (عەلی مەلا محەمەد) واتە یەکەم شەهیدی شۆڕشی گولان سەید عەبدولایە. ئەمەیان سەربردەی یەکەم مەفرەزەی چەکداری سەرکردایەتی کاتیی هەرێمی دووی سۆران بوو.

با بزانین لە هەرێمی یەکی بادینان چ قەوماوە؟ کاک کەریم شنگالی دەڵێ: کاتێ مەفرەزە پارتیزانەکانمان توانیان دەوری خۆیان لە تەئدیبی خۆفرۆشان لێرە و لە وێ ببینن! ئەو بارودۆخە گەیشتە ڕادەیەک هەڵسوکەوتی ڕژێمیش بەرامبەر بە میللەتەکەمان زیاتر تەشەنەی دەکرد، بڕیاردرا ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٢٦ هەریەکە و لە شوێنی خۆیدا هەدەفێک دەست نیشان بکات بە ڕەسمی ئیعلانی شەڕکردنەوەی چەکداری بکرێ. ئەوە بوو ئێمە لە ناوچەی (گولی) لە گوندی (نزۆر) ڕەبیەکمان خستە بەر لێشاوی دەست و بازووی پێشمەرگەکان و بە ماوەیەکی کێم ئاساری ڕەبیەکە نەما! شایانی باسە ئەم شەڕەو شەڕی شێخ وەسانان لە هەرێمی سۆران لە نێو ڕاگەیاندنی دونیادا دەنگی دایەوە.

کاک جەوهەر نامیق دەڵێ: لە ٢٦ /٥/ ١٩٧٦ هێرشکرایە سەر سریەکی عەسکەری. یەکەم پێشمەرگە کە تەقەی کرد وابزانم ئەبو نەوال بوو.

محەمەد خالید بۆصەڵی دەڵێ: هێرشی سەر سریە عەسکەریەکە بە یەکەم تەققەی نوێ دەژمێردرێ، بەڵام یەکەم چالاکی مەفرەزەی ئێمە لە ١٩٧٦/٧/٩دا، گرتنی ڕەبیەی (بەرۆژکێ) بوو، دووەمیشمان لە ١٩٧٦/١٠/١٠ لێدان و گرتنی دیلێک بوو لە بلکێف لە پشت ئەتروش، هەرچەندە ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی شەهید مەحمود ئێزدی دابوو. سێیەم چالاکیمان لێدان و سوتاندنی مەشروعی ئاوی زاخۆ بوو کە لە مانگی ١٩٧٦/١١ ئەنجامدرا.

بۆ زیاتر دڵنیایی دەگەڕێینەوە سەر قسەکانی کاک فرنسۆ: داخەکەم یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان سەید عەبدوڵا بوو کە لە ١٩٧٦/٥/٢٥ شەهیدبوو زۆری نەبرد کاک جەوهەر ئاغای غفورخانی لێوژێ هەڵوێستی وەرگرتوو و بوو بە پێشمەرگە، ئەویش بارەگای خۆی بردە قەندیل و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئێمەکرد، تەنانەت سەفەرێکی لای ئێمەی کرد و لە نزیکەوە لە گەڵیدا دانیشتم ڕۆژ بە ڕۆژ پێشمەرگە لە زێدە بووندابوو، ئەوەبوو لە سەرەتای مانگی ١٩٧٦/٨شەهیدان عەمر دەبابە، دکتۆر خالید، عەلی عەسکەری، سەید کاکە، سەعدی گچکە، ملازم تایەر والی، قادر عەزیز گەیشتنە مەقەڕی ئەو برادەرانە کە لە قەندیل بوون، لە کۆتایی مانگی ١٩٧٦/٨ کاک حاجی سلێمان نەبی هاتە کەرەج و دوو نامەی پێبوو یەکەمیان بەناوی (ئەحمەد نەبی) بۆ (ئیدریس بارزانی) نووسرا بوو، بەڵام بەدەستخەتی عومر دەبابە نووسرا بوو باسی ئەوەی کردبوو کە شۆڕش خەریکە بەهێز دەبێ و داوای یارمەتی و پشتگیری کردبوو، نامەی دووەم بۆ خۆم بوو، شەهید (سەعدی گچکە) نووسیبووی، تێیدا هاتبوو ئێمە هەر کوڕی جارانین ئێستایش بەو هیوا و هەوایە دەژین کە لە لای ئێوەوە دێت، ئەوە ڕای خۆم بە تەنیا نییە، بەڵکو ڕای زۆربەی برادەرانە و دەڵێ ئەم نامەیەم بە ناوی خۆم و سەید کاکە نووسیووە

لەبەر ئەوەی ئیشێک هاتە پێش سەید کاکە بەرەو (دۆڵە ڕەقە) ڕۆیشت، بۆیە ئەو ئیمزای نەکردوە.

ئەگەر سەیری قسەکانی سەید کاکە بکەین دەبێتە بەڵگەیەک بۆ قسەکانی شەهید سەعدی گچکە کە دەڵێ لە ١٩٧٦/٨/١٥گەیشتینە هەوارگەی (بەربەرانێ) لە دیوی ئێران لە بارەگای عەلیکۆ میوان بووین و زۆر خزمەتی کردین، لە ١٩٧٦/٨/٣٠ هەندێک پێشمەرگەی عەلیکۆم لە گەڵ خۆم بردە جەولە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە لێڵاوییەی مەلا بەختیار پشت بە شەڕنامەکەی نەوشێروان دەبەستم یەکی حوزەیرانی ١٩٧٦ بە بۆنەی تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی نقیب برایم عەزۆ محەمەد فەرماندەی دەستە چەکدارەکانی بادینان بۆ یەکەمین جار لە نزیک ڕووباری (هیزڵ) لە پشتی زاخۆ لە گەڵ پێشمەرگەکانی تردا یەکیان گرتەوە کە ژمارەیان (٣٧) پێشمەرگە بوو کە چوار مەفرەزە بوون:

١- برایم عەزۆ

٢- عیزەت شنگالی

٣- عەمەر برایم ڕەشید

٤- جەبار مەلا غەنی

نەوشێروان لە کۆتایی هەمان لاپەڕەدا دەڵێ: ئەو مەفرەزانە لە ١٩٧٦/٧/١٥بە دەستی قیادە موەقەتە دەکوژرێن!* (*) ئەوان خۆیان دەڵێن یەکەم مەفرەزەمان لە ١٩٧٦/٦/١ پەڕینەوە و لە ١٩٧٦/٧/١٥ کوژران واتە پێشمەرگەی سەرکردایەتی کاتی بەر لەوان لەوێ بوون!!

کتێبەکەی مەلا بەختیار پێویستی بە یەک کتێب وەڵامدانەوە هەیە. بەڵام مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە پەیوەندی بە هەڵسانەوەی شۆڕش هەیە: دەربارەی بۆچوونەکانی مەلا لە لاپەڕە (١٢٨ -١٢٩)دا، کە بە سێ خاڵ .ڕق وکینەی خۆی و برادەرانی بەسەر بنەماڵەی بارزانی دەرێژێ کە بۆ بەرەنگاری پیلانی جەزایر نەبوونەتەوە؟ هەرچەندە ئەو هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ و ئەو چەندان ساڵەی دوایی بەڵگەن بۆ حیکمەتی باوکی کورد بارزانی نەمر، بەڵام ئەم وێنەی خوارەوە لەسەر زمانی کاک فرنسۆ بۆ مێژوو دەنووسمەوە، دڵنیام خوێنەر خۆی دەبێتە سەرپشک:

ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی خیانەتکارانەی جەزایر لە ١٩٧٥/٣/٦ ئەوکات بارزانی نەمر لە تاران بوو، ڕاگەیاندنی ئەو پیلانە بۆ هەموو لایەک سەدمەیەکی چاوەڕوان نەکراوی بەهێز بوو هەر وەختە بڵێم سەری لە هەموو کەسێک شێواند، دەزگاکانی شۆڕش بەردەوام لە کۆبوونەوەدا بوون، بەڵام هیچ دەزگایەک توانای بڕیاردانی نەبوو (مەبەستم ئەوەنییە دەسەڵاتیان نەبوو) بەڵکو هەر هەموویان چاوەڕوانی گەڕانەوەی بارزانی نەمریان دەکرد بۆ کوردستان لە گەڵ ئەوەی خەڵکێکی زۆر بە ئومێدی ئەوە نەبوون بگەڕێتەوە! هەموولایەک لەو بڕوایەدا بوون شا ترسنۆکەکەی ئێران دەستبەسەری کردوە. بارزانی گەڕایەوە و کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بە ئامادەبوونی بارزانی بەسترا و بڕیاری بەرخودان درا و دەست بەوە کرا کە کوردستان بکرێتە چەند ناوچەیەک بۆ هەر ناوچەیەک لێپسراوێکی گشتی دیاربکرێت، پێشمەرگە دەستی بە گواستنەوەی ئازوقە و تفاقی پێشمەرگایەتی بۆ شوێنە ئەستەم و عاسێیەکانی کوردستان کرد هەروەها بڕیاردرا کە کەرەسەی ئێزگە لە چەند شوێنێک بشاردرێتەوە بۆ کاتی پێویست بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو ئێزگەیەی کاردەکات بپێکن ئەوەی دیکەیان بکەوێتەکار!

ئەو بارودۆخە زۆری نەکێسا و بڕیارەکەی بەرخودان هەڵوەشایەوە، چەند فەرماندەی بەتالیۆن و هێزو لق و سەرپەلێک لە حاجی ئۆمەران چاوەڕوانی دیداری بارزانی بوون، بەرلەوەی کۆبوونەوەکە دەست پێبکات بارزانی نەمر بانگی کردم و فەرمووی: خۆت دەزانی کە تەمەنم (٧٠)ساڵ زیاترە، ئەمجۆرە شەڕانە پێویستی بە مرۆڤی لەشساخ هەیە ئەگەر کەسێکیش هەبێ ئەوکارە بخاتە ئەستۆی خۆی من هەموو ئیمکانییەت و توانای خۆم دەخەمە ژێر دەسەڵاتی ئەو، بەڵام تا ئێستا هەستم نەکردوە کەسێک هەبێ ئەو بڕیارە بدا. هەموویان دەڵێن ئەگەر جەنابت بڕیار بدەیت لە خزمەتت دەبین! دەشزانم شەڕی پارتیزانی پێویست بەوە ناکات زۆر خەڵکم لەدەوروبەر بن، چونکە هەردەبێ خەریکی خۆشاردنەوەبین!

بۆیە گەیشتمە ئەو باوەڕە کە بۆ ماوەیەکی کاتیی پاشەکشە بکەین، دڵنیاشم ئەو (شهرالعسلەی) صدام و شای ئێران زۆر دەوام ناکات ئەگەر ئەو کوڕە ئازا و دڵسۆزانە ماوەیەک دان بەخۆدا بگرن، شەش مانگ تا ساڵێک بارودۆخەکە بەچاکیی بۆ ئێمە لەنگەر دەگرێ، ئەوکات دەتوانین بێینەوە کوڕی خەباتی چەکداری، فەرمووی ئێمە کە بڕیاری پاشەکشە دەدەین ئەوە ناگەینێ کە ئومێدبڕ بووین، بەڵکو نامەوێ میللەتی خۆم وەکوو میللەتی (بیافرا)ی، لێبێت! ئەگەر کەسانێکیش هەبن پڕوپاگەندە دژم بکەن عەفوویان فەرمووە و ئەو پڕوپاگەندانەش تەحەمول دەکەم بۆ پاراستنی میللەتەکەم.

جیاوازییەکانی نێوان هەردوو کتێبەکەی مەلا بەختیار ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٣ شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم و ئەوەی لە ١٩٩٨ چاپکراوە یاخیبوون لە مێژوو!

١- لە کتێبەکەی ساڵی ١٩٩٣ بەر لە گەڕانەوەی بۆ ناو یەکێتی لە بەرگەوە تا بەرگ لەبری ئاشبەتاڵ زاراوەی هەرەسی بەکارهێناوە!

٢- لەمەیان سەیرتر ئەوەیە مەلا بەختیار "لیس حبا فی علی بل کرها بعمر،" زۆر ڕێز لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و سەرکردەی هەمیشەیی کورد بارزانی دەنێ، ئەوەتە لە لاپەڕە (٢٣٠) دا، دەڵێ: ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی پایک:

ا ڕاپۆرتەکە باسی خۆفرۆشتن یان بەکرێگیراوی پارتی و بارزانی ناکات.

ب بارزانی خۆی داوای یارمەتی کردووە نەک مخابراتی ئەمریکی پێشتر نەخشەی بۆ بارزانی و شۆڕشەکەی کێشابێ.

ج کاتێک بارزانی داوای یارمەتیەکەی کردووە کە جارێ عێراق نەوتی خۆماڵی نەکردبوو تاکووو بگوترێ دەسیسەی بێگانەیە، لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا دانپێنانێکی غەدرلێکردنە گەورەکەی تێدایە کە ئەمریکا لە کوردی کردووە خۆیان دەڵێن سیاسەتێکی بێ ڕەوشتانەمان بەرامبەر کورد هەبووە!

٣- لەبارەی پیلانی جەزایردا مەلا بەختیار لە لاپەڕە (٢٢٦) دەڵێ: ئەو ڕێککەوتننامەی نێوان صدام و شا تەنانەت ڕژێمە نۆکەرەکانی ئینگلیز کاری وایان نەکردووە، ئەمەش باشترین بەڵگەی شۆفێنییەتی ڕژێمە بەرامبەر بە کورد.

٤- لە کتێبی ١٩٩٨ دەڵێ ساڵێک دوای ئاشبەتاڵ موەقەتە نەبوو!!

٥ لە کتێبی ١٩٩٣ لاپەڕە (٢٣٤)دەڵێ: ینک لە ١٩٧٥/٦/١ دامەزرا هەرئەودەم قیادەی موەقەتەش ڕاگەیندرا!

٦- لە لاپەڕە (٢٣٥) پارتی، چونکە لە ژێر کاریگەری سیاسی و عەسکەری و سایکلۆژی هەرەس پتر لە لایەنەکانی دیکە کاری دەکرد بە مەفرەزەی گچکەوە سەرەتا لە کادیرە خوێندەوار و دڵسۆزەکانی خۆیانەوە دەستیان دایە کاری

پـارتیزانی، بەڵام زۆری نەخایانـد پـارتی جەنگـی پـارتیزانی، جەنگـی بـزۆزی وەکوو شۆڕشی ئەیلوول تێکەڵاو کرد!

٧- مەلا بەختیـار سـەرکۆنەی سـەید کاکە دەکات دەڵێ بۆ پلەوپایە بۆ پارتی پـانی کـردۆتەوە کەچـی بەخـۆی لە ١٩٩٣ کە نەیـاری (ینـک) بـوو بەوپەڕی ڕێـزەوە قسـە بەرامـبەر پـارتی دەکـات و لە ١٩٩٨ بەسـەر پـارتی دەڕشـێتەوە ئیدی سیاسەتمەدارانی ئاخر زەمانن.

# سەرەتاییەکان کێن؟

کاک کەریم سنجاری دەڵێ: کاک جەوهەر نامیق و بەندە بۆ هەرێمی یەک (بادینان) دانراین کە لە ١٩٧٥/١٢/١٠بەرەو کوردستانی تورکیا بەڕێکەوتین تاکوو تەنسیق لە گەڵ ئەو هەڤاڵانەمان بکەین کە پێش ئێمە ڕۆیشتبوون، بۆ نمونە محەمەدخالید بۆسەلی و عەبدولرەحمان سالح لە دیوی سووریا لە چاوەڕوان بوون، ئەبو عەنتەر دەڵێ: من و ئەبو نەواڵی برام و سەید حەسەنی زاوامان لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٧٥ نێردراینەوە ناو کۆچەران کە لەسەر سنووری عێراق – تورکیا بوون، خەڵکێکی تریش لەبەر سەختی ڕێگا نەگەیشتبوونە ئێران هەریەکە بەجۆرێ خۆیان حەشاردابوو.

کاک کەریم لە بەردەوامی قسەکانیدا دەڵێ: کاک عارف تەیفور و حەمەرەزا بۆ هەرێمی دوو (سۆران) دانران بەڵام بە داخەوە لەلایەن ساواک دەستگیرکران، شایانی باسە لە کۆماتە دوو کادیری چالاک گەیشتنە لامان (مەحمود ئێزدی) و (عادل مزوری) هەروە ها (سلۆ ڕووتۆ) لە بری لاسلکی، فاکس تەلەفۆن هاتوچۆی نێوان کوردستان، سووریا، تورکیای دەکرد ڕێگای (٦) ڕۆژی بە (٣) ڕۆژ دەبڕی لە ساڵی ١٩٧٧ لە سووریا (زەعیم عەلی) و (ملازم محەمەد) لە ئێرانەوە (کاک یونس ڕۆژبەیانی) پەیوەندیان کردەوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٧ کاک کەریم لە سووریا کاک مسعود بارزانی بینیووە.

کاک فرنسۆ دەڵێ: کاتێ بە نێوی بارزانی نامەیەکم بۆ سەید عەبدوڵا و عەلیکۆ نارد، ئەوەبوو لە سەرەتای مانگی ١٩٧٦/٦ مینەکووپە بە وەکالەتی مەفرەزەی حاجی ئۆمەران هاتە لام و منیش بردمە لای کاک مسعود و ئەویش هێندێک پارە و ئامۆژگاری پێویستی بۆ ناردن ئینجا لە ١٩٧٦/٦/١٩ کاک مسعود لە ئێرانەوە بەرەو ئەمریکا ڕۆیشت لە دوایی ئەو لە ڕێگەی تەتەری تایبەتی نامەیان ئاراستەی کاک ئیدریس بارزانی دەکرد جەنابیشی سەرپەرشتی ئەو مەفرەزە و گشت مەفرەزەکانی تری دەکرد نهێنی نێوان کاک ئیدریس بارزانی و سەرکردایەتی کاتیی مۆرێک بوو بە نێوی (حەمدون) لەدوای دەستگیرکردنی کاک عارف و حەمەرەزا بڕیاردرا دکتۆر کەمال و هەندێک هەڤاڵانی تر وەک ڕەمزی مەعروف، ملازم حەسەن عەبدوڵا خۆشناو بچنە هەرێمی سۆران بۆ ئەم مەبەستە دکتۆر کەمال دەڵێ: بەهیچ شێوەیەک لەیاد ناکەم کە لە ١٩٧٦/٥/١٢ بە گۆچانێک و دەمانچەیەک گەیشتمە گوندی (بیلکۆ) سەر بە قەڵادزێ بەر لە منیش (شێخ عەزیز) گەیشتبووە ئەو ناوچەیە بۆ من دیار کرابوو کە بچمە گوندی (خوڕخوڕە) و، لەگەڵ پێشمەرگەیەک پەیوەندی بکەم بە نێوی (کەریم خوڕخوڕەیی) پێکەوە شێخ عەزیزمان لە ئەشکەوتە ڕەشی پشت گوندی (یاخیان) دۆزیەوە بە ڕاستی (فەقێ سمایلی جاف) زۆر هاوکارمان بوو، لە ٢٦ /٥ من و شێخو کەریم خوڕخوڕە لە نزیک شەدەڵە لە گوندی (مەولان) بووین کەسیی تر نەبوو، چۆل! کەچی لە هەرێمی بادینان مەفارزمان زۆر ببوون وەک مەحمود ئێزدی و محۆ گەودە و سەید حەمید و عەبدولرەحمان سالح، کاک عادل، کاک جمال ئامێدی، کاک فوئاد، جگە لە برادەرانی سەرکردایەتی و محەمەدخالید و جەماعەت لە مانگی ئەیلوول خەڵکی تریش هاتن بۆ ناوچەکە مەفرەزەکانی ئێمەیش وەک کاک (نەسرەدین مستەفا، تحسین شاوەیس، قادر فەرج، حەمە سالح ڕۆژبەیانی،

مـلازم حەســەن خۆشـناو، مسـتەفا ئەحـمەد، کـاک فـتح اللـە) ئەوانەی دەوری ئەندامایەتی هەرێمیان هەبوو.

هەرێمـی ئـێمە سـەرەتا شـەهیدی زۆرمانـدا بە تـایبەتی لە ١٩٧٧/٥/١٠ کە ڕژێـم لە گونـدی (ژالە) لە دەوروبەی چەمچەمـاڵ کە (٧) شــەهیدماندا لە وانە کـادیری حزبـی و ئـاینی (مەلا ڕەسـول) کە ڕێکخسـتن و پەیوەنـدی پارتـایەتی گەیاندە ناو شارەکانی سلێمانی، کەرکووک، بەغدا. لەو ماوەیەدا توانیمان چەند بنکەیەک بۆ خۆمان لە دۆڵی جافایەتی لە داوێنـی چیـای ئاسـۆس و شـینکایەتی و دابان و سێدەر و شارستێن، بەڵام داستانی (شارستێن) کاتێ ڕژێم هێرشـی کردە سەرمان لە سەعات ٦،٣٠ بەیانی کاتێ دونیا تەمومژ بوو، ئەنجـام (١٦٣) سـەرباز کـوژران هەلیکۆپتەرێـک کەوتە خـوارەوە. ئـێمەیش (٧) شــەهیدو (٩) بریندارماندا، ئێرە هەرێمی سۆران – دۆڵی جافایەتی.

# ناوی پێشمەرگەکانی یەکەم مەفرەزەی گوڵان

# لە هەرێمی سۆران - حاجی ئۆمەران

بـۆ چـاپی دووەم پەیوەنـدیم بە کـاک ئەحـمەد بـارزان کـرد، ئەویـش ئەم نێوانەی بە لیست بۆم نارد:

١- شەهید سەید عەبدوڵا

٢- ئەحمەد نەبی مەحمود

٣- عەلیکۆ

٤- عەلی کوردە

٥- مەلا شێخ محەمەد

٦- عەلی عەبدوڵا برایم ناسرئەو بە عەلی مەلا

٧- نەبی نەبی مەحمود

٨- عەبدوڵا محەمەد مراد

٩- نەبی محەمەد مراد

١٠- حاجی سلێمان نەبی

١١- کەریم ئەحمەد نەبی

١٢- قادر ئەحمەد نەبی

١٣- بارزان عەلیکۆ

١٤- عەبدوڵا ڕەسوڵ مستەفا

١٥- مستەفا ڕەسوڵ

١٦- عەبدوڵا شێخە عەبدوڵا

١٧- محەمەد شێخە عەبدوڵا

١٨- محەمەد برایم مەحمود

١٩- برایم برایم مەحمود

٢٠- حەمەدامین حەمەد سۆفی

٢١- ڕەسوڵ حەمەد سۆفی

٢٢- عەزیز مەمیسی

٢٣- عەبدولرەحمان عەلی کوردە

عەلیکۆ دەڵێ: تەتەری نێوان ئێمە و کاک ئیدریس ماوەیەک مینەکووپە، حسین فەتاح، حاجی سلێمان بوو لەو ماوە کەمەدا (١٨٠٠٠)دیناری بۆمان نارد، ئێمەیش لەسەر خۆمان دابەشکرد خوا شاهێدە بەشی میوانەکانیشمان کاک عەلی عەسکەری و سەعدی گچکەدا!

کاک عەلیکۆ بەردەوامە و دەڵێ: بۆ ئەوەی بتوانین ئیتفاقیەی ١٩٧٧/٣/٢١ نێوان مام جەلال و کاک مسعود بۆ هاریکاری و تەبایی لە نێوان هەردوولا

لێژنەیەک لە من و کاک عادل کەرکووکی کە لە شوێنی دکتۆر کەمال بوو بە بەرپرسی هەرێم کاتێ ڕژێمی تورکیا دکتۆری دەستگیر کردبوو، کاک ڕەسوڵ مامەند، مەلا بەختیار لە ڕێگەی تەتەر مام حسین فەتاح چووینە ئێران لەوێوە بۆ سنووری تورکیا لە ١٩٧٧/٧/٣٠گەیشتینە گوندی (ماسیرۆ) لە ماڵی حاجی محەمەد نێوێک میوان بووین هێندەی نەبرد پیاوێک هاتە ژوورەوە گوتیان ئەوە (نەوشێروانە) ئینجا ئاگاداریان کردین کە مام جەلال لە دۆڵێکی نزیک گوندەکەیە لە ١٩٧٧/٨/١ هەموومان پێکەوە گەڕاینەوە لە ناوچەی (دەریاسوور) وەک لێژنەیش سەردانی سەرکردایەتی کاتیمان کرد کە ئەو بەڕێزانە لەوێ بوون: جەوهەر نامق، ملازم سەربەست (عەبدولرەحمان پێداوای) ملازم عەلی، ملازم محەمەد.

بۆ خودی خۆم هەوڵمداوە باس لە مەجەڕای دوای ٢٦ گوڵان نەکەم، چونکە لەدوای ئەو مێژووە بە تایبەتی لە ١٩٧٧ خەڵکێکی زۆر لە ئێران و سووریاو ناو عێراقیش پەیوەندیان کردەوە نەوەک نەتوانم پەی بەنێوهێنانی هەمویان ببەم، کاتێ کاک یونس ڕۆژبەیانی بە ١٠ – ١٢ کەسەوە پەیوەندی دەکات ئینجا (مستەفا نێروەیی) و خەڵکانێک ئینجا شەهید (مەلا ئەمین) و گرووپەکەی کە لە شەڕەکان قارەمانەتیان دەنواند، سەرەڕای خەڵکانێکی دیکە، بۆیە لەبری هەر کەموکوڕیەک سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی ئەو شۆڕشە زێدە دژوارە دادەنوێنم. سڵاو بۆ یەکە یەکەی پێشمەرگەکان و ئەو خەڵکانەش کە لەتکە نانێکیان داوەتە پ. م.

## "ئاگر لە قورمێ داردا دمینە"

## لە ئەیلوولەوە تا گوڵان. کاروان بەردەوامە!

لە کۆتـا چاوپێکەوتنەکانمـدا لە گەڵ ماندوونەناسـانی دوێنـێ کە ئەوڕۆی پەرلەمـان و حکـوومەتی هەرێمیـان دروسـت کـرد. پێشـمەرگە و فەرمانـدەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وئەندامی سـەرکردایەتی کاتی (قیادە موەقەتە) کاک عەبـدولرەحمان ئۆسـمان فەتـاح پێداوای کە بە مـلازم (سـەربەسـت) ناسـراوە، وەک هاوبیرێـک وبرادەرێکـی دێـرین لە سـاڵی(١٩٧٣-٢٠٢١) واتە لە بارەگـای بەتالیۆن یەکی زۆزک کە بارەگامان لە ڕێزانۆکی نزیک گەلالە بوو، لە دواییدا لە هۆڵەندا یەکمان گرتەوە. ئەوەتە لەدوای هێندە ساڵە لە کونجێکی هەولێری دێرین بە یادی ڕۆژانی ڕابردوو بۆ نووسینەوەی مێژووی سـەرەتای شۆڕشـی گوڵان پێکەوە دانیشتین، ئەمەی لێوەپاش کەوت کە لە دواییدا دەچێتە دوو تۆی کتێبێک.

گـووتی: لە سـاڵی ١٩٤٦ لە گونـدی (پێـدە) لەدایـک بـووم، بـۆ خوێنـدن لە ناوەنـدی دهـۆک لە سـاڵی خوێنـدنی (١٩٦٠-١٩٦١) دە سـتم پێکـرد، بەڵام لە ئەیلوولی ١٩٦١ من و نۆ قوتابی دیکە بە بڕیاری حاکم عەسکەری ئەحمەد صالح العبدی بە بیانوی حەوادیسی شیمال لە قوتابخانە دەرکراین، ئەوانەی لە یـادم بـن جگە لەخـۆم عـارف بـادی، میکائیـل تەهـا، عەبـدی بـاڵەتەیی، صـدقی

حسین...تاد بەڵام لەدوای گەڕانەوەی عەبدولواحید حاج ملۆ لە ساڵی ١٩٦٤ توانیمان دووبارە دەست بە خوێندن بکەمەوە، واتە سێ ساڵی خوێندنمان لەدەست چوو! لە ساڵی خوێندنی (١٩٦٨-١٩٦٩) لە بەشی کوردی لە بەغدا وەرگیرام، کاتێ وەفدی شۆڕش بۆ گفتوگۆ هاتنە بەغدا ڕێگایان خۆشکرد تا کۆمەڵێک گەنجی کورد لە کۆلێژی سەربازی بخوێنن، لەوانە بەندە، کەمال پێداوای، صبحی دهۆکی، وەلید نەقشبەندی، خەسرۆ فەتاح، صلاح محەمەد شەریف سندی، ئیبراهیم پێداوای پێشتریش چوار کوردی تر وەرگیرابوون کە کاک فواد چەلبی یەکێکیان بوو. لە کۆلێژ من بەرپرسی ڕێکخستن بووم.

لە ١٩٧٢/١/٦ وەک ئەفسەر دەرچووین تەنیا (١٠) مووچەمان وەرگرت بە ناچاری پەیوەندیمان بە شۆڕش کرد، ئەوکات بەتالیۆن یەکی زۆزک بە بەرپرسی نەقیب حەسەن بارزانی دامەزرا و بەندە بەسەرلقی ١، ئیبراهیم پێداوای سەرلق٢، فواد چەلبی بەرپرسی هەواڵگری بەتالیۆن، ئیسماعیل سیتۆ وەک بەرپرسی دارایی و ئیداری، کاتێ هێزی کەرکووک دامەزرا هەیکەلەکەی بەمشێوەیە بوو:

- صالح پێداوای ئامر هێز
- عەزیز قازی جێگری ئامر هێز، هەڤاڵی بارزانی نەمر بوو.
- عەبدوڵا ئاغا ئامر بەتالیۆن دووز
- عەلی مستەفا بەتالیۆن ٢ گەرمیان
- عەبدولرەحمان پێداوای بەتالیۆن ٣ قەرەداغ
- سەیفوللا محەمەد ڕەشید وەک هێزی دەستوەشێن

بەمشێوە ماینەوە تا نسکۆهێنان لەوێوە بەرەو تەوێلە بەناوئێراندا کشاینەوە تا گەیشتینە مەهاباد ئێمەمانان، واتە ئەفسەرەکان چاوەڕوان بووین بۆ بەرخودان بڕیار بێت بپەڕینەوە کوردستان، بەردەوام سەردانی و پەیوەندیمان لە گەڵ کاک ئیدریس و کاک مسعود و کاک سامی بەردەوام بوو. هێدی هێدی بە پێی ئیمکان و پێویست زۆر بە نهێنی خەڵکی تاک و جووت دەناردرانەوە سنووری باکوور- باشوور. ئێمەیش لە مانگی تەمموزی ١٩٧٥ خۆمان لە بالیۆزخانەی هۆڵەندا بۆ پەنابەری تۆمار کرد، چونکە تەنیا لقی٦ وەک خۆی مابوو ئامانجەکەش لەوەدابوو کە خەڵکانی باوەڕپێکراو لەبری گەڕانەوەیان بۆ عیراق بچنە ئەوڕووپا، سووریا، تورکیا ئەوەبوو لە مانگی ١٩٧٥/١٢ نێومان دەرچوو لە ١٩٧٦/٢/٢ (٣٣) کەس بەرەو هۆڵەندا فڕین: من، ملازم کەمال، ملازم صبحی، نیهاد کەرکووکی، ئیسماعیل دەلۆ، دکتۆر ئیبراهیم دەلۆ، دکتۆر صباح مەریوانی، سیروان سەعید مهندس، دارەوان نامیق، ملازم خەسرۆ، حەسەن حەیدر فەیلی .. تاد

بەر لە ئێمە خەڵکی دیکە هەبوون بەزووترین کات ڕێکخستن توندو تۆڵکرایەوە و کاک سیامەند بەننا بووە بەرپرسمان، لە ئابی ١٩٧٦ بەشداری کۆنفرانسمان کرد و باس لە کەموکوڕی ڕابردوو کرا و قسە لەسەر چۆنییەتی دەست پێکردنی شۆڕشی گوڵان کرا و بڕیاردرا ناوەوە بە کادیر و فەرماندە و لێزان توندو تۆڵتر بکرێ، هەروەها بڕیاردرا هەرکەسێک لە هەڵبژاردن دەربچێ پێویستە بچێتەوە ناو شۆڕش، ئەوەبوو لە ئەنجامدا ئەو ناوانەی خوارەوە بە سەرکردایەتی کاتی دەرچوون:

- ئازاد خەفاف

- ملازم سەربەست، عەبدولرەحمان پێداوای

- وریا ساعاتی

- دلشاد میران

ئێمە واتە بەندە و کاک شوکری نێروەیی و نیهاد کەرکووکی لە ١٩٧٧/٢/٣ بەرەو سووریا هاتین و ماوەی دوو مانگ و(١٠) ڕۆژ لەلای کاک مسعود بارزانی ماینەوە، ئینجا لە گەڵ برادەرانی دیکە لە سەرەتای نیسانی ١٩٧٧ بەرەو کوردستان پەڕینەوە:

- عەبدولرەحمان پیداوای

- فواد چەلەبی

- ملازم عەلی

- ملازم محەمەد

- نیهاد کەرکووکی

- فازل جەلال

- شڤان عەلی ئامێدی

تا گەیشتنە بارەگای کاک جەوهەر نامیق لە گوندی (بێرمان)، چەند ڕۆژێک لەوێ پێکەوە دانیشتین باسمان لە بارودۆخی شۆڕش و ناوچەکە دەکرد تا دەهات خەڵکمان لە ئێران، وڵاتانی ئەوڕووپا، سووریا فەرمانده و پێشمەرگە بۆ نێو شۆڕش دەهاتن لەبەرهێنێ بڕیاردرا هەرێمی بادینان بکرێت بە دوو هەرێم

بەندە بۆ هەرێمی دوو دانرام کە بارەگای لە هەرکی وبێداو بێت، کاک فازل جەلالیش بۆ هەرێمی سۆران، پاش ماوەیەک کاک وریا ساعاتی بۆ هەرێمی سۆران دانرا، کاتێ بەرەو بارەگای نوێ ڕۆیشتم خۆرتترین مەفرەزە (وەیسی

بانی)م، لەگەڵ خۆم برد. سەردانی بارەگای حجی قادۆمان کرد، هەروەها بارەگای ئەحمەد شانە لە بێلمبیری بەداخەوە ئاگادارم کردنەوە کە بارەگاکانیان لە ڕووی سەربازییەوە پارێزراو نین، هەروەها سەردانی بارەگای حجی عومەر شەت یونسمان کرد.

لە ڕووی جوگرافیاوە (ئاڤاشین) سنووری نێوان هەردوو هەرێم بوو، هەرچەندە دۆسکی ژووری سەر بە هەرێمی یەک بوو، بەڵام لەڕووی جوگرافیا نزیکی ئێمە بوون، بۆیە کەوتە سنووری دەسەڵاتی هەرێمی دوو.

کاتێ گەیشتینە بارەگای خۆمان لیژنەی هەرێمی دوومان بەمشێوەیە دانا:

- عەبدولرەحمان پێداوای( ملازم سەربەست) بەرپرسی هەرێم
- ملازم فواد چەلەبی ئەندام هەرێم
- سەید حەسەن ئەندام هەرێم هەرچەندە لە جەولە بوو
- شڤان عەلی ئامێدی ئەندام هەرێم
- نیهاد کەرکووکی ئەندام هەرێم

لە بێداو دکتۆر صباح مەریوانی دەورەیەکی برینپێچی بۆ گەنجانی ئەوێ کردەوە، ئینجا بەندە و نیهاد کەرکووکی و شڤان عەلی ئامێدی چووینە جەولە، چونکە چەند کاغەزی مۆرکراوی کاک مسعود لە گەڵ قەڵەمی تایبەت بە نووسینی نەدیتراو (الحبر السری) لەلام بوو تاکوو نامە بۆ خەڵکانێک بنێرم لەوانە ڕێزداران: عزت سلێمان بەگ، محەمەد شێخ ڕەشید لۆلان، ڕەشید گەردی.

لە دەریاسۆر گەیشتینە سەید حەسەن هەموو زانیارەکانمان بۆی باسکرد، چونکە لە کۆبوونەوەکەدا نەبوو، بەڵام وادیاربوو دڵی ڕەنجا. بۆیە لەنێوماندا

نەما و ڕۆیشت! هەروەها کاک عەبدوڵا صالح کە سەر بە ئێمە نەبوو، بەڵام بۆ جەولەکە لە گەڵماندا مایەوە. هێندەی نەبرد نامەیەکی کاک فواد چەلەبی گەیشتە دەستم کە تێیدا نووسرابوو: مەفرەزەیەکم کرد و لە ئەنجامدا بریندار بووم، ئەوە لە گەڤەرِم دەچمەوە سووریا و ئەویش بە یەکجاری ڕۆیشت نەمدۆزیەوە تا شەڕی گەلی بازێ (هەکاری) بە دیلی کەوتە لای ئێمە!

شایانی باسە لەو جەولەیەماندا سێجار لە گەڵ دکتۆر خالید سەعید یەکترمان بینی: جارێکیان لە ناوچەی (بەرازگر) پێکەوە قسەو چاک و خۆیشیمان لەیەکتر کرد و جاری دووەم لە (زۆمێک) پێکەوە هەموومان خەوتین و پێکەوە قسەمان بۆ پێشمەرگە کرد و باسمان لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان کاک مسعود و مام جەلال کرد، لە جاری سێیەمدا لە گوندی (کەکلە - سێنی بەگ) چاوەڕوان بووین، بەڵام دیدارەکە لە دەرەوەی گوند لەسەر ڕووبارێک ئەنجامدرا، هەر لەو ماوەیە لە گوندی (دەریاسۆر) لەگەڵ نەوشێروان یەکترمان بینی، بەڵام زۆر بەداخەوە لە کاتی قسەکردندا هەوڵیدا بریندارمان بکات، بە نموونە دەیگووت: پارتی وەک سەیارەیەکی زۆر کۆنی لێهاتووە پێویستە فرێدرێ! منیش لەوەڵامدا گووتم: سەیری ئێمە بکە هەمووممان گەنجین دەربارەی گەورەکانیشمان تەنیا ئەوە دەڵێم: ئاگر لە قورمێ داردادمینە!

سەرکردایەتی چەند چەکێک وەک: ڕەشاش. ئارِ بی جی، چاپەمەنی نارد منیش بە عەبدوڵا صالح بۆ هەرێمی سۆرانم نارد. کاتێ دەگاتە بارەگای دکتۆر خالید باری وڵاخەکە دەست بەسەردا دەگرێ بە بیانوی ئەوە با پێکەوە تین لە سەرکردایەتی خۆمان بدەین بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە نامەیەکیشی بۆ من نارد! کاتێ ئاگاداری کاک جەوهەرم کردەوە پێکەوە بۆ لایان ڕۆیشتین لە ڕێگادا دوو پێشمەرگەی ئەوانمان بینی و چەکەکانمان لای خۆمان هێشتەوە. ئینجا نامەیەکی بە پەلەی عەلی عەسکەری گەیشتە دەستمان داوای دوو

چەکەکەی دەکردەوە، دوایی کاک سەعدی گچکە و عەلی تاهیر والی وەک وەفد هاتن بیّ ئەوەی کەلوپەلی ئێمە بێننەوە! ئێمەیش هێزمان کۆکردەوە بە تایبەت (سوپای سۆر) کە بە گرووپی محۆ گەودە دەگوترا، هێزمان بەرەو چیا نارد، بەڵام ئەوان هەموو بارەگاکانی خۆیان چۆل کردبوو!

لە ئەیلوولی ١٩٧٧ کاک سامی گەیشتەوە کوردستان. یەکەم کۆبوونەوەمان لە ١٩٧٧/١١/١٥ لە گوندی (بێداولیّ – قشووری) کرد کە ئەم بەڕێزانە ئامادە بوون:

کاک سامی، کاک جەوهەر، کاک ئازاد بەرواری، کاک کەریم سنجاری، عەبدولرەحمان پێداوای، کاک وریا ساعاتی، کاک ئازاد خەفاف، هەروەها ملازم یونس، ئەبو عەنتەر، دکتۆر صباح مەریوانی، دارەوان نامیق، لە لایەکی دیکەوە چەند فەرماندەی ناوداری شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش لە ئێرانەوە گەیشتبوون کە دەورێکی بالآیان لە بەهێزکردنی هەرێمدا هەبوو بەڕێزان: مەلا ئەمین بارزانی، یونس ڕۆژبەیانی،عەریف یاسین، مستەفا نێروەیی، ملحم دری، حەمید ئەفەندی.

ئەگەر هەلە نەبم لە مانگی ١٩٧٧/١٢ یان لە مانگی ١٩٧٨/١/ کاک شوکری نێروەیی بە ولآخ ئینجا بە پشت ڕادیۆی گەیاندە لای ئێمە هەرچەند کاک دارەوان و کاک سامی هەولّیاندا نەیانتوانی دایبمەزرێنن، بۆیە لە ڕێگای برایانی (کۆک) دوو ئەندازیار هاتن دایانمەزراند و کاک سیامەند بەننا کاری لە ڕادیۆ دەکرد. سەربردەی دابینکردنی مولیدە و بەنزین لە تورکیاوە بۆ نێو ئەو شاخ و داخە سەربردەیەکی سەرسوڕهێنەرە! کە ئەقڵی مرۆڤ مەندەهۆش دەبێت .

بۆ ئەوەی مافی هیچ برادەرێک بەفیرۆ نەچێت، چونکە بۆ مێژوو قسە دەکەین، لەبەر ئەوەی ڕێکخستنی ئێمە لە هۆڵەندا زۆر بزێو بوو دوای

گەیشــتنی ئــێمە بەڕێــزان دارەوان نــامیق. دکتــۆر صــباح مەریــوان گەیشــتنە کوردســتان لەدوای ئەوانـیش بەڕێـز سـیامەند بەننـا، ئینجـا ئەحـمەد حەسـەن عەونەت مەندەلاوی، خەلیل سنجاری گەیشتن، شـایانی باسـە دوای مـاوەیەک تەنیـا بەنـدە و شـوکری نێروەیـی و نیهـاد کەرکـووکی لە کوردسـتان مـاینەوە ئەوانی دیکە گەڕانەوە هۆڵەندا.

دوا پرسـیارم ئاراسـتەی سـەیدا پێداوای کـرد دەربـارەی ئەو نـامەیەی مـام جەلال بۆ برادەرانی کوردی تورکیا بەر لە هاتنیان بۆ گەلی بازێ (هەکاری) لە وەڵامـدا بـۆ مێـژوو گـووتی: شـتێکی ئاشـکرایە کە نەوشـێروان لە کتێبـی خۆیـدا باس لەوە دەکات کە بڕیاردراوە هێزێک بچێت بۆ ئەوەی کۆنە بارەگاکانیـان لە نــــاوچەی برادۆســــت بگــــرنەوە. ئەگەر چــــۆڵکرا ئەگەرنــــا بە توونــــدی لە ســـەرکردایەتی کــاتی بــدرێ، لەلای دیــکە مــام جەلال نــامەیەک بــۆ(د.د.ک.د) کۆمەڵەی فەرهەنگی دیموکراسی شۆڕشگێری دەنێرێ کە خـۆم خوێندومەتەوە بەمشـێوەیە بـوو (ئێمە نـاوچەی سـۆرانمان لە قیـادە مـوەقەتە پـاککردۆتەوە، لە بەهار هێزێک دەنێرین بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە لە موەقەتە! تکایە هاوکارمـان بن) خۆشبەختانە نامەکە دەگاتە دەست کـاک ئیـدریس بـارزانی، بەڕێزیشـی بە دەستی باوەڕپێکراوی خـۆی (ئۆسـمانی میکائیل مسـتەفا ئەرگووشـی) بـۆ کـاک سامی دەنێرێ.

# سمیناری برایەتی

# بەردەوامبوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش؟

## ئامادەکردنی: ئەسعەد عەدۆ

## میوانی ئەمڕۆ: کەریم سنجاری

هەروەکوو ڕوون و ئاشکرایە کورد بە گشتی و شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان تا ئێستا نەیتوانیووە مێژووی سیاسی خۆی لە دووتوێی کتێبێکدا بنووسێتەوە بە تایبەتی ئەو ماوە ناسک و دژوارەی نێوان پیلان و جاڕدانی سەر لە نوێی شۆڕش.

بۆ نەوەی دوای پیلان تا ڕادەیەک لێل و ئاڵۆزە بە مەبەستی شارەزایی بوونمان لەو لاپەڕە پڕشنگدارەی خەباتی پێشمەرگە نەبەز و قارەمانەکانمان و دەوری شەهیدانی دروشمی (کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتمانە) دەمی پرسیارمان بەمشێوەیە لە هەڤاڵ کەریم شنگالی دەکەین:

برایەتی: بە مەزندەی بەڕێزتان شۆڕشی گولان بەردەوامبوونی نەپچڕاوەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنە یان سەرهەڵدانی شۆڕشێکی دیکەیە؟ بە مانایەکی تر خودی هەڤاڵ شنگاری وەک کادیرێکی پێشکەوتووی پارتی لەو ماوەیەدا ٣/٦/ ١٩٧٥ تا ١٩٧٦/٥/٢٦ هەستی بە پچڕان کردوە؟

وەڵام: بە بیروباوەڕی من شۆڕشی گولان بەردەوامبوونە بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، بەشبەحاڵی خۆم هەستم بە پچڕان نەکردوە، چونکە دوا بەدوای پیلانی جەزایر میللەتەکەمان بە زۆری پەڕینەوە دیوی ڕۆژهەلات، هەر لە یەکەمین ڕۆژی پەڕینەوەماندا خودی خۆم لە ناخەوە هەستم بەوە دەکرد کە ئێمە پێویستە چەند زووە هەوڵبدەین بۆ ڕێکخستنەوەی خۆمان، چونکە حەتمیەتێکی مێژووییە کە دەبووایە میللەتەکەمان بە هەرجۆرە خۆبەختکردنێک بێت بگاتە ئەمڕۆژە، بۆیە لە هەفتەی دووەمەوە دووقۆڵی یان سێ قۆڵی

دیدەنی هێژا مسعود بارزانیمان کرد، بەڕێزیشی هەردەم هانی ئەوەی دەداین سەرەڕای ئەو بارودۆخە دژوارەی تێیدا بووین ئێمەمانان لە ڕێکخستنەوەی خۆمان گورجوگۆڵ بووین بۆ ئەم مەبەستە بە فیڵی سەردانی سەر کانییە ئاوێکی نزیک شارۆچکەی (نەغەدە)، بە ئامادەبوونی کاک مسعود ئەم هەڤاڵانە جەوهەر نامق، عارف تەیفوور، ئازاد بەرواری، حەمە ڕەزئەو منیش دەتوانم بڵێم یەکەم کۆبوونەوەی دوای پیلان بوو (شایانی باسە لەمکاتەدا داورودەستەی شای ئێران بە وردی چاودێری کاک مسعود و کاک ئیدریسی جوانە مەرگیان دەکرد، بۆیە ئەم کارانەمان زۆر زۆر بە نهێنی ئەنجام دەدا).

دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە هەر برادەرێک لەو ناوانەی سەرەوە بەرەو ئۆردوگایەک یان شارێکی ئێران چوون کە ئەو خەڵکەی ئێمەی تێدا پەراگەندە ببوون، توانیمان هەر یەکە لە ڕاستەخۆی نەواتی شانەی نهێنی دروست بکەینەوە.

برایەتی: باشە ئەو نهێنی و هاتوچۆکردنەی لێرە و لەوێ ڕێکخستنەوەیەکی زێدە نهێنی بەچی گەیشت؟

وەڵام: هەندێک کادیرمان وەکوو شەهیدی نەمر عەبدولرەحمان صالح و محەمەد خالید بۆصلی هەر زوو ناردرانەوە کوردستانی سووریا، وەجبەی یەکەمیش لە مانگی ئایاری ١٩٧٥ چوونە کوردستانی عێراق، دووەمجاریش کادیرمان لە مانگی تەمووزی ١٩٧٥ ناردنەوە. لە ڕۆژی ١٩٧٥/١٢/١٠ یەکەم پەیام لەژێر ناونیشانی (**كوردستان الساحه الحقيقيه للنضال**) وەک حیزب دەربکەین و بە نێو خەڵکدا بڵاوی بکەینەوە، لەدوا کۆبوونەوەماندا لەسەر خاکی کوردستانی ئێران بەمجۆرە بڕیاردرا کە کاک جەوهەر نامق و من بۆ هەرێمی بادینان لە کوردستانی عیراق بگەڕێینەوە و لە گەڵ کادیرانی پێش خۆمان تەنسیق بکەین و دەست بە دروستکردنی ڕێکخستنی حیزبی لە نێو

خەڵکدا بکەین، ئەو پەیامەیش بکەینە دیاری بەرپەرچدانەوەی پیلانی نێودەوڵەتی هەروەها هەڤاڵان عارف تەیفور و حمە ڕەزا بۆ هەرێمی سۆران دەست نیشانکران، بەڵام بەداخەوە بۆ ڕۆژی ئایندە لە لایەن (ساواک) دەستگیرکران!

ئەوەبوو ئێمەیش لە گوندی (عەمبێ)وە کە دەکەوێتە سنووری کوردستانی ئێران و تورکیا هەر بە جلوبەرگی سەر پێستەمان لە پایزی ١٩٧٥ بەرەو کوردستانی تورکیا بەڕێکەوتین، بە هەزار دەردەسەری و ئێشوئازاری سەختی زستانی ئەو شاخ و داخە دوای چەندان ڕۆژ گەیشتینە سنووری کوردستانی عیراق و تورکیا، لە نێو گوندەکانی کوردی تورکیا بە نان و بەرگی ئەوان توانیمان هەڤاڵانی پێش خۆمان بدۆزینەوە و بکەوینە جموجۆڵ، کاتێ ئەو پەیامە گەیشتە نێو خەڵکی بە شەرەفی کوردستان لەو تەسەورەدا نەبووین کە هێندە خەڵک تامەزرۆیی بەرەو بانگەوازەکەمان دێن، چونکە بە ڕاستی زەمەنێکی ناخۆش و دژوارو ترسناک بوو.

برایەتی: ئایا توانیتان شوێنێک بۆ خۆتان بدۆزنەوە؟

وەڵام: ماوەیەکی باش لەسەر تخووبی سنووری نێوان عیراق و تورکیا بە کوڵە مەرگی حیزبایەتیمان کرد، توانیمان لە شوێنێک بە ناوی (کۆماتە) بارەگایەکی بچکۆلانە دروست بکەین و خەڵکمان لە دەور کۆبێتەوە و مەفارزی پارتیزانی سێ سێ لە دوایدا حەوت حەوت دروست بکەین، خەڵکانێکی زۆر کە ناویان لە مێژووی میللەتەکەماندا بە ئاوی زێڕ دەنووسرێتەوە هاتنە ڕیز و بە هەموو مانایەک لە ژێر ئەوبارە سەختەدا کوردایەتیان دەکرد. گەلێکیان شەهیدبوون و گەلێکیشیان تا ئێستا هەڵۆی ئەو کوردستانەن.

لە یادمە لە سووریاوە شەهیدی نەمر مەحمود ئێزدی و هەڤاڵ عادل مزووری دوو کادیری چاپووک گەیشتنە لامان و دژ بە دڕندایەتی هەڵسوکەوتی ڕژێم ڕێکخستنی شێخان و ئاکرێیان خستە ئەستۆ بەرەو (بەری گارە) شۆڕبوونەوە، لە هەر جەولەیەکیاندا چەکێکیان دەستگیر دەکرد! ئا بەمجۆرە نەبوونی دەرامەت و بێ شوێن وجێگا و بێ ئامیر و سەیارە ئەو قارەمانانە توانیان خۆیان بکەنە خاوەن چەک لەهەردوو لایەوە فیکری و چەک. نابێ ئەوەیش لەیاد بکرێ کە خەڵکی کوردستانی عیراق و تورکیا ئێمەیان دەژیاند.

برایەتی: باشە هەڤاڵ شنگاری هۆیەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن چی بوو؟

وەڵام: ئیشوکاری سەرەکی ئێمە زیاتر ڕێکخستن بوو، بۆیە پێویستیمان بە ڕاگەیاندن هەبوو، هەر لە سەرەتاوە یەک ڕۆنیۆو یەک تایپەرمان جێبەجێکرد و ئیشوکاری ڕێکخستنمان ئەنجام دەدا.

دەربارەی فاکس و تلکس و لاسلکی ئێمە، پێشمەرگەی چاونەترس (سلۆ ڕووتۆ) بوو! کە شاخ و دۆڵەکانی سووریا و تورکیا و عیراق و ئێران شاهێدی بۆ دەدەن و ڕێگای شەش سەعاتی بە سێ سەعات دەبڕی! تەتەر سلۆ ڕووتۆ ناوی بەخۆیەوەی بوو، سەرەڕای ئەمەیش ڕێکخستنمان پووختە بوو بە بەردەوامی هەواڵ و باسوخواسی ناوچە و دەوروبەرمان دەگەیشتێ و پارتیزانیمان بە حوکمی ڕێکخستنەوە بەند بوو.

برایەتی: لە قسەکانی بەڕێزتانەوە دەردەکەوێ کە توانیتان ڕێکخستن لە نێو گوند وشارو شارۆچکەکان دابمەزرێننەوە، واتە شوێن قاچتان لەسەر خاکی کوردستان جێگیر بوو، لەمەودوا؟

وەڵام: کاتێ مەفرەزە پارتیزانەکانمان توانیان دەوری خۆیان لە ڕێکخستنەوەی حیزبایەتی نێو خەڵکدا ببینن و دەوری خۆیان لە تەئدیبی خۆفرۆشان لێرە و

لەوێ ببینن. ئەو بارودۆخە گەیشتە ڕادەیەک هەڵسوکەوتی ڕژێمیش بەرامبەر بە میللەتەکەمان زیاتر تەشەنەی دەکرد، بڕیاردرا ١٩٧٦/٥/٢٦ هەر یەکە لە شوێنی خۆی هەدەفێک دەستنیشان بکات بە ڕەسمی ئیعلانی شەڕکردنەوەی چەکداری بکرێ، ئەوە بوو ئێمە لە ناوچەی (گولی) لە گوندی (نزۆر) ڕەبیەکمان خستە بەر لێشاوی دەستوبازووی پێشمەرگەکان و بە ماوەیەکی کەم ئاساری ڕەبیەکە نەما! شایانی باسە ئەو شەڕەو شەڕی (شێخ وەسانان) لە هەرێمی سۆران لە نێو هەموو ڕاگەیاندنی دونیادا دەنگیدایەوە.

برایەتی: ئایا خۆت بە بەردەوامی لە شاخ مایتەوە؟

وەڵام: بەڵێ هەر لە ڕۆژی کەوتنە شاخمان تا ساڵی ١٩٧٧ بێ پچڕان لە نێو شاخ وکێوان بووین، بەڵام لەبەر ئەو زرووفە نا هەموارە تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بووم. بۆ ماوەی دوو مانگ بە نهێنی سێ چوار وڵاتمان بڕی بۆ موعالەجەکردن، ئینجا گەڕامەوە بۆ هەمان شوێن تا ساڵی ١٩٧٩ لە نێوان سووریا و کوردستان و سنووری ئێران بووین. لە کاتی موعالەجەکردنی نەخۆشیم بۆ دواجار بە دیداری سەرکردەی هەمیشەیی نەتەوەکەمان بارزانی نەمر شاد بووم و زۆر هانی ئێمەیدا. بۆ یەکەمجاریش لە ١٩٧٧ لە سووریا چاوم بە کاک مسعود کەوتەوە.

برایەتی: لە دوای ١٩٧٦/٥/٢٦ دەوری عەسکەریتان چۆن بوو؟

وەڵام: مەفرەزەکانمان هێدی هێدی ژمارەی پێشمەرگەکانی گەیشتە یازدە کەسی و لە شەڕە پارتیزانەکاندا توانیان بەسەرکەوتوانە ئەنجام بدەن، بە دەگمەن زیانمان دەدا چونکە پێشمەرگەکان پسپۆڕانە دەجەنگان، سەرەڕای ئەوەیش لەسەردانەکەی هێژا مسعود بارزانی لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ سووریا چاوی بە ئەفسەرەکانی خۆمان کەوت و لە ئەنجامدا یەکەم وەجبەیان کە

بریتـی بـوون لە زەعـیم عەلـی و مـلازم مـحەمەد لە ئێـرانەوە کـاک یـونس ڕۆژبەیانیش گەیشتن.

دوابەدوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئێـران بـارودۆخی نـاوچەکە و ئـێمە گـۆڕا هێندەی پێ نەچوو بـارزانی نەمریش ماڵئـاوایی لێمـانکرد، بڕیـاردرا هەمووممان بەرەو گوندی (شـاوانە)ی، ئێران بچین. یەکەم کۆبوونەوەمـان بە ئامـادەبوونی هێژا مسعود بارزانی کرد و ڕاپۆرتی جموجۆڵی ئەو مـاوەیە و گیروگرفتەکـانی خرانەڕوو، بۆیە بڕیاردرا کۆنگرەی نۆیەمی حیزب ببەسترێ.

برایەتی: دوا وتەت لەم چاوپێکەوتنەدا؟

وەڵام: هەر هێنـدە دەڵـێم: لەو مـاوەیەدا ئـێمە فێـری هێمنـی و لەسـەرخۆبووین، فێری ئەوەی کردین کە پشت بەستن بە میللەت هەموو شـتێکە بۆ سـەرکەوتن، ئەو فەتـــرە دژوارە چەســـپاندی کە جیـــاوازی لە نێـــوان کـــوردی هەرچـــوار پارچەکانی کوردستاندا نییە، لە گەڵ ئەو هەمـوو تـرس و زوڵـم و زۆرداریـیەی ڕژێم، خەڵکی بەشەرەفی کوردستان ئێمەی حەشار دەدا و بەخێویان دەکردین، بەخوا میللەتێکی نەفس بەرزن.

## میوانی ئەمڕۆ: فرەنسۆ هەریری

فرەنسۆ هەریری وەک کادیرێکی سەرکردایەتی و ڕۆشنەبیرێکی میللەتەکەمان شوێن پەنجەی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان دیارە و دەورێکی چالاکانەی بینیووە، هەر لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی ڕۆژنامەکەمان وەک نوسەرێک بە بەردەوامی لاپەڕەکانی برایەتی بە نووسینەکانی ڕازاندۆتەوە، لەم سیمینارەماندا بۆتە میوان بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر ئەو لاپەڕە حەشاردراوانەی نێوان پیلان و دەستکردنەوە بەخەباتی چەکداری.

پرسیارەکانمان لە میحورەێکی دیاریکراودا سەر هەڵدەدا کە ماوەی نێوان ئەو بڕیار و گفتوگۆیانەیە لە دوای ڕاگەیاندنی پیلانی جەزائیر و چۆنییەتی دروستبوونەوەی یەکەم بنکەی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخەکانی کوردستان.

برایەتی: ڕاستە هێندێک بیرەوەری تاڵ و سوێرن، بەڵام دڵنیاین زەردەخەنەی سەر لێوی نەوەی پاشەڕۆژی تێدا بەدی دەکرێت، خۆت سەر پشکی لە دەستپێکردنی بیرەوەریەکانت.

وەڵام: ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی خیانەتکارانەی جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/٦، ئەوکات بارزانی نەمر لە تاران بوو، ڕاگەیاندنی ئەو پیلانە بۆ هەموو لایەکمان

سەدمەیەکی چاوەڕوان نەکراوی بەهێز بوو، هەر وەختە بلێم سەری لە هەموو کەسێک شێواند، دەزگاکانی شۆڕش بەردەوام لە کۆبوونەوە بوون، بەڵام هیچ دەزگاییێک توانای بڕیاردانە نەبوو (مەبەستم ئەوەنییە دەسەڵاتیان نەبوو)، بەڵکو بە هەر هەموویان چاوەڕوانی گەڕانەوەی بارزانی نەمریان دەکرد بۆ کوردستان، لە گەڵ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر بە ئومێدی ئەوە نەبوون بگەڕێتەوە، هەموو لایەک لەو بڕوایەدا بوون شا ترسنۆکەکەی ئێران دەستبەسەری کردووە، بارزانی نەمر گەڕایەوە. کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەند بە ئامادەبوونی بارزانی بەسترا و بڕیاری بەرخودان درا و دەست بەوە کرا کە کوردستان بکرێتە چەند ناوچەیەک و بۆ هەر ناوچەیەک لێپرسراوێکی گشتی دیاربکرێت و پێشمەرگە دەستی بە گواستنەوەی ئازوقە و تفاقی پێشمەرگایەتی بۆ شوێنە حەستەم و عاسیەکانی کوردستان کرد، هەروەها بڕیاردرا کە کەرەسەی ئێزگە لە چەند شوێنێک بشاردرێنەوە بۆ کاتی پێویست بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو ئێستگەی کار دەکات بیپێکن، ئەوی دیکەیان بکەوێتە کار.

ئەم بارە زۆر درێژەی نەکێشا و بڕیارەکەی بەرخودان هەڵوەشایەوە چەند فەرماندەی بەتالیۆن و لق و هێز و سەرپەلێک لە حاجی ئۆمەران چاوەڕوانی بارزانی بوون بەرلەوەی کۆبوونەوەکەوە دەست پێبکات بارزانی نەمر بانگی کردم و فەرموی خۆت دەزانی کە تەمەنم لە حەفتا ساڵ زیاترە و تەمەنی من بۆ شەڕی پارتیزانی ناگونجێ، چونکە ئەمجۆرە شەڕە پێویستی بە مرۆڤی لەشساغ هەیە ئەگەر کەسێکیش هەبێ ئەم کارە بخاتە ئەستۆی، من هەموو ئێمکانییەت و توانای خۆم دەخەمە ژێر دەسەڵاتی ئەو، بەڵام تا ئێستا هەستم نەکردوە کەسێ هەبێ ئەو بڕیارە بدات و هەموویان دەڵێن ئەگەر جەنابت بڕیار بدەیت لە خزمەتت دەبین و دەشزانم شەڕی پارتیزانی پێویستی بەوە

ناکات زۆر خەڵکم لە دەوروبەر بن، چونکە دەبێت هەر خەریکی خۆشاردنەوە بین.

بۆیە من گەیشتمە ئەو باوەڕە کە بۆ ماوەیەکی کاتیی پاشەکشە بکەین و دڵنیاشم ئەو (شهرالعسل)ەی، سەدام و شای ئیران زۆر دەوام ناکات، ئەگەر ئەو کوڕە ئازا و دڵسۆزانە ماوەیەک دان بەخۆدا بگرن شەش مانگ تا ساڵێک بارودۆخەکە بە چاکی بۆ ئێمە لەنگەر دەگرێ، ئەوکات دەتوانین باشتر بێینە کۆڕی خەباتی چەکداری، فەرمووی ئێمە بڕیاری پاشەکشە دەدەین ئەوە ناگەیەنێ کە ئومێد بڕبووین، بەلکو نامەوێ میللەتی خۆم وەکوو میللەتی (بیافرا)ی، لێبێت ئەگەر کەسانێک هەبن پڕوپاگەندە دژم بکەن عەفوویان فەرموویە و ئەو پڕوپاگەندانەش تەحەمول دەکەم.

بەرلەوەی بەجێی بێڵم فەرمووی هەر لە سەرەتاوە قسە لە گەڵ کەسانی ئازا و بە کەڵک بکە کە لە نزیکی ئێمە بمێنەوە، چونکە ماوەیەکی دیکە کارمان پێیان دەبێت. ئەوە بوو کە هاتمە دەرەوە ڕووبەڕووی کاک عزەتی سلێمان بەگ دەرگەڵەیی بووم و ئامۆژگاریەکانی بارزانیم پێگۆت، کاک عزەت دەستیکرد بە گریان و گووتی: قسەی بارزانی بە سەر سەرم، بەڵام من ئێران و شای ئێران دەناسم موستەحیلە پەنا بۆ ئێران ببەم و یەکسەر چووە ژوورێک کە دکتۆر مەحمود و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دانیشتبوون گوتی: ڕاستە بارزانی پیرە و توانای شەڕی پاتیزانی نییە دەفەرموون ئێوە لە گەڵماندا بمێنن. ئێمە خزمەتتان دەکەین، بەڵام بێسود بوو، هەروەها لەگەڵ کاک حەمید فەندی برادەری دێرینم و شەهید سەلیم و محەمەد مەعروف قسەم کرد لەو بارەوە.

کاک حەمید ئەفەندی ماڵ و منداڵی و خزمەکانی هەمووی لە سەیدەکان بوون، ڕێککەوتین لەگەڵیدا بچیت بۆ لای سەیدەکان و ماڵ و منداڵ و خزم و کەسوکاری ئامادە بکات و لە ڕێگای کێلەشینەوە دەربازبێت بۆ لای ئێمە لە

گەڵ حەمید ئەفەندی ڕێککەوتین کە تا دەتوانێ پەلە نەکات لە هاتنەوە بۆ لامان، منیش هێندێک چەکم هەبوو کردم بە دوو بەش هەندێکم لە گەڵ حەمید ئەفەندی بۆ ناوچەی سەیدەکان نارد تا لە وێ  بۆ کاتی پێویست حەشار بدرێن، نزیکەی دە دەمانچە و چەند کلاشینکۆفێک تەسلیم بە شێخ عبێداللە کوڕی خوالێخۆش بوو شێخ عەلاالدین خەلانی کرد کە بۆم بشارێتەوە، چونکە چاکەم لە سەری هەبوو، ئەویش پیاوانە چەکەکانی فرۆشتم ئێستاش لە گەڵدا بێت مامەڵە بە پارەکە دەکا.

برایەتی: کاتێ ئەو حەشاماتە ئاودیوی سنوور بوو چیتان کرد؟

وەڵام: ئێمە هەرگەیشتینە ئەودیو خەریکی خۆئامادەکردن بووین، بڕوامان بە ڕژێمی شا نەبوو هیچ کاتێک لە خۆمان ئەمین نەبووین، بۆیە لە کۆتایی مانگی ١٩٧٥/٤ دا کاک مسعود بارزانی بانگی کردم و فەرمووی: نامەیەک بۆ حەمید ئەفەندی بنێرە بزانە ئەگەر لێمان قەوما و ڕامانکرد دەتوانین لە ناوچەی خواکوڕک ولۆلان خۆمان حەشار بدەین تا دەست بە شەڕی چەکداری دەکرێ؟ دوای چەند ڕۆژێک حەمید ئەفەندی بە نامە ئاگاداری کردم کە نەک هەر تۆ و کاک ئیدریس و کاک مسعود، بەڵکو هێزێکی بچووکیش حەشار دەدەرێت.

حەمید ئەفەندی بۆ ئەوەی ڕژێمی بەعس وازی لێ بهێنێ ئیشوکاری ماڵی خۆی و خزمەکانی بە باشی ئامادە بکات بۆ هاتن بۆ ئێران خەبەری ڕژێمیدا، کە فەرنسۆ هەریری پەیوەندی پێ کردووم و ئەوەیش لە ڕێگای من لە کێلەشینەوە دەگەڕێتەوە، هەرجارێک حەمید ئەفەندی بانگ کرابووایە بۆ لای ئەمن و ئیستخبارات لە دیانە و ڕەواندوز یەکێک لە خزمەکانی خۆی فێر دەکرد کە بە دوام وەرن و بڵێن قاسدی فەرنسۆ هاتوە داوات دەکات! بەمشێوەیە حەمید ئەفەندی خۆی خەلاس دەکرد تا وای لێهات نەیتوانی زیاتر

بمێنێ ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/٣٠ کە ڕۆژی عەفوو عامەکەی هەردوو ڕژێم بوو لە ڕێگەی کێلەشینەوە بەخۆی و خزم کەسوکارەکانی و مەڕو ماڵاتیان گەیشتنە سنور، لە وێ لە گەڵ شەهید مەلا ئەمین پێشوازیمان لێکرد.

دیارە حەمید ئەفەندی ئەوەندەی بە ئەمن و ئیستخبارات گوتبوو فرەنسۆ دەگەڕێتەوە حکوومەت لە ڕێگەی شێخ عبێداللە خەلانی، واتە بە دەستخەتی شێخ عبێداللە نامەیەکی بۆ ناردم دەڵێت حکوومەت دەڵێت ئەگەر بگەڕێتەوە هەرچی دەوێ بۆی دەکەین، نامەکەم دا بە کاک مەسعود. فەرمووی درۆ دەکەن، بەڵام تۆ وەڵامی بدەرەوە بڵێ با حکوومەت مەرسومێکی جمهوریم بۆ دەربکات نامەکەم ناردوو تا ئێستاش وەڵامی نەبوو.

شایانی باسە دوای دووسێ ڕۆژ کاک مسعود بە پێکەنینەوە فەرمووی: نامەکەی تۆیان بۆ من هێناو پێم نەگۆتن ئاگادارم تەنیا گوتم بینێرن و قەیدی ناکات.

برایەتی: هەڤاڵ کەریم شەنگالی لە چاو پێکەوتنەکەیدا دەڵێ: لە هەفتەی دووەمی پەڕینەوەماندا دەستمان بە ڕێکخستن کردەوە جەنابت چی دەلێی؟

وەڵام: بەڵێ ڕاستبوو بە فێل و دابەشکردنی یارمەتی لە سەر ئاوارەکان ئەو برادەرانەی نێویان هاتووە سەردانی ئۆردوگاکانیان دەکرد و زوو جموجۆڵیان دەست پێکرد و خەڵکیان ڕێکخست تەنانەت چەند کەسانێک لە وانەی داوایان لێکرابوو خەڵک ڕێکخەن هاتنە لام و ڕایان وەرگرتم و منیش لە لایەک هانم دەدان و لە لایەکی دیکەوە بە کاک مسعودم گوت، دیاربوو کاک مسعود داوای لە هەندێک کەس کردبوو کە زیاتر گرینگی بە نهێنی ڕێکخستن بدەن.

برایەتی: باشە دەربارەی یەکەم مەفرەزە و بارەگای پێشمەرگەی دوای پیلانەکە کێ بوو؟

وەڵام: لە ڕۆژانی پایزێکی درەنگی ساڵی ١٩٧٥ بارزانی نەمر فەرمووی: ئەگەر دەتوانیت بە ناوی منەوە خەبەرێک بدە سەید عەبدوڵا و عەلیکۆ، ئەگەر بۆیان دەکرێ چەند کەسێک ئامادە بکەن و لە سەرەتای بەهار کە وای لێهات بتوانن لە دەرەوە ئیدارە بکەن بێنە دەرەوەی لە دەوروبەری قەندیل خۆیان حەشار بدەن بۆ ئەوەی دەنگی بەرگریکردن بڵاوببێتەوە شتێکی زۆر چاک دەبێ، منیش یەکسەر بە شوێن (مینە کوپە)م، نارد کە ئەو لە پیرانشار (خانە) بوو بە دوورو درێژی قسەکانی بارزانیم بۆ سەید عەبدوڵا نارد و داوام لێکرد کە ئەگەر بەم کارە هەستێ  هەرچی پێویست بوو بۆیان دابین دەکەین، دوای ماوەیەک (مینە کوپە) هاتەوە و گوتی سەید عەبدوڵا گوتی فەرمانی بارزانی لەسەر سەرمان و دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەوجۆرە تەکلیفە بووین، ئەوە بوو لە گەڵ بەفر توانەوە و خۆشبوونی هەوا دەنگی هەق لە چیای قەندیل زرنگایەوە، یەکسەر هەواڵی دەرچوونیان بۆ من نارد. منیش بێ وەستان مەبلەغێک پارەم لە پارەی خۆم بۆ ناردن کە بۆ ئەو سەردەمە مەبلەغێکی زۆر بوو بۆ سێ مانگ دەکرا ئیدارەی پێ بکەن و لە سەرەتای مانگی ١٩٧٦/٦ (مینە کوپە) بە وەکالەتی ئەو مەفرەزەیەی کە لە حاجی ئۆمەران دەرچووبوون هات بۆ کەرەج و بردم بۆ لای کاک مسعود بارزانی و کاک مسعود پارە و ئامۆژگاری پێویستی بۆ ناردن، ئەوە بوو کاک مسعود لە گەڵ بارزانی نەمر لە ١٩٧٦/٦/١٩ ئێرانی بەرەو وڵاتە یەکگرتوەکانی بەجێ هێشت.

ئیتر لەمەودوا بە ڕێگای تەتەری تایبەتی نامەیان بۆ ئیدرسی هەمیشە زیندوو دەنارد و ئەوجوانەمەرگەش جوامێرانە سەرپەرشتی ئەو مەفرەزە و گشت مەفرەزەکانی دیکەی کە دوای ئەوان هاتنە کۆڕی خەباتی چەکداری کرد، شایانی باسە کاک (حاجی سلێمان نەبی) کە ئەوسا قوتابی بوو لە خانە و برازای (سەید عەبدوڵا) و (ئەحمەد نەبی) و (عەلیکۆ) بوو دەوری جوامێرانەی هەبوو لە تەتەری و هاتووچووندا، هەروەها کاک (حسێن فەتاح) کە کۆنە

پێشمەرگەی عەلیکۆ و سەید عەبدوڵا بوو ماڵی لە خانە بوو، ئەویش کەمتەرخەمی نەکرد لەوبارەیەوە، داخەکەم یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان (سەید عەبدوڵا) بوو کە لە ١٩٧٦/٥/٢٥ شەهید بوو، زۆریشی پێنەچوو کە کاک جوهەر ئاغای غەفورخانی لیوژە هەڵوێستی وەرگرت و بوو بە پێشمەرگە، ئەویش بارەگای خۆی بردە قەندیل و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئێمە کرد و تەنانەت سەفەرێکی لای ئێمەی کرد و من لە نزیکەوە لە گەڵی دانیشتم.

ڕۆژ بە ڕۆژ پێشمەرگە زیاد دەبوون، ئەوە بوو لە سەرەتای مانگی ١٩٧٦/٨ شەهید عومەر دەبابە، دکتۆر خالید، عەلی عەسکەری، سەعدی گچکە، میلازم تایەر عەلی والی و بەرێزان قادر عەزیز و سەید کاکە گەیشتنە مەقەڕی ئەو برادەرانەی کە لە قەندیل بوون، لە کۆتایی مانگی ١٩٧٦/٨ کاک حاجی سلێمان نەبی هاتە کەرەج و دوو نامەی پێبوو، یەکەمیان بە ناوی خوالێخۆش بوو (ئەحمەد نەبی) بۆ ئیدریس نووسرابوو، بەڵام بە دەسخەتی شەهید عومەر دەبابە نووسرابوو، باسی ئەوەی کرد بوو کە خەریکە شۆڕش بە هێز دەبێ و داوای یارمەتی و پشتگیری کردبوو، نامەی دووەم بۆ خۆم بوو شەهید سەعدی گچکە نووسیبووی تیایدا دەڵێ: ئێمە هەرکوڕی جارانین ئێستاش بەو هیوا و هەوایە دەژین کە لە لای ئێوەوە دێت و ئەوە ڕای خۆم بە تەنیا نییە، بەڵکو ڕای زۆربەی برادەرانە و دەڵێ ئەو نامەیەم بە ناوی خۆم و سەید کاکەوە نووسیووە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئیشێک هاتە پێش سەید کاکە بەرەو (دۆڵە ڕەقە) ڕۆیشت، بۆیە ئەو ئیمزای نەکرد، من نامەکەی شەهید سەعدی گچکەم دوای ماوەیەک لە گەڵ خوالێخۆشبوو (محەمەد ئەمین بەگ) بۆ کاک مسعود لە گەڵ ڕاپۆرتێکی خۆم نارد بۆ لەندەن چونکە کاک مسعود ئەوکات سەفەری لەندەنی کردبوو خەریک بوو ڕێککەوتننامەیەکی مەیدانی لە گەڵ مام جەلال تاڵەبانی مۆر بکەن و نامەی کاک سەعدی لە وانەیە لە ئەرشیفی پارتی لە لەندن مابێ.

برایەتی: باشە کاک فەڕنسۆ ئەوە زانیمان هەندێک پەیوەندی لە ڕێگای ئێوەوە بووە، ئەی مەفرەزەکانی دیکە؟

وەلآم: کاکە گیان بلیمەت و زۆرزانی و قابلیەتی ئیدریسی هەرماو لە ڕادەبەدەر بوو، تایبەتی و نهێنی خۆی بۆ هەر کەسێک و هەر ڕێکخراو و کۆمەڵێک هەبوو بۆ نموونە نهێنی نێوان ئەو و سەرکردایەتی کاتیی مۆرێک بوو هەر کەسێک بە نێوی (حەمەدون) مۆری بکردایە دەیخوارد، کاک ئیدریس لە کارکردندا ڕاوەستانی نەبوو لە بەمۆ تا کلکەی زاخۆ لە بەر چاوی کۆنترۆڵ کرابوو بە خۆیشی لە ماڵەوە و لە هەموو شوێنێک بوو بێتام لە لایەن ساواکەوە چاودێری دەکرا، بەلآم لەوە زیرەکتر و پسپۆڕ و شارەزاتر بوو بکەوێتە دەستی ساواک.

برایەتی: دوا قسەت لەم یادە پیرۆزە یادی ٢٦ گولآن؟

وەلآم: بیرەوەری تاڵ و سوێری ئەو چەند ساڵەی ئاوارەیی و دەربەدەری هێندە زۆرە دوایی نایێ، هەر بەم بۆنەیەوە بە کورتی دەڵێم کاک ڕەمزی مەعروف لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ دا، بە نوێنەرایەتی دەستەیەکی پارتیزان لە کوردستانی عێراقەوە بە دزی هاتە لام و شەو میوانم بوو، مەلا شێخ مەحەمەد و عەلیکۆ و عەلی کوردە و جەوهەر ئاغا لێوژە و و عادل (فازیل جەلال) و نەسرەدین موستەفا و قادر فەرەج و ئازاد خەفاف و زۆر کەسانی دیکە بە شێوەیەکی نهێنی دەهاتنە ئێران و هەر هەموویان من دەچووم دیدارم لە گەڵ دەکردن، تحسین شاوەیس، قادر فەرەج، نادر هەورامی، مەجید هەیبە، ملازم حەسەن خۆشناو، حەمید ئەفەندی، یونس ڕۆژ بەیانی، شەهید مەلائەمین، عەریف یاسین، موستەفا نێروەیی، عەریف ئەحمەد زۆر کەسی دیکە لە لایەن ئیدریس بارزانییەوە بە ئاگادری خۆم بەڕێکران بۆ پارتیزانی و خۆم سەرپەرشتی خێزانی زۆربەی هەرە زۆرەکانی ئەو پێشمەرگانەم دەکرد

تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەی پارتیزانەکان بۆ نێو ماڵ و منداڵی خۆیان.

## میوانی ئەمرۆ: عەلیکۆ

کاتێ باسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکرێ (حاجی ئۆمەران)ی، سەفراز لە نێوان لاپەڕەکانی مێژوودا سەرهەڵدەدا، ئەگەر باسی بەردەوامبوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکرێت حاجی ئۆمەران و خەڵکە بەوەفاکەی لە نێو لاپەڕەی مێژووی شۆڕشی گولانی پێشکەوتووخواز سەربەرزانە خۆی نیشان دەدات. لەیادی ساڵڕۆژی شۆڕشی گولانی درێژە پێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول (برایەتی) میوانداری یەکەم پێشمەرگە و یەکەم مەفرەزەی هەرێمی سۆران و یەکەم بنەماڵەی شەهیدی گوڵان دەکات.

برایەتی: کاتێ باسی شۆڕشی ٢٦ی گولانی ١٩٧٦ دەکرێ وەک ناوچە و بنەماڵە نێوتان دێتە مەیدان، بۆیە حەز دەکەین لە سەرەتا خۆتان بناسێنە.

وەڵام: من مەوالیدی ١٩٢٦ خەڵکی حاجی ئۆمەرانم، براگەورەی یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان (سەید عەبداللە)م، هەر لەسەرەتای گەڕانەوەی سەرکردەی هەمیشەیی نەتەوەکەمان ئێمە وەک بنەماڵە تابعی شێخانی بارزانین لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەشداریمان کردوە، وابزانم شوێن پەنجەیشمان دیارە، هەردەم بە خۆزگەی خزمەتکردنی میللەتەکەمان ژیاوین.

برایەتی: کاک عەلیکۆ دوای ڕاگەیاندنی پیلانی جەزائیر ئەو خەڵکەی خۆمان

هەمووی پەڕاکەندە بوون ئەی تۆ؟

وەڵام: ئەوەی ڕاستی بێت من وەک پێشمەرگە لە سەر چیای زۆزک بووین و ئەم هەواڵەمان بیست، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریدا کە پشت بە خۆمان ببەستین و ئامادەبین بۆ شەڕی پارتیزانی، بەڵام خوا نەیکرد و شای ئێران بە ئاشکرا هەڕەشەی دەکردین ئەوە بوو کشاینەوە بۆ دیوی ئێران، منیش وەک خەڵکی سەرسنوور شارەزای دەوڵەتی شا بووم، بۆیە دوای (١٠) ڕۆژ لە ئاوارەیی بڕیارمدا بگەڕێمەوە حاجی ئۆمەران، کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە بارزانی ناردی بە دوامدا فەرموی من دەزانم بڕیارتداوە بۆ گەڕانەوە ئومێدم پێتان هەیە بەم نزیکانە پەیوەندیتان پێوە بکەین، سەر لە نوێ دەستپێبکەین، بۆیە داواکارم بە هێمنی و لەسەرخۆ تەعامول لە گەڵ دەوروبەرت لە ناوچەکە بکە.

برایەتی: باشە کاک عەلیکۆ دوای گەڕانەوەت بۆ حاجی ئۆمەران چیتان کرد؟

وەڵام: ئەوەبوو لە سەر فەرمانی بارزانی نەمر هەرچی خزم و ناسیا و مرۆڤی باوەڕپێکراو هەبوو قسەمان دەگەڵ کردن، هێندەی نەبرد کاتێ بارزانی نەمر هاتە سەردانی گۆڕی (شێخ بابۆ) لە شنۆ، لەوێوە نامەیەکیان بۆ ناردین، ئێمەیش مشووری خۆمان کرد و لە ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٢٥ وەشاخی کەوتین بۆ ئەوەی بەرپەرچی پیلانەکەی جەزائیر بدەینەوە. لە شەوی ٢٥ لە سەر١٩٧٦/٥/٢٦ لە قەندیل لە (زینی گەزگەکی) شۆڕبووینەوە کەوتینە کەمینی ڕژێم چەند سەربازێکمان کوشت و ئێمەیش قوربانی کوردستانمان بە شەهیدبوونی (سەید عەبدوللا)ی، برام پێشکەشکرد و دوو برینداریشمان هەبوو (نەبی موراد) و (عەلی مەلا مەحەمەد) شایانی باسە کە ئێمە یەکەم مەفرەزەی شۆڕشی گوڵان لە هەرێمی سۆران بووین بریتی بووین ١٠ نێوەکان لە پێشەوە نووسرئەون

دوای شــپرزە بوونمــان لە کەمیــنەکە گەڕایــنەوە بارەگەکەمــان بــۆ خــۆ ڕێکخستنەوە، بریندارەکانمان بە نهێنی چوونە ناو ئێران.

برایەتی: دوای دەرچونی ئێوە کێی تر پەیوەندی پێتانەوە کرد؟

وەڵام: چـوار ڕۆژی نەبـرد (شـێخە بنزێـری) کە بـاوکی (عەبـدوڵا شـێخە) بـوو گەیشتە لامان، ئینجا هەندێک لە خزمەکانمان لە (چوا.ڕقورنە) و (سـەروچاوێ) وەکـوو (جـوجی حەسـەن) کە لە دوایـدا کەوتە دەسـت ڕژێـم و لە سـێدارەدرا، هەر لە ســـەرەتاوە پەیوەنــدیمان لە گەڵ (جەوهەر ئاغــای لێــوژێ) هەبــوو، حەزمان لێبوو لە ناوشار و گوند بمێنێ، کەچی ئەویش نەیتوانی بژی گەیشتە لامان.

برایەتی: پەیوەندیتان لە گەڵ سـەرکردەی لێهاتوو ئیدریسـی جوانەمەرگ چۆن ئەنجام دەدا؟

وەڵام: بەڕاسـتی پەیوەنـدیمان زۆر زۆر جێگـای مەترسـی بـوو، چـونکە ڕژێمـی ئێران زۆر بە تونـدی چـاودێری هەردوو لایەنـی دەکـردین، تەتەری تایبەتیمـان هەبـوو لە وانە (مینەی کوپە) و (حسـێن فەتـاح) مـاوەیەکیش (حـاجی سلێمان) بوو، ماوە ماوە نامە و یارمەتی بۆ گوزەرانی خۆمان بۆ دەناردین و پشـتگیری و سەرپەرشتی خۆی بۆمان دووپات دەکردەوە، لە بیرمە تـا (١٨) هەزار دینـار لەو ماوەیەدا گەیشتە دەستمان، ئێمەیش لە نێو خۆماندا دابەشـمان کـرد تـاکوو بەشی کاک عەلـی عەسـکەری، دکتۆرخالید، سـەعدی گچکە، سـەید کاکەیشـمان دەدا، هەرچۆنییەکی بێت بە برایانە دەژیان.

برایەتی: لە چ ڕۆژێک ئەو برادەرانەی نێوت هێنان هاتنە بنکەتان؟

وەڵام: لە یادم نەچوبێت لە ١٩٧٦/٨/١ لە (بەربەرانێ) کە شـوێنی بارەگاکەمـان بوو بەرێزان عومەر دەبابە، دکتۆر خالید، سـەعدی گچکە، سـەید کـاکە و قـادر

عەزیز بوونە میوانمان هەواڵی پەیوەندی دەگەڵ کاک ئیدریسی پێگوتن، هەروەها باسی ئەوەمان کرد کە کاک فرەنسۆ چەند ڕۆژێکە هەندێک پارەی بۆ ناردووین، ئەوانیش داوایان کرد کە پێویستە نامەیان بۆ بنێرین، ئاگاداریمان لە نێواندا هەبێت، ئەوە بوو نامەیەکیان بۆ کاک ئیدریس نارد، بەڵام سەختی ڕێگا و نائەمواری ئەو وەختە پەیوەندیەکان زوو دەپچڕان.

برایەتی: چەند جار سەردانی ناوچەی بادینانت کرد؟

وەڵام: دووجار جارێکیان لە نیسانی ۱۹۷۷ لە سەر داخوازی پێشمەرگەکان چووم، نابێ ئەوەش لە یاد بکەین کە خەڵکی ناوچەی ناوپردان لە سەرووویانەوە (حەمەد ئەمین ئاغای ناوپردان)چاودێری جادەکەمانی بۆ دەکردین تا بپەڕینەوە.

جاری دووەم هەموو لایەنە سیاسیەکان کۆبوونەوەکمان کرد کە پێکهاتبوو لە دکتۆر خالید، بایز ئاغا، عادل کەرکووکی، سەعدی گچکە، ڕەسوڵ مامەند، ئەحمەدی برام، عەلی محەمەد مراد، حاجی موستەفا و مەلا بەختیار، بڕیارماندا لێژنەیەک پێکبهێنین بەرەو بادینان بکەوینە ڕێ بۆ ئەوەی بتوانین ئیتیفاقیەی ۱۹۷۷/۳/۲۱ نێوان کاک مسعود و مام جەلال زیندوو بکەینەوە بۆ هاریکاری و تەبایی لە نێوان هەردوولا.

لێژنەیەک لە من و کاک عادل کەرکووکی (شایەنی باسە کاک عادل لە جیاتی دکتۆر کەمال کەرکووکی بەرپرسی هەرێمی سۆران کە لەلایەن ڕژێمی تورکیا دەستگیر کرابوو هاتە لامان) کاک ڕەسول مامەند، مەلا بەختیار لە ڕێگای تەتەرەکەمان (حسێن فەتاح) چووینە ئێران لە وێوە بۆ سنوری کوردستانی تورکیا لە ۱۹۷۷/۷/۳۰ گەیشتینە گوندی (ماسیڕۆ) لە ماڵی (حاجی محەمەد) نێوێک میوان بووین، هێندەی نەبرد پیاوێکمان لێ وەژوور کەوت بە پەلە گەڕایەوە دوئەوە لە دوایدا زانیمان کە کاک (نەوشیروان) بوو، ئینجا ئاگاداری

کــردین کە (مــام جەلال) لە دۆڵێکــی نزیــک گونــدەکە دانیشــتووە هەنــدێک ئۆپۆزسیۆنی ئیرانی و تورکی لە گەڵدا بوو. لە ١٩٧٧/٨/١ پێکەوە گەڕاینەوە لە ناوچەی (دەریای سوور) ئینجا وەک لێژنە سەردانی (سەرکردایەتی کاتیی)مان، کــرد کە ئەو بەڕێــزانە لە وێ بــوون (جەوهەر نــامیق) مــلازم (سەربەســت – عەبــــدولرەحمان پێــــداوای) مــــلازم (عەلــــی) و مــــلازم (مــــحەمەد) چەنــــد کۆبوونەیەکمــان کــرد ســەرکردایەتی کــاتیی ئامــادەیی خــۆی نیشــاندا بــۆ جێبەجێکردنی ئەو پەیمانە، بێ ئەوەی هیچ گیروگرفتێک ڕوویدات گەڕاینەوە ناوچەی خۆمان، ئەوکات ڕژێم بەوپەڕی دڕاندانەتیەوە ناوچەکەمانی وێران کردبوو سەدان گوندی بەرەو باشوور گواستبووەوە، منیش بۆ ئەوەی ئەو دووسەد نەفەرەی ماڵ و منداڵی خۆمان لە بەندیخانەی (کووت) و (عیمارە) دەرباز بکەم خۆم گەیاندە دەست ڕژێم.

# میوانی ئەمڕۆ: یونس ڕۆژبەیانی

**ئامادەکردنی: ژیلوان**

بەبۆنەی ساڵڕۆژی (١٧) یەمی شۆڕشی گوڵانی پیرۆزەوە برایەتی ئەم زنجیرە چاوپێکەوتنەدا کە بەم بۆنەیەوە ڕێکیخستووە چاوی بە بەڕێز پێشمەرگەی بە ئەمەکی ڕێبازی بارزانی نەمر و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پیرۆز و وەزیری ناوخۆی حکوومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان کاک یونس ڕۆژبەیانی کەوت و ئەم گفتوگۆیە هاتە کایەوە.

• کاک یونس ئەگەر (١٧ تا ١٨) ساڵێک بگەڕێینە دوئەوەو پرسیارێک سەبارەت بە ڕۆژانی پاش پیلانەکەی (١٩٧٥)ی، جەزائیر بکەین چیتان بە دەستەوە بوو بۆ بەرپەرچ دانەوەی؟

بە ڕاستی پیلانی جەزائیر و وەستانی شۆڕش بڕیارێکی سیاسی بوو، ئێمە شکستێکی سەربازیمان نەخوارد، بەڵکو ڕژێم لە شکستدابوو بە ئیعترافی خۆیان، هەر بۆیەش پەنایان بردە بەر ئەو پیلانە، کە چووینە ئێرانیش بۆ ئەوە نەچووین وەک پەناهەندە و موجاهید لەوێ بژین یان بمانژێن، بە پێچەوانەوە بۆ ئەوە چووبووین کە لە نزیکترین هەلدا بۆمان هەڵبکەوێ دووبارە بێینەوە کوردستان و درێژە بە خەباتی خۆمان بدەینەوە بۆ ئەم مەبەستەش من ئەمرم پێکرا کە بچم بۆ ئۆردوگای (سەراب نیلۆفەر) لە کرمانشا کە ئۆردوگای

تــایبەتی ئەو پێشــمەرگانە بــوو کە مــاڵ و منــداڵیان پێنەبــوو، زۆربەشــیان پێشمەرگە چاونەترسەکانی هێزی ڕزگاری و پەروەردەی دەشتی کەرکووک و گەرمیان بوون، بۆئەوەش چووبووین ڕێکیان بخینەوە و لە هەلومەرجی خۆیدا بیانگێڕینەوە کوردستان، ماوەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە لەوێ ماینەوە، هەڤـاڵانی دیـکەش لە شـوێنانی تـر بە هەمـان مەبەسـتەوە لە چالاکیـدا بـوون هەمووشی بە سەرپەرشتی برای خۆشەویستمان کاک مسعود بارزانی ئەنجام دەدرا.

من و کاک ڕەیس عەبدوڵلا وەک شانەیەکی ئیشکردن پێکەوە کارمان دەکرد پەیوەندیمان بە کاک مسعود بارزانییەوە هەبوو، ناوە ناوە دەچووینە خزمەتی بۆ ئامۆژگاری و پێڕاگەیاندنی کاروبارەکانمان.

ڕژێمــی ئەوســـای ئێــران زۆر بە وردی لەدوا چالاکیەکانمانــدا دەگەڕا و لە ئۆردوگاکانی کرمانشـان و دەوروەبەری هەسـتیان بە هەڤـاڵانی ئێمە کردبوو، نـزیکەی (٣٠) هەڤاڵانیـان لەسـەر بزاڤـی سیاسـی تەسـلیم بە عێـراق کـردەوە. دانشـتنەکانی ئێمە ئەوسـا جدیتر بـوون و هـاتینە سـەر ئەوەی کە بگەڕێینەوە کوردســتان، بەڵام پــاش مەشــورەتکردنمان بە ســەرۆکی نەمرمــان مســتەفا بارزانی کە لە ڕێی کاک مسعود بارزانییەوە ئەنجام درا، ئامۆژگاری ئەوە بوو کە پەلە نەکەیـن، بۆیە بە ئومێدی باشـتر بوونی بـارودۆخەکە پەرەی دەسـەند هەرچەنـدە دەزگاکانی ڕژێمی شاهەنشـایش زۆر بە وردی لەدوامـان دەگەڕان، لەو ماوەیەشــدا ژمــارەیەک لە برادەرانمــان وەک ئەنــدامی ســەرکردایەتی دەستنیشــانکرد بــۆ هەڵســوراندنی ئەو ئئەمــانجە، دوو هەڤــاڵ لەو برایــانەی سەرکردایەتی کاتیی لەلایەن ساواکی ئێرانەوە دەستگیرکران ئەو کاتە من ماڵم لە مهاباد بوو، ئێوارە کە گەڕامەوە ماڵ دەبینم کاک جەوهەر نامیق و کاک کەریم سنجاری کە هەردووکیان ئەندامی سەرکردایەتی کاتیی بوون ئەوانیش لە ماڵی ئێمەن و خەبەری گرتنی کاک عارف تەیفور و کاک حەمە ڕەزئەم

لەوانە زانی. دەبوو عیلاجێک بۆ کاک جەوهەر و کاک کەریم بدۆزینەوە دەنا ئەوانیش دەگیران. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیمان بە خواڵخۆشبوو (ئەسعەد خۆشەوی)کرد، جەنابی بارزانی و کاک مەسعود ئەودەمە لە تاران بوون پەیوەندیان پێوەکرا و دوایی ئەسعەد خۆشەوی دەلیلی بۆ پەیدا کردن و ئەو دوو هەڤاڵەمان ناردە ناوچەی بادینان کە ئەوسا هەرێمی یەک بوو، خۆی هەر لە ئەسلێشدا نەخشەکە وئەبو ئەوان لەوێ کاری خۆیان ڕاپەراند، ئێمەیش لەسەر کارەکانی خۆمان بەردەوام بووین، ڕژێمی شا زۆر تەنگئەو بوون زەختێکی زۆریان خستە سەرمان خەڵکەکەیان بەسەرانسەری ئێراندا پەرشو بڵاوکردەوە نەشیانتوانی بەڵگەمان لەسەر بگرن و زیندانیمان بکەن، بەڵام نیمچە زیندانییەک بووین. زۆر کەسیان برد لەسەرکاریان دامەزراند نەک بۆ ئەوەی بیژێنن، بەڵکو بۆ ئەوەی لەبەرچاویان دوورنەکەونەوە، لەو سەردەمەدا بوو بارزانی نەمر دووچاری نەخۆشی هات ئەوە بوو دواتر کاک مسعودیش لە خزمەتیدا چوون بۆ دەرەوە، ئەوسا ئیتر برای جوانەمەرگمان شەهید ئیدریسی هەمیشە زیندوو ئەرکی سەرجەم ئەو چالاکیانەی خستە ئەستۆی خۆی. ئەو هەڤاڵانەی گەیشتوبوونەوە کوردستان زەمینەیان بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش خۆشکردبوو ئەوە بوو لە ١٩٧٦/٥/٢٦ خەباتی چەکداری دەستی پێکردەوە.

• کاک یونس. هەڵبژاردنی ڕۆژی ٥/٢٦ ئایا سەعات سفرێک بوو سەرکردایەتی کاتیی خۆیان دابنئەبو یا ڕێکەوت بوو؟

ڕژێم دیار بوو خەریکی پیادەکردنی نەخشەی چۆڵکردنی گوندەکان و ڕاگوێزانی گوندنشینەکان بوو هەڤاڵان لە ناوچەی بادینان تا ڕادەیەک کاروباری خۆیان ڕێکخستبوو بڕیاری بەرگریکردنیاندا و خەباتی چەکداری دەستی پێکرد، دەنا تا ئەوسا بڕیار لەسەر ڕێکخستن و خەباتی نهێنی و سیاسی بوو، بەڵام لەبەر ئەو هۆیە سەرکردایەتی کاتی بڕیاری ئەوەیدا کە بە

هێز بەرگری لە خەڵک و سەرەوەت و سئەمانی خەڵکە بکەن و نەهێڵن ڕژێم بە ئاسانی لە خاک و نیشتیمانی خۆیان دەریان بکەن.

مەجموعەیەکی تری برادەران لە ناوچەی سۆران بوون ئەوانیش هەر لەوکاتە پەلاماری سەربازگەکانی دوژمنیاندا لەوانە عەلیکۆ و مەجموعەکەی هاتوچۆ هەبوو، ئەوکاتە کاک ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو سەرپەرشتی ئەو کارانەی دەکرد بە ڕەحمەت بی کاک ئیدریس بارزانی داوای لە من کرد بە هەر شێوەیەک ئەبێ بچم. چاوم بە عەلیکۆ بکەوێ کە لە کوردستان بوو ئەوکاتەش ساواک زۆر بە توندی چاودێریان دەرکردین، بەڵام ئێمە هەندێک سەیارە و شتمان لە(خانە) بوو بە بیانوی ئەوە چووم بۆ ئەو ناوچەیە و لەوێ بە هۆی دوو برادەر منیان گەیاندە قەندیل و دەشتەوازنی ئەگەر بەهەڵە نەچوبم لەوێ خەبەرم بۆ عەلیکۆ نارد، هاتوو چاومان بە یەک کەوت، ئیتر لە نزیکەوە باسی ئەو بارودۆخەمان کرد. دوای ئەوە من گەڕامەوە، لەگەڕانەوە لە(نەغەدە) ساواک منیان گرت ماوەی (٤٨) سەعات زیندانیان کردم. دوایی بەهەر شێوەیەک بوو بەردراین.

ئیتر بەردەوام بووین لە ناو ئێران خەڵکمان ڕێکدەخست و دەماننارردەوە بۆ کوردستان پێشتر خەڵکی ترمان ناردبۆوە لەوانە: تەحسین شاوەیس، ئەسعەد محەمەد ساڵح ڕۆژبەیانی، قادر فەرەج، دوای ئەوان ملازم حەسەن خۆشناو و نەسرەدین موستەفا ئەوانە بۆ هەرێمی کەرکووک و سلێمانی، بۆ هەرێمی یەکیش خەڵکمان دەنارد بەنهێنی، تا ساڵی ١٩٧٧، لە ١٩٧٧ دا، دیاربوو باردۆخی کوردستان بە کادیری دیکەش هەبوو، مەجموعاتی زۆرمان دەنارد بۆ هەرێمی بادینان لەوانە کاک موستەفا نێروەیی، عەریف یاسین، شەهید مەلا ئەمین، لە سووریاشەوە مەحمود ئێزدی هات. منیش دەبووایە بچمە هەرێمی دوو، بەڵام بەر لە سەفەرکردنم بە سێ چوار ڕۆژێک دیاربوو ڕای کاک مەسعود بارزانی و ئیدریسی ڕەحمەتیش لەسەر بوو، لەبەر زروفێک کە لەوێ

هاتە پێش منیش چووم بۆ هەرێمی یەک، بەر لە من کاک حەمید ئەفەندیش چووبوو منیش لە گەڵ مەجموعەکی (١٠-١٢) کەسی لەم پێشمەرگانە کە پێشتر لە گەڵم بوون بەڕێکەوتین بۆ هەرێمی بادینان، یەکێک لەو پێشمەرگانە کە ئێستا لێپسراوی ناوچەی بەردە ڕەشە تەنانەت بە منداڵی خۆشی نەگوتبوو لە گەڵم هاتن، ئەو دوانزە کەسە بە جیا جیا ڕۆیشتین و لە ناوچەی چاڵدێران یەکمان گرتەوە لەوێوە هاتینە ناوچەی سیدەکان کاک حەمید ئەفەندی پێشتر هاتبووە ئەوێ، بەڵام ئێمە کەسمان چەکمان پێنەبوو من لەوێ دەمانچەیەکم پەیدا کرد.

بەڕێزتان دەرچووی کۆلێژی سەربازین لە ڕووی تەعبەوی و سەوقیەوە، چۆن دەڕواننە مەسەلەی بەرنگاربوونەوەی پێشمەرگەیەک بە دمانچەیەکەوە و سوپایەک کە دەردەکەوێ ئێستا خاوەنی چ جبەخانەیەکی سەربازی بوو؟

ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە ئەگەر بێتو بەراورد لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا بکەین، دەبینین سوپای عێراق لە ڕووی تەکنەلۆجیا و ژمارەی سەربازیشەوە لە بەراوردکردن نایەت لەگەڵ پێشمەرگەیەک کە بەدەستی خالیەوە بەرەنگاری دەبێتەوە.

لەشەڕدا چەک کەرستەیەکی پێویستە، بەڵام کێ ئەو چەکە بەکاردەبا؟ ئەوە گرینگترە بۆ سەرکەوتن بیروباوەڕ بەر لەچەک دێت.

پێشمەرگە خاوەن قەزیە بوو، بڕوای بەمافی خۆی و سەرکەوتن هەیە، لەسەرخاکی خۆی شەڕدەکات ویژدانی ڕاحەتە لەوەی کە زوڵم ناکات حەقی میللەتەکەی دەکا، بەڵام سوپای ڕژێم تەعەدایان دەکرد زوڵمیان دەکرد، حەقێکیان لە لا نەمابوو کە شەڕی لە پێناودا بکەن، جگە لەوەش ڕژێم لە دوای پیلانەکەی ١٩٧٥ی جەزائیرەوە سەرخۆشی سەرکەوتن ببوو، ئیرادەی میللەت بەهیچ شتێک ناشکێت بە تایبەتی میللەتی کوردی پەروەردەی شۆڕشی مەزنی

ئەیلـوول، بڕوایەکـی بەهێـزی بەقەزیەکەی هەیە. ئـێمە هەمـوو بەپشـتی خـالی هـاتینەوە کوردسـتان و بەو چەکەنـانەی کە خەڵـک بە ئەمـانەت دەیـدا پێمـان خۆمان دەپاراست، تا بایی ئەوەندە چەکمان لە دەست ڕژێم گرت کە بتوانین کاروباری خۆمانی پێ ڕاپەرێنین.

لە ڕووی شەڕی پارتیزانی و شەڕی جەبهەشـەوە پێشمەرگەکان بەزۆری هەر ئەو پێشمەرگانە بوون کە لەشۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا شارەزایەکی باشیان لە شـەڕی پارتیزانیـدا بەدەسـت هێنـابوو سرووشـتی کوردسـتانیش بـۆ شـەڕی پـارتیزانی زۆر لەبـارە وەک دەزانـین تەشـکیلاتی پێشـمەرگەش لەسـەر ئەو بنـاغەیە سـەرەتا لە ٢ یـا ٣ کەس پێکـدەهات و بە گـوێرەی ئەو قاعیـدەیەی کە دەڵێ: لە هەمو جێیەک هەبی و لەهیچ جێیەکیش نەبی، هەڵسوکەوتیان دەکرد بەو شێوەیەش سـەریان لە هێزەکانی دوژمـن شـێواند و لە زۆر شـوێن توشـی شکست بوون بەرامبەر بە پێشمەرگە خۆیان نەدەگرت.

زیانی دوژمنیش بەو جۆرە زۆر زۆرتر بوو لە وەی کە لە پێشـمەرگە دەکەوت لەو شــەڕانەی کە لە نــاوچەی ســەیدەکان، مێرگەســۆر و مــزووری و ئەو ناوچـانەی کە مـن لێـی بـوومە زۆرجـار شـەڕی ئەو پاڵەوانـانە لە گەڵ ڕژێمـدا کراوە، یەکێک لەو شـەڕانە ئەوە بـوو کە شـەهیدی نەمر مەلا ئەمـین بەخـۆی و (٧-٨) پێشـمەرگەیەکەوە لە کەمینێکیـدا بـوو بەسـەریاندا سـەرکەوتبوو، بەڵام دوژمــن لە هەمــوو لایەکەوە هێرشــی کردبــووە سـەریان، پتـر لە دوو فەوج گەمارۆی ئەم ٧(-٨) کەسەیاندا بوو بەڵام ئەو سوپا زۆرە واشپرزە بوون کە پێوەندی بێتەلی نێوخۆیان و تۆپخانەو بەهەلەدا بچـن دواتـر پێمـان گەیشـت کە (١٢٠) ســەدو بیســت ســەرباز لەو شــەڕەدا کــوژراون، لە ئەنجــامی ئەوسەرکەوتنانەشەوە بوو، کە ڕژێم لە ساڵی ١٩٧٨ دا هەوڵیدا گفتوگۆ لە گەڵ سەرکردایەتیدا بکات.

ئامر لیوایەک لە مێرگەسۆر بوو ئەو ئەفسەرە برادەری من بوو زانیبووی منیش لەو ناوچەیەم دیاربوو ڕژێم ڕایان سپاردبوو بە ئیستفادەکرن لەو برادەریەی ئێمە بنەمای وتووێژێک ڕێکبخەین، ئەو ئامر لیوایە لە مێرگەسۆر برادەرێکی ناردبوو بۆ ئەوەی بێت بۆ لای ئێمە بۆ ئەوەی بزانێ ئێمە ئامادەین گفتۆ بکەین یان نا. کە ئەو برادەرە هات بە دوورو درێژی قسەمان لە گەلی کردو دوای ئەو برادەرێکی دیکەیشان نارد، ئەوسا لە گەڵ ژمارەیەک لە برادەرانی سەرکردایەتی چاومان پێکەوت کە ئەویش گەڕایەوە ئەوسا ڕژێم وەفدێکی ڕەسمی نارد وەفدەکە لەناوچەی (هەرنی)ی، کانیی ڕەشی لە دەشتی بەرازگر و خواکورک چاویان بە هەڤاڵانی سەرکردایەتی کەوت. وەفدە حکوومیەکە هەر لە سەرەتاوە بە برادەرانی ئێمەیان گوتوە: ئێوە بەس داوای جیئەبونەوە مەکەن ئێمە هەموو داواکانتان جێبەجێ دەکەین ئەو هاتوچووە دواتریش هەر بەردەوام بوو تاکوو کۆتایی مانگی ١٩٧٩/٢. بەڵام کە ئینقلابی ئیسلامی ئێران ڕوویدا و خەبەری دڵتەزێنی کۆچی دوای بارزانی سەرۆکی نەمرمان بڵاوبووەوە، ڕژێمیش وای بۆچوو کە جارێکی تر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرەو نەمان دەڕوات بۆیە وەردە وردە خۆی لە گفتوگۆکە کێشایەوە.

هەربەم بۆنەیەشەوە کە هەواڵی کۆچی دوای سەرکردەی نەمرمان بارزانی هات من لە ناوچەی نێروەییەکان بووم زۆر لە هەڤاڵان بۆ بەشداربوون لە ڕێورسمی ناشتنی تەرمی پیرۆزی بارزانی گەڕاینەوە دیوی ئێران، بەڵام لە سەر داوای کاک ئیدریسی ڕەحمەتی تا ڕۆژی چلە نەمتوانی بگەڕێمەوە، ڕەحمەتی داوای لێکردم کە ناوچەکە بەجێنەهێڵم و دڵی خەڵکەکەی بدەمەوە پێیان ڕابگەیەنم کە هەموو پەرەوەردەی ڕێبازی بارزانی و کوڕی بارزانی نەمرن. وەفاتی ئەو سەرکردە مەزنە دەبێ هانی خەباتی زیاترمان بدات بۆ ئەوەی لەسەر مافی خۆمان توندتر خەبات بکەین.

• مامۆستا هاریکاری خەڵک لە گەڵ شۆڕش چۆن بوو؟

وەکوو گوتم کە هاتینەوە بۆ کوردستان ڕژێم وەکوو سەرخۆشێکی لێهاتبوو وای دەزانی ڕاستەو یەکجارەکی بە سەر میللەتی کوردا سەرکەوتووە، بۆیە بە هەموو شێوەیەک کەوتبووە گیانی خەڵک و ئازاری دەدان تەنانەت ئازاری ئەوانەشی دەدا کە لە گەڵ خۆیدا بوون.

لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا. خەڵکەکەی تەواو بێزار کردبوو ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە خەڵکی کوردستان بەگشتی خەڵکێکی نیشتیمانپەروەرن و پێیان ئەستەم بوو دوژمنانی گەلەکەمان ئەوها حورمەتی خاک و مافەکانیان پێشل بکات، لەسەرێکی تریشەوە ئەزموونێکی دورودرێژیان لەگەڵ شۆڕش و پێشمەرگەو سەرکردەکانی مەزنی ئەیلوول هەبوو بە چاوی بروا و متمانەوە دەیڕوانییە پێشمەرگە و بەجل و چەک و خۆراکی خۆیان هاریکاریمانیان دەکرد. لێرەدا دەبێ سوپاسی کوردی ئێران و تورکیا و سووریاش بکەین کە بە گیانێکی نەتەوە پەروەرانەوە یارمەتیان دەداین.

• زۆر سوپاس کاک یونس.

زۆر سوپاس، هەربەم بۆنەیەشەوە سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو شەهیدانی گولآنی پێشکەوتووخواز دادەنوێنم، بەتایبەتیش بەرامبەر سەروەری شەهیدان بارزانی نەمر و کاکە ئیدرسی هەمیشە زیندوو، نەمری و سەربەرزی بۆ گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان.

# میوانی ئەمرۆ: مستەفا نێروەیی

**ئامادەكردنی: ژیلوان**

مستەفا نێروەیی پێشمەرگەی بەوەفای بارزانی نەمرو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، لەسەرهەڵدانەوەی گولانی پیرۆزیشدا ڕۆڵێكی كاریگەری گێراوە لە چەندین شەڕی قارەمانانەدا بەشداری كردووە.

برایەتی لەساڵرۆژی (١٧) ە یەمی، گولانی پیرۆزدا بەم بۆنەیەوە میوانداری كرد و ئەم پرسیار و وەلامانە هاتە كایەوە. كاك مستەفا دوای پیادە كردنی پیلانەكەی ١٩٧٥ی، جەزائیر كەوتیتە كوێوە؟

لە گەڵ زۆربەی هەڤالان چووینە دیوی ئێران و سەرەتا ماوەیەك لە نەغەدە و ناوچەكانی دەوروبەری گیرساینەوە، لەو ماوەیشدا چەندین جار گەیشتمە خزمەتی بارزانی نەمر. بارزانی نەمر زوو زوو ئامۆژگاری ئێمەی دەكرد و دەیفەرموو هیچ خەم و پەژارەتان نەبێ شۆڕش و پارتی بەم پیلانە لە نێو ناچن و هەمووی تەنها یەك دوو مانگێكی دیكە ناكێشێت شۆڕش سەر هەڵدەداتەوە لە جارانیش پتر دەستكەوتی دەبێ.

ڕێكخستنی حزب بەردەوام بوو ڕۆژانە بە هەر شێوەیەك بووایە لە گەڵ هەڤالانی دیكە یەك و دومان دەدیت و قسەمان لەسەر چۆنییەتی گەڕانەوە بۆ كوردستان دەكرد، ڕژێمی شای ئەوسای ئێران، بەپێی پیلانەكەی جەزائیر چاودێرییەكی توندوتۆلی هەڤالانی ئێمەی دەكرد، دواتر كە نەیتوانی سنورێك بۆ چالاكیمان دابنێ، ئەوسا بەماڵ و منداڵەوە لە ناوچەی كوردنشینە

سەرسنوریەکان دەرمانیکرد و بەنێو ئێراندا بڵاوەی پێمانکرد، من و منداڵەکانم و ماڵ و منداڵی چەندین هەڤاڵانی تریش براین بۆ (جەهروم) جەهروم دەکەوێتە خوار تاران و نزیکەی (٣٠) سەعاتە ڕێیە لە سنورەکانی کوردستانەوە دوورە، لەوێش لە خێوەتگایەک ئێمەیان فرێدا کە بە تێلی دڕکدار دەورە درئەبو، تەنانەت بۆ کڕینی شتومەکیش ڕێگەمان نەدەدرا بچینە شاران.

پ/ ڕێکخستن و پەیوەندی و ورەی ئەو خەڵکە چۆن بوو لەو بارودۆخە؟

و/ ئەوە وای لێمانکرد کە زیاتر هەوڵی گەڕانەوە بدەین بۆ کوردستانی عێراق. ورەی ئێمە زۆر بەرز بوو ئێمە بڕوای تەواومان بە حیکمەت و توانای تەجروبەی بارزانی نەمر و قسەو پێشبینییەکانی ئەو سەروەرە نەمرە هەبوو، دەمانزانی دوور یا زوو شۆڕش سەرهەڵدەداتەوە، ئێمەیش دەگەڕێینەوە سەر شوێن و خاکی خۆمان، من و خێزانەکەشم دوای لە جەهروم هاتینەوە لە تاران نیشتەجێ بووین.

پ/ پەیوەندیتان لەگەڵ سەرکردایەتی چۆن و تاچ ڕادەیەک بوو؟

و/ وەکوو گووتم پەیوەندی و ڕێکخستن گاڤێک بەردەوام بوو. ئاگاداری ڕووداوەکانی ناوچە کورردستانییەکان بووین، هەڤاڵانی سەرکردایەتی کاتێ کاک جەوهەر نامیق و کاک کەریم سنجاری ساڵێک پتر بوو لە هەرێمی یەک ناوچەی بادینان بوون، ڕێکێخستن و چالاکی پێشمەرگە زۆر بەهێز بوون، چونکی پێشتریش نەبڕا بوون ماوەکە ئەوەندەی نەبرد لە نێوان ئاداری ١٩٧٥ و گولانی ١٩٧٦ دا، ڕاستە ڕێکخستن لە هەندێک شوێن لاواز بوو، بەڵام لە زۆر شوێن وەک خۆی مابوو لە زۆر شوێن کادیر و پێشمەرگە مابوون و خۆیان تەسلیم بە هیچ لایەک نەکردبوو لەوانە وەکوو حاجی عومەر لە ناوچەی دۆسکی و خەڵکی دیکەش لە ناوچەکانی تر، کە کاک جەوهەر و هەڤاڵانی دی چوونە ناوچەکە ئیتر ڕێکخستن پتر بە هێز بوو، ئێمە ئاگاداری هەمو شتێک بووین

پ/ جەنابت کەی گەڕایتەوە خاکی کوردستان؟

و/ سەرەتای پایزی ١٩٧٧ بوو شۆڕش لە کوردستان لە پەرەسەندن دابوو، پێویستی بە کادیری حزبی و عەسکەری زیاتر بوو، ئەودەمە بارزانی نەمر و کاک مەسعود بۆ عیلاج چوبوونە دەرەوە، کاک ئیدریس بارزانی ڕەحمەتی پێی ڕاگەیاندم کە دەبێ بچمەوە بۆ کوردستان، سەرەتای مانگی ١٩٧٧/٩ بوو ئیتر بەڕێکەوتم لە ورمێ بۆ ناو کوردستان (١١) ڕۆژمان پێچوو، دەبوو خۆمان لە ڕژێمە شا بپارێزین لەوێشەوە هاتینە ناو تورکیا، پانتۆل و چاکەتمان لەبەر بوو بۆ ئەوەی پێمان نەزانن، لە تورکیاش وەکوو ئێران بمانیانگرتبا تەسلیمی عێراق دەکرایتەوە، کوردی هەردوو تورکیا و ئێران زۆر زۆر یارمەتی ئێمەیاندا قەت لە بیر ناکرێ، دوا گوندی تورکیاش کە لێی بووین (نێروەک) بوو ڕۆژی ١٩٧٧/٩/١٨ لە ناوچەی گەڤەڕێ هاتمەوە کوردستان.

پ/ چەند کەس دەبوون و چی چەکێکتان پێبوو؟

و/ ئێمە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەینەجێ نەماندەتوانی بە کۆمەڵ بێینەوە، چەکیشمان پێ نەبوو، تەنانەت چاکەت و پانتۆلمان لەبەر دەکرد.

پ/ کە گەیشتنەوە ناو کوردستان بارودۆخ چۆن بوو؟

و/ بەر لە ئیمە کاک جەوهەر و هەڤالانی هاتبوونەوە و پتر لەساڵێک بوو خەریکی کاروباری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی بوون لە ناوچەکە، تەنزیماتی حزب هەرمابوو، پێسمەرگە هەبوو کاتی خۆیشی تەسلیم نەبوو بوون. ئێمە وەجبەی دووەم بووین هەر لەو وەجبەیەدا بوو کاک ملازم یونس ڕۆژبەیانی، مەلا ئەمینی ڕەحمەتی و ئازاد بەرواری، عەریف یاسین، حەمید ئەفەندی و گەلێکی دیکەش هاتنەوە هەرچەندە بە جیا جیاش هاتینەوە. لە وێشەوە چووینە ناوچەی نێروە و دۆسکیان و هەرکی و بێداو و شوێنانی دیکەش، کاک ملازم عەلی و ملازم محەمەد، شوکری نێروەیی و عەلی تێلکیش تازە هاتبووە ناوچەکە

پ/ کاک مستەفا وەک ئێستە بەدەردەکەوێ ڕژێمی بەغدا لە ڕووی چەک و ژمارەی سەربازەوە زۆر بە دەسەڵات بوو، ئێوەیش بەبێ چەک دەهاتنەوە، ئێستا چۆن تەماشای ئەو وەزعە دەکەی ؟

و/ ئێمە لە سەرەتای پیلانەکەی ١٩٧٥ چەند جارێک چووینە خزمەتی بارزانی نەمر، خودا لێی ڕازی بێت ئەو پێی دەوتین کە لە پاشەڕۆژی حزب و شۆڕش و میللەت نەترسێن و زۆری پێناچێت دەبووژێنەوە، ئێمە بڕوامان بەقسەی بارزانی نەمر هەبوو دەمانزانی وەعدی وەکوو سەنەدە، دێتە دی کە پێم نایە خاکی کوردستانەوە ئەو قسانەی بارزانی نەمرم هاتەوە بیر، چەک ببێ باشە، بەڵام چەک هەموو شتێک نییە. ئەو دەستە، ئەو بیروباوەڕە گرینگە بەکاری دێنی، ڕژێم چەکیشی هەبوو بەڵام لە کوردستانمان دەرکرد

پ/ کاک مستەفا کاروباری پێشمەرگایەتیتان لەسەر چ شێواز و تەکنیکێک بوو؟

و/ هەر لەدوای پیلانەکەی جەزایرەوە ئێران تورکیا و عێراقیش سوپای خۆیان هێنابووە سەرسنور سنوریان داخستبوو، ڕژێمی عێراق لە هەمووی پتر سنووری خۆی مەحکەم کردبوو سەربازێکی زۆری لەسەر سنوور کۆکردبۆوە بەڵام داخیلی ئیهمال کردبوو، ئێمە لەم باردوخە سەربازییەدا عەمەلیاتی عەسکەری خۆمان گواستەوە قوڵایی ناوچەکە لەوێ سوپای ڕژێم کەمتر بوو، لەوێشەوە ئیتر بە شەڕی پارتیزانی و مەفرەزەی بچووک بچووک دەستمان کرد بە لێدانی ڕێگای هاتوچۆی سەربازەکانی، هەر بەم تەکنیکەش لە شارەکان و ڕێکخستنی ناو شارەکان و جەماوەری گوندەکان نزیک بووینەوە.

پ/ هاریکاری میللەت لە گەڵ ئێوە تا چ ڕادەیەک بوو.

و/ میللەت هەر ئەو میللەتە بوو، هەڤاڵی ئێمە بوون شۆڕش نەپچڕا بوو خەڵک نەگۆڕا بوون کە هاتینەوە کەسمان بەکەسمان غەریب نەبووین کە پەروەردەی

ڕێبازی بارزانی نەمر بووین، هەموو وەکوو ڕۆژانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هاریکاری یەکترمان دەکرد.

پ/ وجودی مەفرەزەی حزبەکانی دیکە چەند بوو؟

و/ لەو ناوچەی کە من باسم کرد ئەوەی هەبوون هەمووی مەفرەزەی پارتی بوون.

پ/ کاک مستەفا ناخۆشترین ڕۆژانی پێشمەرگایەتی ئێوە لەو ڕۆژانەدا چی بوون؟

و/ ژیانی پێشمەرگایەتی بەتایبەتی لەم ڕۆژانە خۆش نەبوو بەڵام ناخۆشترین کات ئەو کاتە بوو کە هەواڵی کۆچی دوایی بارزانی نەمر خوای لێرازی بێت پێمان گەیشت، بەڵام برووسکە مێژووییەکەی کاک مسعود بارزانی سەرۆکی پارتیمان هێز و ورەی خستە دڵمانەوە نەیهێشت ئەو ڕووداوە جەرگبڕە کاری سلبی لە مەعنەویاتی ئێمە بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە خەباتی خۆمان توندتر کرد.

پ/ دواشت کە حەز دەکەیت باسی بکەیت؟

و/ یەکەم حەز دەکەم خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆژانەیان لە بیربێت و بە یەکێتی و تەبایی و دۆستایەتی بەری ڕەنجی ئەو ڕۆژانە بپارێزن کە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بە هەموو شێوەیەک هاریکاری یەک و دوو بکەن، دووەم هەرچییەک لە تواناادا هەیە بۆ پێشمەرگە و خزمەتکردنی پێشمەرگە بکرێت، پێشمەرگە و قوربانیدانی ئەوان نەبووایە ئەم ئازادییە و ئەم ڕۆژە بەدی نەدەهات.

## میوانی ئەمڕۆ: دکتۆر کەماڵ کەرکووکی

**ئامادەکردنی: زاهیر ڕۆژبەیانی**

پ/ دکتۆر سەرەتای پەیوەندیکردنتان لە گەڵ شۆڕشی گوڵان لە کوێوە دەست پێدەکات؟

و/ من پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و (ڕێبازی بارزانی) نەمرم بە پشتیوانی پارتیمان لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی تاران دەمخوێند کە پیلانەکەی جەزائیر پیادەکرا، چەند قوتابیەکی زانکۆی تاران تیپێکی ئینتحاریمان بۆ تۆڵە لێکردنەوەی شای گۆڕبەگۆڕی ئێران پێکهێناوە، من بە نوێنەرایەتی ئەو تیپە بۆ ئامۆژگاری و مشورەتی بەڕێز کاک مسعود بارزانی هاتم بۆ نەغەدە لەوێوە چاوم بە بەرێزیان کەوت هەموو شتێک لەوێوە دەستی پێکرد.

شتێکی دیکەش زۆر کاری لێکردم. لە ڕۆژنامەیەکی عێراقیدا کە وێنەی ئەحمەد حەسەن بەکری گۆڕ بە گۆڕ و دیکتاتۆری ئێستای بەغدای لەسەر بوو، بە جلی سپیەوە نووسرا بوو (انتهى التمرد العميل و الى الابد) ئەم قسەیە زۆر کاری تێکردم چوومە لای برای خۆشەویستم کاک ئازاد بەرواری کە ئەو دەمە لە (کەرەج) بوو، پێشتریش زۆر جار یەکترمان دەدیت. بیرمان لەوە دەکردەوە کە دەبێت ئیسپاتی ئەوە بکەین کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شۆڕشێکی عەمیل نەبوو و گەلی کورد بە پیلانی ئاوا سەرکووت ناکرێ. بەڵام دواتر کە کاک مسعود هاتە کەرەج و چاومان پێکەوت، بەڕێزی ڕای وئەبو کە من لەسەر

خوێندنەکەی خۆم بەردەوام بین. ئێمە سووربوونی خۆمان نیشاندا، بەڕێزی فەرمووی لە وانەیە ١٠٠% بکوژرێن و نەگەڕێنەوە، وتمان لە وێ بمرین نەک لە دەربەدەری بژین. ئەوسا بڕیاری لەسەر ئەوەدا بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. ئەوجا تەنها دوو ئامۆژگاری کردین کە دواتر لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا و ئێستا و ڕۆژانەش کاری پێدەکەم سودی لێ دەبینم، فەرمووی زەحمەت و ئەزیەتێکی زۆر دەبینن، وەزعی کوردستان زۆر ناخۆش و نالەبارە، بەڵام نابێ قەد یەئس پەیدا بکەن خوا لە هەموو شتێک گەورەترە. دووەم: چەند سەرکەوتوو بن، چەند بەهێز بن غرور نەتانگرێت، ئێستا چەند مەغرور بن ئینسان چەند غرور بێت خوا ئەوەندە زووتر دەیخواتە خوارێ، ئەم دوو ئامۆژگاریە ڕەچاو بکەن سەرکەوتوو دەبن خوداش لە گەڵ ئێوەیە، ئەوجا تەسلیمی دوو برادەری کوردی ئێرانی خەڵکی سەر سنوورمانی کرد و بۆ شەوی دوایی ئاودیوی خاکی عێراقمانیان کرد.

پ/ ئەوە چ ڕۆژێک بوو دکتۆر ئەگەر لەبیرت مابێ؟

و/ قەد لەبیرم ناچێ. ڕۆژی ١٩٧٦/٥/١٢ بوو، کە گەیشتمە گوندی(بیلکۆ) سەر بە قەڵادزێ، بەر لە منیش کاک شێخ عەزیز چووبووە ئەو ناوچەیە کە گەیشتمە ئەو دێیە موختاری ئەو زەمانە و پیاوەکانی دەوریان دام و کەوتنە پرسینی ئەوەی کە لە کوێوە هاتووم و خەڵکی کوێم و بۆچی هاتوم؟ بەڵام توانیم ڕێگۆرکێان لێ بکەم ئیخباریم نەکەن.

پ/ کاک کەمال. چەک، چیت پێبوو کە هاتیتەوە ناو کوردستانەوە؟

و/ هیچ. تەنها یەک گۆچانێکم پێبوو.ئەویش برایەکی کوردی ئێران لە گوندی (بێوران) دابووی پێم. کاتی خۆیەتی کە بە گەرمی سوپاسی ئەو برایە و هەموو دانیشتوانی ئەم گوندە بکەین کە بوونە پایەگایەک بۆ هاتووچۆی پێشمەرگە، بەڵام دوایی لە گوندی بیلکۆ دەمانچەیەکی بچووکی ڕەقەم حەوتیان دامێ کە وامدەزانی تۆپێکە بۆ ئەو ڕۆژگارە.

پ/ چەند پێشمەرگەت لە گەڵدا بوون؟

و/ کەس کەس تەنها بووم، بەڵام وام بۆ دیاری کرابوو کە لە گوندی (خوڕخورە) پەیوەندی لە گەڵ پێشمەرگەیەکدا بکەم. لە وێ چاوم پێکەوت، ئەویش کاک کەریم خوڕخوڕەییە و ئێستا لای خۆمان مەفرەزی پۆلیسە. کاک کەریم تفەنگی خۆی هەبوو. ئیتر ماڵ و حاڵی خۆی بەجێهێشت و پێکەوە کاک شێخ عەزیزمان دۆزیەوە لە ئەشکەوتە ڕەشی پشت گوندی (یاخیان) کە دەکەوێتە دۆڵی جافایەتیەوە، لەوێش فەقێ سمایل جاف کە گەورەی عەشیرەتی جاف بوو بە خۆی و عەشیرەتەکەیەوە یارمەتیەکی زۆریان داین. بە کورتی بووین بە سێ کەس من و کاک کەریم و شێخ عەزیز.

پ/ ڕۆژی ٢٦ ی گولان ئێوە لە کوێ بوون؟

و/ ڕۆژی ٥/٢٦ لە گەڵ کەریم خوڕخوڕەیدا لە نزیک شەدەڵە بووین، لە گوندی مەولان.

پ/ کە ئێوە چوونە ناو مەفرەزەی دیکەی پێشمەرگەی لێ بوون؟

و/ کە ئێمە گەیشتینە ئەوێ ناوچەکە پێشمەرگەی دیکەی لێ نەبوو خەڵکی ناوچەکەش ماون و ئەوەیان لە بیرە. پیاوانی ڕژێم بە ئارەزوو خۆی تەڕاتێنیان تیا دەکرد. هیچ پێشمەرگەیەک و هیچ مەفەرزەیەک و هیچ گروپێکی تر لە ناوچەکەدا نەبوون. مەفرەزەی پۆلیسی ڕژێم بە ناوچەکەدا دەگەڕان و بە هەموو شێوەیەک تەعدایان لە خەڵکی گوندەکان دەکرد تا ئەم مەفرەزیە گەیشتن دەستی ڕژێم دەگەیشتە هەموو گوندێک. تەنها مەفرەزەیەکی چەکداریش لە سنووری حاجی ئۆمەران هەبوون، کە پەیوەندیان بە شەهید ئیدرسی جوانەمەرگەوە هەبوو، ئەویش نەک بە ناوی سەرکردەی کاتیەوە، بەڵکو وەک مەجموعەیەکی چەکدار، تروسکەی ئومێدێک بوون لەو ناوچەیە، بەڵام باروودۆخ لە سنووری هەرێمی یەک (بادینان) بە جۆرێکی دیکە بوو. لەوێ شەهید عەبدولرەحمان صالح و شەهید محو گەودە و سەید حەمید و

مەحمود یەزیدی و کاک عادل و کاک جمال ئامێدی و کاک فوئاد ناوچەکەیان ئاوەدان کردبۆوە، بەڵام هەرێمی دوو واتا ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر بەو شێوەیە بوو کەباسمان کرد. بەڵام دواتر لەمانگی ١٩٧٦/٩ گروپ و مەفرەزەی تر پەیدا بوون لە وانە کاک عومەر عەبدوڵا و کاک سالار و شەهید ئارام. پەیوەندیشمان لە گەڵ یەک زۆرخۆش بوو، زۆرجاریش کە یەکمان دەگرت و زانیاریمان دەگۆڕیەوە و مناقەشەی یەکشمان دەکرد و ئیتر ئاوا. تەنانەت موناقەشەی پێکهێنانی بەرەیەکشمان کردو تەنها خاڵێکیش کە بووە هۆی ئەوەی کارەکەمان سەر نەگرێ ئەوەبوو ئەوان داوایان دەکرد سەرکردایەتی کاتی یەک دەنگی هەبێت. بەڵام (بزووتنەوە و کۆمەڵە) هەر هەر یەکە و دەنگێکیان هەبێ بەو شێوەیەش ئەوان دەبوونە دوو دەنگ . لەسەر ئەوە ڕێک نەکەوتین.

پ/ مەفرەزەتان تاکووێ بڕی دەکرد؟

و/ مەفرەزەمان دەگەیشتنە سنووری هەموو ناوچەکە، بە تایبەتی کاتێک کە ژمارەی پێشمەرگەمان پەرەی سەندو ڕێکخستنی پارتایەتیمان بە هێزتر بوو، لەو مەفرەزانەی کە دەورێکی چاکیان گێڕاو دەستی ڕژێمیان کورت کرد، مەفرەزەکانی کاک نەسرەدین مستەفا و کاک تحسین شاوێس بوو، کاک قادر فەرەج بوو کاک حمەصالح ڕۆژبەیانی بوو , کاک مستەفا ئەحمەد و کاک فتح الله و کاک حەسەن خۆشناو و ئەوانەی دەوری ئەندامیەتی هەرێمیان هەبوو مەفرەزەی تریش. هەرچەندە لە سەرەتادا شەهیدێکی زۆرماندا بەتەنها مەفرەزەکەی کاک تحسین شاوەیس لە ١٩٧٧/٥/١٠ کە ڕژێم لە گوندی (ژاڵە) دەوروبەری چەمچەماڵ هێرشی کردە سەریان (٧) شەهیدیاندا کە بۆ ئەو ڕۆژە و ئێستاش خەسارەتێکی گەورە بوو، بەڵام کۆلیان نەداو ئەوانیشی کە ماون ئێستاش لە کۆڕی خەباتدان.

هەروەها هەندێکیان لە بواری ڕێکخستنی پارتایەتیدا ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان دیت لە وانە شەهید مەلا ڕەسول کە کادیرێکی ئاینی زۆر بەهێز و چالاک بوو، ڕێکخستن و پەیوەندی پارتایەتی گەیاندە ناو شارەکانی کەرکووک و سلێمانی و بەغداش، هەروەها برایەکی شەهید عەزیزیش هەبوو ئەویش لەناو سلێمانی لەم بوارە جێی دەستی دیار بوو لە ڕێکخستنی پارتایەتیماندا تەنانەت گەیشتبوونە ناو سوپای ڕژێم بە تایبەتیش لە شاری قەلادزێ کە بەداخەوە لێژنەی ناوچەی قەلادزێ ئاشکرا بوون ڕژێم ئیعدامی کردن، لە ڕووی عەسکەریەوەش توشی شەڕێکی زۆر هاتووین، بەڵام بە زیانێکی کەم سەرکەوتنی گەورەمان بەدەست هێنا.

پ/ کاک کەمال باسی شەڕتانکرد، کاتی خۆی شەڕی شارستێن دەنگێکی گەورەی دایەوە ورەیەکی زۆری خستە بەری خەڵک دەشێ کورتە باسێکی ئەو شەڕەمان بۆ بکەن؟

و/ شەڕی شارستێن تاقی کردنەوەیەکی گەورە بوو لە دۆڵی جافایەتی چەند بنکەیەکمان دامەزراندبوو لە داوێنی چیای ئاسۆس و شینکایەتی و دابان و سێدەر و شارستێن و شوێنانی تریش. ڕژێم بە پێی پلانێک هێرشی هێنایە سەر بنکەکەمان لە گوندی (سێدەر) کە چەند کیلۆ مەترێک لە شار و سەربازگەی دوکانەوە دووربوو، ئێمە بۆ هاریکاری پێشمەرگەکانمان ویستمان بچین بەدەم شەڕەکەوە، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە ڕژێم لەچەند قۆلێکی تریشەوە هێرشی هێناوە. ئێمە لەڕێی شارستێن و یاخییانەوە بەرەو سێدارە دەچووین بەدوو قۆڵ، بۆمان دەرکەوت کە سەربازێکی زۆر گەیشتۆنەتە دەوروبەری شارستێن. کاتژمێری ٦:٣٠ ی بەیانی بوو، دونیا تەم و مژبوو، لە نێوان شارستین و هەوارەبەرزەدا پشتی هێزەکەی دوژمنمان گرت و شەڕ دەستی پێکرد. شەڕێکی زۆر سەخت دەستی پێکرد. سەرکەوتنێکی گەورەمان بە دەست هێنا. بەپێی ئامارێک کە دەستمان کەوت لە سوپای دوژمن (١٦٣)

کەس کــوژراون و هەلیکۆپتەرێــک خــرایە خــوارەوە لە کاتێکــدا کە چەکــی قورســمان نەبــوو. بە داخەوە لەو شــەڕەدا کە پێشــمەرگە زۆرجــار بە پێــوە شــەڕیان دەکــرد (٧) شــەهیدماندا و (٩) بریــندار و خۆشــم بریــندار بــووم، هەروەهــا (١٦) هــاووڵاتی دیــکەش شــەهید بــوون لە منــداڵ و ئــافرەت و پیرەمێردی شارستین (٥١) کەس بریندار بوون، جگە لە زۆری سوپاکەی ڕژێم و کەمــی پێشــمەرگە (١٢) هەلیکــۆپتەریش بۆردومانمــانی دەکــرد. بەڵام ســەرکەوتن هەمیشــە هەر بــۆ هەقە. ئەم شــەڕە لە دەزگاکــانی ڕاگەیانــدنی دەرەوەشــدا دەنگێکــی زۆری دایەوە و ورەی جەمــاوەر و پێشمەرگەشــی بەرزکــردەوە، لێــرەدا ئەوەش بڵێــین کە هــاووڵاتیەکی زۆری نــاوچەکەش بە تفەنگی خۆیانەوە هاوکاریمانیان کرد.

پ/ دکتۆر ڕژێم هیچ هەوڵێکی ئەوەی نەدا، کە پەیوەندیتان لەگەڵدا بکات؟

و/ نەخێر. تەنها جارێک نەبێت. ئەویش ئەوکاتەی کە بۆ یەکەمجار بوو شۆڕش گرووپێکی خەبیری پۆڵۆنیمان گرتبوو. لێپسراوێکی سەربازی گەورەی ڕژێم نامەیەکی بۆمان نووسیبوو و داوای بەردانی ئەو خەبیرانەی دەکرد بەرامبەر بە بــڕە پــارەیەک کە خۆمــان دەستنیشــانی بکەیــن و خۆشــیان ســەد هەزار دیناریــان پێشــنیار کردبــوو. لە نــامەکەدا نووســیبووی: پاراســتنی گیــانی ئەو بیانیانە ئەرکی هەموو هاووڵاتیەکی شەریفە و ئێمە سەد هەزار دینارتـان بۆ دەنێرین بۆ ئەو شوێنەی کە خۆتان دەڵێن ئەگەر ئەوەش کەمە خۆتان چەندتان ئەوێ بۆمان بنووسن دەتاندەینێ بە مەرجێ ئەو خەبیرانە بەربدەن. ئێمەش لە وەڵامدا بۆمــان نووســین: ڕاســتە ئەوە ئەرکــی هــاووڵاتی شــەریفە، بەڵام ئێوە شەریف نین ئەگەر وانەبووایە منداڵ و ئافرەتی کوردی بێتاوانتان نە دەکوشت. ئەو خەبیرانە لای ئێمەن ئێمە سەلامەتی گیانیان دەپارێزین، چەندیشتان پارە دەوێ بۆ بەردانــی ئەو کــوردەی کە بەردەســتکەوتن دەیــدەین ئەگەر ئازادیــان

بکەن هەرچەندە ئەوکاتە پارەشمان نەبوو، بەڵام ئەوها وەڵامیانمان دایەوە و ئیتر هیچ پەیوەندیەکیان نەبووە لە گەڵماندا.

پ/ هاوکاری جەماوەری خەڵک لەگەڵتاندا تا چ ڕادەیەک بوو؟

و/ ڕاستە ئێمە زۆر بێ کەرەستە و تەقەمەنی و خواردن بووین و ڕاستە زۆر ماندوو بووین، بەڵام خەڵکەکەش زۆر یارمەتیان دەداین چ لە ناو کوردستانی عێراق چ لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ئێران و تورکیا و سووریا، یارمەتی و کۆمەکی ئەو خەلکە قەت لەبیر ناکرێ. یارمەتی و قوربانیدانی میللەتەکەمان نەبووایە هیچمان بۆ نە دەکرا و نە دەگەیشتینە ئەم ڕۆژە، خەڵک سەرەڕای نەبوونی و دەستکورتی و ترسی ڕژێم بە نان و بەرگ و بە ڕۆڵە جگەر سۆزەکانیان هاوکاری شۆڕشیان دەکرد. زانیاریان بۆ دەهێنایـن، زەحمەتیان دەکێشا، لەگەل ئێمەدا دەکەوتنە مەترسیەوە و وەکوو ئێمە بریندار دەکران و شەهید دەبوون. بە چەکی خۆیان وەکوو ئێمە دەهاتنە شەڕی بەرگریەوە بەبێ ئەوەی پێشمەرگە بن یان لە تەنزیمیدا بن.

پ/ کاروباری خەڵکتان چۆن ڕادەپەراند؟

و/ خەڵک بڕوای پێمان بوو. گیروگرفتی یاسایی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەهێنایە لای پێشمەرگە. ئێمەش بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە لیژنەیەکی شەرعیمان پێکهێنابوو کە خەڵکەکە زۆر ڕێزیان لە بڕیارەکانی دەگرت، لە وانە شەهید مەلا ڕەسول هەبوو هەروەها مەلا خدر و مەلا محەمەد و مەلا مەحمود هەبوون کارەکانمان بەوان دەسپارد ئەوانیش زۆر بە عەداڵەتەوە چارەیان دەکردن.

هەر بەم بۆنەیەوە، مەلا مەحمود زروفێکی بەسەرهات کە دەبووایە خۆی تەسلیم بە دوژمن بکاتەوە، بەڵام لەوساتەدا کە تفەنگەکەی دانا لە حەسرەت و غیرەتی خۆیدا تووشی سەکتە قەلبی بوو شەهید بوو. ئەو لیژنەمان چەندین جار تەنانەت کێشەی دوژمنایەتی لە مێژینەی عەشایەری ناوچەکەشیان چارە دەکرد.

پ/ پەیوەنـــدیتان لە گەڵ یەکتـــر و لە گەڵ دەرەوەی کوردســـتان چـــۆن هەڵدەسوڕا؟

و/ مەفرەزەکان هەموو پەیوەندیان بە هەرێمەوە هەبوو بە نیسبەت هەر دوو هەرێمیشـــەوە پەیوەنـــدیمان بە کـــاک جەوهەر نـــامیق (ســـلیم)ەوە، هەبـــوو، زۆرجاریش لە ڕێی تەنزیماتی دانیشگای بەغداوە پەیوەندیمان دەکرد و بۆ هەندێ کاروبار تەنسیقمان دەکرد.

بۆ پەیوەندی لە گەڵ دەرەوەی کوردستاندا هەموو شتێک برای جوانە مەرگ کاک ئیدریس بارزانی شەهیدی هەمیشە زیندوو سەرپەرشتی دەکرد و هەڵی دەسوراند و هەمیشەش لە کاتی پێویستدا – جاری وا هەبوو بە بێ ئەوەی خۆشمان دەنگمان بیگاتێ فریئەمان دەکەوت و بە دەنگمانەوە دەهات  لە بیرمە جارێکیان داوای ئامۆژگاری و ڕێنمایمان لە سەرۆکی مەزن بارزانی نەمر کردبوو، ئەویش لە وەڵامدا بە ڕێگای کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندووەوە فەرموو بووی:

میللەتی کورد میللەتێکی مەزڵومە، برینداره دوژمن زوڵمی لێکردوە، ئەمانەتی خوایە لە ملی ئێوە زیاتر دڵی بریندار نەکەن چەند بۆتان دەکرێ لە گەڵ میللەت و ڕۆڵەکانی خۆتان نەرم و دڵ گەورە بن بە دڵ فرەوانییەوە لە گەڵیان هەڵسنو دانیشن. ڕێز لە بچووکترینیان بگرن  لە گوند  یان لە شار بە دڵ گەورەییەوە لە گەڵیاندا بجولێنەوە، خۆ بە گەورە مەزانن بەرامبەریان، بەڵام بەرامبەر دوژمن ڕەق بن، تەنازولیان بۆ مەکەن، خوا لە گەڵتان بێت. ئێوەش لە مەنتیقەن دەزانن چی بکەن خوا پشتیوانتان بێت.

پ/ چیتر: دکتۆر؟

و/ بە بۆنەی یادی سالرۆژی (١٧) یەمی گولانی پیرۆز  سەری ڕێزونەوازش بۆ شەهیدانی گوڵان دادەنەوێنم، بە تایبەتیش بۆ سەرۆک و ڕابەری مەزنمان بارزانی نەمر و شەهیدی هەمیشە زیندوو کاک ئیدریس بارزانی کە بە هەموو

توانایەکەیەوە سەرپەرشتی ئەو قۆناغە ناسکەی کرد  نەمری و سەر بەرزی بۆ هەموو شەهیدان. سوپاس

## محەمەد خالید بۆصەلێ

## مێژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان لێکدەبەستێتەوە

## ئەسعەد عەدۆ

## مەلائۆمەر

## ١٩٩٥/٢/٢٧

لە وەتەی مێژوو بە مەزاجی ئەو و ئەو دەنووسرێتەوە، گەلانی ژێردەست و مرۆڤی خۆبەختکەر و گیان لەسەردەست بوونەتە بەردی بنگۆم و خەڵکانێکی هەڵپەرست وجلە و لەدەست بوونەتە کەڵەگای مێژوو، ئێمەی کوردیش بە زەقی چاون لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو زڵممان لێکراوە، بیانووشمان ئەوەیە کە گوایە مێژووی کورد بە دەستی نەیاران نوسراوەتەوە، سەیر لەوەدایە لەم چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕین بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و نەفس نزمی هەڵپەرستانی ئەمرۆ بە دەستی خۆمان مێژووی ناسکی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد دەشێوێنن، بۆیە بە پێویستی دەزانم تا زووە هەوڵبدرێ مێژووی شۆڕشی کورد بنووسرێتەوە نەوەک ڕۆژێک بێت کەسانێکی ئەو تۆ جڵەو بەدەست بێن بەزەییان بەکورد و سەرکردە دێرینەکانی نەیەتەوە لە دوژمن خراپتر بکەونە گیانی ڕۆحی نەتەوایەتیمان،

ئەمجارەش خۆمان بە بەختەوەر دەزانین پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر و گیان لەسەردەستی ڕێبازی کوردایەتی وەک محەمەد خالید بۆصەڵی ئەبو سگڤان)ە، ئەو قارەمانەی توانیویەتی بە لوولەی تفەنگەکەی خۆی مێژوو بۆ خۆی دروست بکات، بیکەین بە میوانی نووسین، تاکوو ئەمڕۆ لە دووتوێی کتێبکدا تۆمار بکرێ، ئەو خەباتگێڕە کە لە ڕۆژی ١٩٦١/١٢/١٠ وە، تا ئێستا بێ پسانەوە (لە ڕۆژانی چواردە ساڵەی گفتوگۆی ئاداری ١٩٧٠- ١٩٧٤ و هەست نەکردن بە ڕۆژانی ڕەشی نسکۆی ١٩٧٥/٣/٦ - ١٩٧٦/٥/٢٦ و تاریکە شەوانی ئەنفال ١٩٨٨- ١٩٩١ بگرە ئەم دوو شەڕەی ناوخۆشی لەگەڵ دابێت) بەردەوامە.

**پێناسە:**

خەباتگێر بۆصەلی لە بارەی سەرەتای پەیوەندیکردنی خۆی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە دەگێڕێتەوە دەلێ: لە ڕۆژی ١٩٦١/١٢/١٠ لە گەڵ خەڵکێکی زۆری ناوچەکەمان چەکی بەرگریمان لە کوردایەتی کردە شانو بە بەرپرسیارەتی (عەلی هالۆ بۆصەڵی) بەرەو ناوچەی بەرواری کەوتینە ڕێ. لەوکاتەدا بوو سەرکردەی مەزنی کورد بارزانی نەمریش گەیشتە ئەو ناوچەیە.

ڕۆژ چوو ڕۆژ هات بە بەشداری بە ناوبانگترین شەڕەکانی دەڤەری بادینانم کرد و بۆ پێویستی ناوچەکە لە گەڵ پێشمەرگەیەکی تر دووجار خولی اندازەم بینی و لە دوایدا لە بادینان خولی اندازەم بۆ پێشمەرگەی تر کردەوە، ئەگەر خەڵک لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی دوای بەیانی ئادار پشوێکی لە چەک هەڵگرتندا هەبووبێ ئەوە من بە بەردەوامی لەجموجۆڵدا بوومە. ئەوکاتە نەخشەی پیلانی دوەلی لێرە و لەوێ بۆ لێدانی شۆڕشی کورد دەکێشرا، لە ڕۆژی ١٩٧٥/٢/٢٨ ڕەحمەتی (عیساسوار) ئامر هێزی زاخۆ بە برووسکە ئاگاداری کردمەوە (ئەوکات سەرپەلی اندازە بووم) بگەمە بارەگای هێز لەبەر

ئەوەی حکوومەتی عێراق گوندە کوردییەکانی ئەمدیو ئەودیوو سنوری ئاو لە نێوان سووریا و عێراق ڕاگواستبوو لە شوێنی ئەوان هۆزی عارەبی نیشتەجێ کردبوو، بۆ ئێمە زۆر ئەستەم بوو بتوانین چالاکی عەسکەری لە وێدا بکەین، بۆیە بڕیاردرا لەسنوور بپەڕمەوە دیوی سووریا لەوێشەوە بۆ ناو خاکی عێراق، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە:

١- تەقاندنەوەی شەمەندەفەری بارهەڵگر

٢- تەقاندنەوەی ڕێگە ئاسنی شەمەندەفەر

٣- تەقاندنەوەی بۆڕی نەوت لە نزیک ئالبوو کەمال (ئەمانە هەموویان لە بەری عێراق)

**بەئەنجام گەیاندنی فەرمان**

بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە کەلوپەلی پێویست بۆ تەقاندنەوە ئامادە دەکەن و (٧) حەوت پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی وەک (محمەد خالید بۆصەڵی) و (ئەحمەد ڕەمۆ) جێگری سەرپەل ئێستا لە سوێدە، (عەلی ئیسۆ نەعمۆ) ئێستا ئامر سرییەیە لە فەوجی بۆصەلێ، خەڵکی سووریایە، (سمایل سوری)، (ڕەشید مەلا عەبدوڵا)، (مەحمەد سەعید)، بەرەو کوردستانی باکوور بەڕێدەکەون لە داوای دەردەسەریەکی زۆر دەگەنە گوندی (دێرە دەفشی) لە لای برادەرێکیان بە ناوی (خەلیل دێرە دەفشی) میوان دەبن، خەلیل ئێستا پێشمەرگەی فەوجی بۆصەڵیە. بەشەو بەرەو جزیرا بۆتان لە نزیک قەسری دەلال دەچن و لە لای سەیدێک میوان دەبن، شەوێکی تر لە سەڕووی جزیرێ لە ئاو دەپەڕنەوە، دوای سێ ڕۆژ لە نزیک (نوسەیبین) دیوی سووریا دەپەڕنەوە، لە گوندی (عەندیوەرێ) نزیک (دێرکێ) جێگیر دەبن ڕۆژی گەیشتنیان بە خاکی سووریا ڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/١٤ دەکات.

خەباتکەر محەمەد خالید بۆصەلی لە درێژەی چیرۆکەکەدا گوتی: کاتێک گەیشتینە ئەو گوندە خەڵکەکە زۆر ڕێزیان گرتین و یارمەتیاندایین، چونکە پێشمەرگەی بارزانی بووین، دەبوو ئێمە لە ڕێگای (التجمع الوطنی العراق) یەوە، بچین و ئەوان چاو ساغیمان بۆ بکەن لەو گوندەدا جلو بەرگی خۆمانمان گۆڕی و چەکمان شاردەوە

چووینە (ترپئەسپی) ئەو هەڤاڵەی ئێمە لە شەمەندەفەر کاری دەکرد بە هۆی دەستە خوشکی کچەکانییەوە جێگەو ڕێگەمانی پێ نیشاندرا پاشان چووینە (قامشلی) لە دوایدا بۆ (عامودا) لە وێ لە ماڵی دووبرا بە ناوی سینۆ و سەیدۆ میوان بووین، هەروەها برادەرێکی دیکەمان سیاسی تر دایە! ئینجا گوتی: ڕۆژێکیان بە نهێنی هاتمەوە گوندەکانی سنوور بینیم چەند بازرگانێکی گوندەکانی لای خۆمان (بێزهێ، ئەمشتەدولا) لەوێن دوو وێنەو نامەیەکم دایە (قاسم) ناوێک لە نامەکەمدا نووسیبووم من ناگەڕێمەوە بە دوای مندا مەگەڕێن.

## دوای نسکۆ هێنان

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەزع دژوار و ناخۆشتر دەبوو، لەڕۆژی ١٩٧٥/٤/٤ دا، دوو نامەم بە ئاگاداری ئەحمەد ڕەمۆ بۆ بارزانی نەمر و ڕەمەزان عیسا (جێگری عیسا سوار) نووسی و گوتم، من فلانی کوڕی فلانم، بە فلانە کار لێرەم ئەمرتان بە چیە؟

بازرگانێکی سووریایی کە پاسەپۆرتی هەبوو نامەکانی بۆم گەیاندە ئێران، لە ڕۆژی ١٩٧٥/٤/١٢ دا وەڵامی کاک مسعود بارزانی بە دەستخەتی خۆی گەیشتە من وتیایدا نوسرئەبو: خۆتان بگرن لەوێ بمێنن بە ڕاستی ئەو نامەیە دڵی خۆشکردین، نیشانی خەڵکی سووریامان داو گوتمان شۆڕش بەردەوامە بەم زووانەش چارەسەری ئەم بارودۆخە دەکرێ ئەوە بوو خەڵک و حزبە

سوریەکان دەوەریاندایـن و ڕێزیان گرتین.

نامەی دووەم بە ناوی خواستراوە بۆ کاک مسعودم نارد لە وەڵامدا فەرمووی ئێوە نابێ بێنە ئێران بگرە بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان کار بکەن و بەردەوام بن لە ڕێکخستن، لەم ڕۆژانەدا هەڤاڵان عەبدولرەحمان سالح و سەید حەمید لە تورکیاوە دەگەنە لاتان بە داخەوە ئەوانە ئێستا هەردووکیان شەهید بوونە.

هەرچەندە کاک بۆصەلی و ڕەمۆ نەخۆێندەوار بوون، بەڵام توانیبوویان خەڵکی نووسەرو ڕۆناکبیری کوردی سووریا لە خۆیان کۆبکەنەوە تانووسینیان بە ناوی ڕێکخستنی پارتیەوە بۆ بنووسین و ئەوانیش لە ناو خەڵک و گوندەکانی سەرسنووردا بڵاوبکەنەوە، ئینجا هەڤالانی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا وایان بەچاک زانی کە ئەو چوار هەڤاڵەی پارتی (عێراق) پەیوەندی بە (التجمع الوطنی العراق) یەوە، بکەن ئیتر بە هەر شێوەیەک بێ پەیوەندیان لە گەڵدا دەکەن (التجمع) داوایان لێدەکات کە پۆستەکانیان بۆ بگەیینە ئەسعەد خۆشەوی، هەڤالانی ئێمە ڕازی نابن، بۆیە (التجمع) بڕیاردەدا محەمەد بۆصەلی، بە ناوی (ئەبو دارا) بینی. چوونەکەمان بۆ ئەوە بوو تا ئەو برادەرانە نەخشەی بۆڕی نەوتمان بۆ بێنن و نیشانمان بدەن.

پاش ئەوەی نەخشەکەیان بۆ هێنان گەڕاینەوە قامشلی بۆ ئەنجامدانی کاری یەکەم و دووەم لەوێ برادەرێک بە ناوی مستەفا هلێلی (ئێستاش ماوە مەبەست ساڵی ١٩٩٥) ئێمەی بردە ماڵ، لە ماڵ دەستی کرد بە گریان وگوتی (ماڵامە خراپ بی! عیسا سوار هاتە کوشتن، شۆڕش شکەست!) بڕوام نەکرد ئەو ڕۆژە نەورۆز بوو شەو لە تەلەفزیۆن باسی شکانی شۆڕشی ئێمە دەکرا، ئەوکات گەیشتمە بڕوا کە قسەی هلێلی ڕاستە، ئێمە کارەکانی خۆمان ڕاگرت و بەهەڤالانی خۆم ئەوانەی خەڵکی سووریا بوون گووت: ئێوە بڕۆنەوە ماڵی

خۆتـــان نەوەک حکـــوومەتی ســـووریا گیرگرفتـــان بـــۆ بنێـــتەوە، ئەوە بـــوو حکوومەتی سووریا بە دوای ئەو کەسانە دەگەڕا کە باسی کوردینیان دەکرد.

ڕۆژی پاشـــتر مـــحەمەد بۆصـــەلی و ئەحـــمەد ڕەمـــۆ دەگەڕێـــنەوە گونـــدی عندیوەرێ بۆ ئەوەی چەکەکانیان لە گوندێکی تر بشارنەوە، ئینجا دەگەڕێنەوە قامشـلی و کـوردە وەفادارەکـانی سـووریا لە خـانوویەکی نێـو مـاڵی مـحەمەد حاجی خەلەف حەشاریان دەدەن بەبێ ئەوەی خەڵک پێی بزانێ لە ناکاو هەڤاڵ بۆصـەڵی گـوتی: مـحەمەد حـاجی خەلەف ئێسـتە لە بـارێکی، ئەحـمەد ڕەمـۆ لە گوندی (چەمشەرف) نیشتەجێ بن، عەبدولرەحمان ساڵح و سەید حەمەدیش لە (حەســـەکە) بەڵام لە دوای ســـێ ڕۆژ هەر چـــوار هەڤـــاڵ لە قامشـــلی لە مـــاڵی مـــحەمەد حـــاجی خەلەف یەک دەگـــرنەوە. ســـەید حەمیـــد لە کـــاتی خۆیـــدا لە گومرگی (دێرەبۆن) بووە ئاشنایەتی لە گەڵ فەرمانبەران و خەڵکەکەدا هەبووە، کـاک عەبدولرەحمان صـالحیش بە هـۆی ئەوەی توانیبوویـان بە ئـازادی لە نـاو سـووریادا بگەڕێـن، بەڵام بۆصـــەڵی و ڕەمـۆ لە حکـوومەتی سـووریا قاچـاخ بوونە.

**پەیوەندیکردن بە جەلال تاڵەبانی**

لە بارەی ئەوبارە دژوارەوە بۆصـەڵی گـووتی نـامەیەکی تـرم بـۆ مسـعودی هێژا نووسـی کە تێیدا بـاس و خواسـی خۆمانمـان بـۆ باسکرد بـوو لە وەڵامـدا دوو نـامەو (٤٠٠) چوارســـەد دینـاری عێراقـی بـۆ نـاردین لە نـامەکە بـۆ مـن فەرمووی بوو: ڕێزو سلاڤ ئێوە لەسەر کاری خۆتان بەردەوام بن ئەم پارەیە بـۆ ئەم بـرادەرەیە کە ئەم نـامەیە دەبـاتە لای جەلال تاڵەبـانی لە شـام، ئەگەر وەزعتان ناخۆشە لەسەر دەستی جەلال خۆتان تەسلیم بە حکوومەتی سووریا بکەن.

لە ڕێگەی ئەو نامەیەوە زانیمان جەلال لە شامە بڕیارماندا عەبدولرەحمان

صالح ئەو نامەیە بگەیەنێتە جەلال، چوارده ڕۆژی پێچوو عەبدولرەحمان نەگەڕایەوە ئەوە بوو سەید حەمیدمان بە دوای نارد لە دوای حەوت ڕۆژ سەید هاتەوە ئاگاداریی کردین کەوا عەبدولرەحمان لە لایەن جەلالەوە دەست بەسەرە (ئیقامە ئیجباری) عەبدولرەحمان وەزعی ئێمەی لە لای جەلال باسکرد بوو ئەویش گوتبووی: تۆ پاراستنی ئیسرائیل بوویت حکوومەتی سووریاش ڕێگە نادات لە ناو خاکی ئەودا بمێنیت، عەبدولرەحمان کوڕێکی زیرەک بوو بە جەلالی گوتبوو: چیت لە من ئەوێ ؟ جەلالیش پێی دەڵێ: تۆ زیرەکی هەوڵت بۆ دەدەم  لێرە بمێنیتەوە، بەڵام پێویستە لە گەڵ مندا کار بکەی، چونکە لەم نزیکانە حزب دروست دەکەین و دەست بەشۆڕش دەکەین.

هێندەی پێنەچوو لێژنەیەک لە مانە پێکهاتبوو هاتنە لامان کەریم فەیلی (عبدالرزاق – فەرهاد شاکەلی) محەمەد یحی شەنگاری و قاسم عەزیز ئەمانە سەر بە(التجمع الوطنی بوون) بوون پێکەوە دانیشتین وتیان نامەیەک لە مسعودەوە بۆ جەلال هاتووە پێویستە ئێمە ئیش بکەین و لێژنەیەکی حزبی لێرە دروست بکەین! منیش گوتم لەسەر خێرێ، چونکە ئاگادارم نامەی کاک مسعود هاتوە، ئەوەبوو منیان کردە لێپسراوی لێژنەیەک لە قامشلۆوە تا دەگاتە گوندەکانی سنووری عێراق و لای جزیرێ، منیش پەیوەندیم بە خەڵکی سووریاو ئەو کوردە پەنابەرانەی خۆمانەوە کرد و لیستێکم بەنازناوی ئەو خەڵکە دروستکرد خەڵکێکی زۆرمان لە دەوەرە کۆبوونەوە لە مانگی ١٩٧٥/٥ ڕۆژێکیان پۆستمان گەیشت سەیرم کرد بەیانێکی بەم ناونیشانە تێدابوو (الاتحاد الوطنی لماذا؟) ئەز دین بم!!

**ئاشکرابوون**

پۆستەکەم سوتاند بە ناو خەڵکدا سوڕامەوە و پیلانی جەلالم بۆیان شیکردەوە پێمگوتن: ئەوەی لەگەڵ مندا کار دەکات ئەوا ئێمە پارتی دیموکراتی

کوردستانین بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە جەلال بێ بەرین و پەیوەندیمان بەو حزبە نوێیەوە نییە.دەمودەست نامەیەکم بۆ کاک مسعود نووسی و ئەو بەسەرهاتەم تێدا باسکرد دوو دانەی بەیانەکەشم بۆیان نارد کاک مسعود لە وەڵامدا فەرموی خۆتان ڕابگرن نەوەکا ئازارتان بدەن بەم نزیکانە سەرکردایەتیەک دروست دەکەینەوە

هێندەی نەبرد کابرایەک بە ناوی) مەلا محمەدی نەیۆ (کە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردی سووریا بوو (لەلای شۆڕش دەست بەسەر بوو) چونکە لە مانگی ١٩٧٥/١ دا، هاتە لامان لە (ئەرمشتێ) بۆ دیمانەی بارزانی، چونکە گیروگرفت لە نێوان سەرکردەکانی پارتی سووریادا هەبوو.

مەلا نەیۆ لە ئێرانەوە بەرهەڵدرا بوو ئەسعەد خۆشەوی پێیگوتبوو لە سووریا چاوت لە هەڤاڵانی ئێمە بێت تا گەیشتنی (نەیۆ) بە شام. جەلال بە جیئەبونەوەی ئێمەی نەدەزانی، نەیۆ لە شام سەربردەی ئێمە بۆ جەلال گێرابۆوە، کاتێ مەلا محەمەد نەیۆ هاتەوە زۆر ڕێزی لە ئێمە گرت و گوتی هەر پێوستەیەکتان هەبێ ئێمە بۆتانی ڕەوانە دەکەین، بەڵام ئێمە نەماندەزانی نەیۆ سەردانی جەلالی کردووە، من و هەڤاڵان کۆبووینەوە پۆستەی خۆمان ئامادەکرد و بەدەستی (سادق دەفن دەق) ڕەوانە کرد پۆستەی ئەمجارەمان دەربارەی حکوومەتی سووریا، جەلالیەکان حزبە سوریەکان، خەڵکی سووریاو ڕێکخستنی خۆمان بوو، هەرچەندە پۆستەکە گەیشت و وەڵامیشی هاتەوە، بەڵام ئەوان سەربردەی ئێمەیان بە تەواوی دەزانی، بۆیە ڕۆژێکیان لە گوندەکانی سەر سنوور موخابەرات دەوری گرتین بە ناوی ڕاستەقینەی خۆم بانگیان کردم گۆتیان: تۆ تاوانبار (یونس محەمەد ڕەشۆ) دەرباز دەکەی منیش گوتم من ئەو کەسە نیم بگرە ئێمە سەربە (التجمع) ین، ئەمەش ناوی (خالید)ە، ئەوان ڕۆیشتن و ئێمەیش چووینە دێرکێ.

بەرلەوەی کاک محەمەد خالید و هەڤاڵەکەی بگەنە دێرکێ (٧) حەفت

ئۆتۆمبێــل بە چەکەوە لە دووڕیــان (مــف.ڕق) ڕئاوەســتئەبون ئیتــر ئەوان ڕێگۆرکێ دەکەن بۆ سپێدە دێنەوە ناوشار و لەبەر دەرگەی دوکانێکدا پیاوێکی (موخابەرات) بەرەو (فرع المخابرات) ڕاپێچیان دەکات ئەبو عارفی لێپسراوی (الفرع) داوا لە بۆصەڵی دەکات کە لیستی ناوی هەڤالانی ڕێکخستنی بداتێ، بەلام بۆصەڵی پێی دەڵێ: ئێمە عێراقین و زیانمان بۆ ئێوە نییە و نەبووە، ئەمەی تۆیش داوای دەکەی کارێکی تایبەتە بە خۆمانەوە بۆیە ناتوانم ناوی هەڤالانت لەبەردەست دابنێم هەرچەندە ئەبو عارف پیاوێکی توندو دژوار بوو، بەلام هەڵوێستی بۆتە مایەی ئەوەی کە ڕێزی بگرێت.

لە وەلامی پرسیارێکماندا لە بارەی ئەو دووزمانییەی لە سەریانکرا، هەڤاڵ بۆصەلێ گوتی: کاتێک لە فرع دەرچووین و بەرەو بارەگای خۆمان لە (بەستا سووس) ڕۆیشتین لە گەڵ گەیشتنماندا بینیمان سلێمان حاج عەڤدی کە بەدبێژی لەسەرمان کردبوو هاتە لامان: فەرمو بچینە ماڵی ئێمە لە دوای هێنان و بردنێکی زۆر بە ئاگاداری ئەحمەد ڕەمۆ چوومە ماڵیان بینیم سادقی دەفندەق لوێرێ ڕوونشتیە، وەلامی نامەی کاک مسعودی بۆ هێنابوو لە گەڵ (٥٠٠) پێنجسەد لیرەی سووری، زمانی خۆم گەست! گوتم ئەوە زانیمان سلێمان پیاوی (التجمع)ە، بەلام سادق ئێوە بۆ بێ بەختیمان لە دژدا دەکەن ؟ ئێمەش وەکوو ئێوە کوردین و بۆ کوردینی لێرە غەریب بووینە!

لە ماڵی سلێمان هاتمە دەرەوە بەرەو قامشلی ڕۆیشتم و سەربردەکەم بۆ ئەحمەد ڕەمۆ گێڕایەوە دوای سێ ڕۆژ لێژنەیەک کە لە کەریم فەیلی و فەرهاد شاکەلی پێکهاتبوو هاتنە ئوتێل سەمیرامیش بەدوایاندا ناردین، سەرەتا قسەی ناشرینیان بەبنەماڵەی بارزانی گووت و باسی جموجۆلەکانی ئێمەیانکرد منیش قسەم پێ بڕی و گوتم: تا دوێنێ تۆ پاراستنی ئەو بنەماڵەیە بوویت و لە حاجی ئۆمەران لە چادرێک دەژیای، بۆ نۆکەریت بۆ دەکردن و ئەمڕۆ بەدفەرییان دەرهەق دەکەی؟ کاتێک بینی من قسەم توونده زمانی خۆی گۆڕی

و گووتی: تۆ پیاوێکی زیرەکیت ئەگەر لە گەڵ ئێمەدا کار بکەیت هەر شتێکی بتەوێ بۆتی جێبەجێ دەکەین گووتم: بڕاڵە هەر کەسەو بە ڕێگەی خۆی. خواحافیز.

## پەیوەندی کردن بەحکوومەتی سووریاوە

لەو کەینوبەینەدا بووین کاک مسعود ئاگاداری کردینەوە کەوا هەوڵ بدەین بە شێوەی ڕەسمی بەرپرسانی حکوومەتی سووریا ببینین. ئەوە بوو من و سەید حەمید توانیمان چاومان بە (العمید دەحام) بکەوێت ئەوە بوو باسی خۆمان و ڕێکخستنی خۆمان بۆی کرد و داواکاری خۆمان پێشکەشی کرد بۆ ئەوەی بە ئازادی لە خاکی سووریا کار بکەین، چونکە زەرەرمان بۆ ئەوان نییە و ڕژێمی عێراقیش بۆ هەردوو لامان وەک یەکە، سەرەتا (دەحام) هەواڵی ئەو لیوا سەربازە سووریاییەی لێمان پرسی کە لە ساڵانی ١٩٦٣ دا بۆ شەڕی شۆڕشی کورد هاتبووە کوردستان (مەبەستی هاتنی لیوای الیرموک بووە کە بە بەرپرسی فهد الشاعر الدورزی هاتنە هاریکاری عیراق) ئێمەیش بەبێ ترس ئەوەی دەمانزانی بۆمان گێڕایەوە و گوتی: دەبێت سەید حەمید بچێتە ئێران و ئیدریس بارزانی یان سامی عەبدولرەحمان ئاگادار بکات کەوا حکوومەتی سووریا پێشوازیان لێدەکات ئەگەر بێنە وڵاتی ئێمە!  هەرچەندە بیانومان دۆزیەوە. نەخێر، لە ئەنجامدا ڕێگەیان بۆ خۆشکردین و سەیدمان نارد، بەداخەوە ئەوکاتە کاک مەسعود لە گەڵ بارزانیدا چووبوونە ئەمریکا بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی بارزانی لەبەر ئەوە هیچ وەڵامێکمان بۆ نەهاتەوە، چووینە لای (دحام) ئاگادارمان کردوە کە لەو کاتەدا (ئەبو سەلاح) کە بەرپرسێکی (التجمع) بوو هاتە ئەوێ لە جنێوو هەرەشە درێغی لە گەڵدا نەکردین و ژوورەکەی بەجێهێشت، دەحام دڵی داینەوە گووتی ئەویش وەکوو ئێوە میوانە نابێ دڵتان برەنجێ ئێوە لەسەر کاری خۆتان بەردەوام بن.

دوای ئەو مشتومڕە بۆصەڵی و سەید هەوڵدەدەن سەردانی (التجمع) بکەن بۆ ئەوەی ناخۆشی زیاتریان نەکەوێتە نێوان، بەڵام (ئەبو میدان) هەروەکوو (ئەبو سەلاح) هەڕەشەیان لێدەکات، هەرچەندە (سمیر)ی، برای دەکەوێتە نێوانیان، بەڵام سوودی نابێ و بە ناخۆشی لە (التجمع) دەردەکەون، لەو ماوەیەدا عەبدولرەحمان صالح دەگاتە ناو جەلالیەکان دوابەدوای ئەو ناخۆشیەی نێوان هەڤاڵانی پارتی و (التجمع).

هەڤاڵان زۆر بە نهینی کاری ڕێکخستن دەکەن، تاوەکوو ڕۆژێکیان هێژ کاک مسعود بە تەلەفۆن ئاگاداریان دەکاتەوە کە بەرەسمی یادەوری پێشکێش بە حکوومەتی سووریا بکەن لەو بارەیەوە هەڤاڵ بۆصەلی دەلێ: لە گەڵ ڕۆناکبیرانی کوردی سووریا دانیشتین یاداشتەکەمان نووسی، منیش لە ژێرەوە مۆرم کرد بە مەزندەی خۆم ئەو یاداشتە نەگەیشتە شوێنی خۆی، چونکە جەلالیەکان لە ناو دەزگاکانی حکوومەت دەستیان درێژ بوو، هەروەها بەئاشکرا بارەگای چەکداریان هەبوو، ئێمەیش قاچاغ.

ڕۆژێکیان حزبێکی چەپی سووریا کە نوێنەرەکەیان ناوی (عەزیز) بوو هاتە لامان گوتی: بۆ لەگەڵ جەلالییەکان دانانیشن ئەو ناکۆکیەتان چارەسەر ناکەن، ئەوە بوو لە گەڵ کاک عەزیز سەردانی بارەگای جەلالیەکانمان کرد، کەریم فەیلی و فەرهاد شاکەلی، ئیبراهیم عەزۆ و حەمید حەسەن و عەبدولرەحمان سالح لەوێ بوون وەک تاوانبار قسەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد و باسی ئەو یادەوەرییەی ئێمەیان کرد چۆن تەسلیمیان کردووە، بە کەریم فەیلم گووت ئێوە حزبن و ئێمەیش حزب، بەڵام زۆر ناشرینە لای موخابەرات بەدبێژیمان لەسەر دەکەن و پڕوپاگەندەی پیاوی ئیسرائیل و جاسوسیمان دەکەن! گوتی شتی وانییە!

گوتم ئەوە قسەی بابە شێخ و بۆزێیە کە بەمنیان گوتووە! لەوکاتەدا لە بەردەم کاک عەزیزدا کەریم فەیلی ئەشهەدوبیلای کێشا کە بە ڕاستی ئێمە

پیاوین و پێشمەرگەی کوردین لە دوای ئەو گفتوگۆیە کاک عەزیز پشتیوانی ئێمەی دەکرد و ڕێزی لێ دەگرتین.

# یەکەم بەیاننامەی قیادەی موەقەتە

لە دوای ئەو سەردانەماندا عەبدولرەحمان صالح هاتەوە لامان، مانگی ١٩٧٥/١٢ کاک مسعود بە تەلەفۆن ئاگاداری کردینەوە کە دوو هەڤاڵ بە ناوی سەلیم و حەسەن دێنە کوردستانی تورکیا، هەوڵبدەن لە(میدیات) چاوتان پێیان بکەوێ، شایەنی باسە سەلیم نازناوی کاک جەوهەر نامیق بوو، حەسەنیش نازناوی کاک کەریم شنگاری بوو بۆ دیدەنی ئەو دوو بەرێزە کاک محەمەد بۆصەڵی و عەبدولرەحمان صالح دێنە وێستگەی شەمەندەفەری نێوان نوسەیبین و قامشلی، لە ناو فارغۆنەکانی شەمەندەفەری بارهەڵگر خۆیان حەشار دەدەن سنوور دەبڕن و دێنە جزیرێ، لە جزیرێ دوو ماڵ هەبوون بنەماڵەی (شێخ حەسەن) سەر بە پارتی وماڵی (سەبری نەوافیش) سەر بە یەکێتی لە ڕێگەی ئەو ناسیاوەوە دێنە (نوسەیبین) و، لەوێ ڕێگەو شوێنی کاک سەلیم و حەسەن دەزانن. بۆ سپێدە دەچنە (میدیات) لە ماڵی دوبرا (حسێن و عەبدولرەحمان حەسۆ) بە یەکتر شاد دەبنەوە، ماوەی (٨) ڕۆژ پێکەوە دەمێنەوە، کاک سەلیم و کاک حەسەن ئەندامانی سەرکردایەتی کاتیی بوون، بۆ یەکەمجا بوو بەیانی سەرکردایەتی کاتیان بۆ بڵاوکردنەوە هێناوە کە لەو دیدارەدا بڕیار دراوە:

١/ عەبدولرەحمان صالح بگەڕێتەوە سووریا بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڤاڵان

٢/ محەمەد خالید بۆصەڵی بچێتە ناوچەی بەرواری باڵا بۆ:

أ- گەیاندنی بەیانامەی سەرکردایەتی کاتیی.

ب- گەیاندنی نامەی تایبەتی بۆ ڕەحمەتی عەلی عەبدوڵا، تیلی گۆیی و حاجی

مەلۆ، بەرێز بۆصەڵی لەو بارەیەوە دەگەڕێتەوە دەڵێ: لەوکاتەدا بوو هەڤاڵێک بە ناوی عەبدولرەحمان یوسف کە لە دوایدا شەهید بوو هاتە لامان، من و ئەو بەو زستانە کوشندەیەی جزیرێ لە ڕێگەی (حاجی صبحی) یەوە، بەرەو کوردستانی عێراق هاتین و خۆمان گەیاندە (گەلی گوییا) گوندی (بێجی) ئەو ساڵە بەفرێکی یەکجار زۆر باریبوو، نامەی (تێلی)م، برد، بەڵام نامەکەی وەرنەگرت، حاجی مەلۆ ئامۆژگاری کردم کە بە هۆی بەفرەوە ناتوانم بگەمە بەرواری باڵا، بێ ئەوەی شتێک وەدەست بێنین گەڕاینەوە (ئۆلیدەر- قەلاب) بۆ ماڵی شێخ خالید کە لایەنگیری ئێمە بوون لە وێوە هاتینە میدیات ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە هەردوو هەڤاڵانمان چوونەتە (دیار بەکر) ئێمەیش بەدوایاندا چووین، بەڵام یەکترمان نەبینی و لە دواییدا ئاگاداریان کردین کە لە مانگی شوباتی ١٩٧٦ دا، بگەڕێینەوە لامان.

گەڕاینەوە سووریا ئەو سەفەرەمان (٢٣) ڕۆژی پێچوو لە مانگی ١٩٧٦/٢ بە تەنیا هاتمەوە لای کاک سلیم و حەسەن، ئینجا لە گەڵ دوو تورک دەستم بەسەفەرەکە کرد و هاتیەنە (قەشۆیا ئاروش) و بەرەو بەرواری تا گەیشتینە (هدێنا) بۆ لای عەلی عوبێدەڵڵا خۆم گەیاندە ماڵی محەمەد صالح برای عەبدولرەحمان کە ئێستا لە مەکتەب سیاسی چێشت لێنەرە، لە ڕێگای (حاجی قاسم) و لە دوایدا محەمەد صالح توانیم لە دەرەوەی گوند کاک عەلی عوبیدڵڵا ببینم و نامەکەی تەسلیم بکەم.

بەیانەکە و (١٠٠) دیناری عێراقیمدا بە عەلی عوبیدڵڵا و براکەی. بەرەو کوردستانی تورکیا لەگەڵ هەردوو هەڤاڵەکانمدا گەڕاینەوە، ئەو ساڵیش بەفرێکی ئەستوور باریبوو، گەیشتمەوە گوندی (سنێ) نزیک (شڕناخ) جارێکی تر سەلیم و حەسەنم دیتەوە، لە گوند بارەگایەکی بچووکیان دامەزراند بوو باسی سەفەرەکەی خۆمم بۆ کردن و لەو ماوەیەدا حکوومەتی سووریا عەبدولرەحمان سالح و سەید حەمیدیان گرتبوو، ئەحمەد ڕەمۆیش قاچاخ، کاک

سەلیم بەنامەیەکەوە بۆ (التجمع العراقی) ناردمیە سووریا و بۆ ئەوەی هەوڵبدریٚ ئەو هەڤاڵانەمان بەر هەڵدەن، بەپێیان سنوری تورکیا و سووریام بەزاند تا گەیشتمە گوندی (باترزانیٚ) لەو گوندە دوو جحێل بوونە چاوساغم و هاتینە (ماشوکا) لەویٚ بە هۆی برادەرێکەوە ئاگاداری (ئەبو میدیان) م، کردەوە کە بەرپرسێکی (التجمع) بوو، هێندەی نەبرد بە هێزێکەوە هاتنە گوندەکە و منیش نامەکەی کاک جەوهەرم دەست بەدەست دایێ و ڕۆیشتن، دوو ڕۆژ چاوەڕوانی ئەبو میدیان کرد هیچ وەڵامێک نەبوو هاتمەوە نزیک عامودا، هیچ نەبوو شەوێکیان بە ماتۆرسکیل خۆم گەیاندە بارەگای (التجمع) ئەبو میدیان گوتی: بەداخەوە تا گەیشتم (ئەحمەد العزاوی) بەرپرسی (التجمع) سەفەری کردیە، بۆیە هیچ وەڵامێکم بۆتان نەبوو، منیش گەڕامەوە لای کاک جەوهەر و سەربردەکەم بۆی گێرایەوە.

کاک جەوهەر پێیگوتم: بگەڕێوە سووریا و چەند پێشمەرگەیەکمان هەیە بەرەو لای ئێمەیان بێنە، بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە گەڕامەوە سووریا و نزیکەی ٤٠ تا ٥٠ پێشمەرگەم ئاودیو کرد لەوێوە بڕیاردرا لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەم جموجۆلی پارتیزانی لە جادەی زاخۆ بەرەو ناوچەی (کانیی ماسیٚ) ئەنجام بدەین، هەرچەندە بەر لە ئێمە مەفرەزەیەکی دیکەی پارتی لە ناوچەی (گولی) هەبوون و بە بۆنەی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی گوڵان لە ٥/٢٦/ ١٩٧٦ لێدان و گرتنی دیلێک بوو لە (بڵکێف) لە پشت ئەتروش هەرچەندە ئەو ناوچەیە لە ژێر کۆنترۆلی شەهید مەحمود ئێزدیدا بوو، سێیەم چالاکیمان لێدان و سوتانی مەشروعی ئاوی زاخۆ بوو کە لە مانگی ١٩٧٦/١١ ئەنجام درا. دوابەدوای ئەو چالاکیەمان گوێبیست بووین کە یەکەم مەفرەزەی چەکداری (ینک) بە بەرپرسیارەتی (جەبار) ناوێک (ئەمە نازناوی ئیبراهیم عەزۆ بووە) گەیشتنە نزیک سنوور.

# ئەنفــال

ئا بەو دەردە سەریە چیای کوردستانمان جێنەهێلا تا ساڵی ١٩٨٨ لە دوای ئەنفال من لێپرسراوی عەسکەری ڕێکخراوی گولاّن بووم، لە گەڵ هەڤالآنی لقی یەک و هەندێک پێشمەرگەی حزبەکانی تر هاتینە (چەمەتوو) لە نزیک سنوری تورکیا – عێراق، لە وانەی لە گەلمدا بوون شەهید سمکۆ ئامێدی، سەربەست باپیری، شەهید ئەحمەد کادیر، سدیق زاوێتە، نێچیر ئەحمەد و فوئاد میران و هەندێکی تر کە ناویانم لە یاد نەماوە.

لە بارەی جێگیربوونی بارەگای پارتی لە داوای ئەنفال کاک محەمەدخالید بۆصەلی دەڵێ: لە (چەمەتوو) هەموو حزبەکان کۆبوووینەوە بڕیاردرا برووسکەیەک بۆ کاک مەسعود لێبدەین ئەوەبوو فەرمووی سەعات چواری بەرەبەیان بەبێتەل قسەتان لەگەڵ دەکەم، لەسەر بێتەل فەرمووی: هەر پێشمەرگەیەکی حزبەکانی تر ئەگەر مانەوە پێویستە وەک برا ئیدارە بکەن ئەگەر نەماوە ئەوە ئێوە نابێ بە هیچ جۆرێک کوردستان بەجێ بهێڵن، زۆریش ئاگاداری خۆتان بن لە دوای سێ ڕۆژ برادەرانی حزبەکانی تر هەموویان ڕۆیشتن هێندەی پێ نەچوو کاک فوئاد میرانی گووتی: هێژا دەڵێ ئەو پارە و کەلوپەلانەتان ببنە گوندێک لە دیوی تورکیا نزیک گەڤەرێ، پێویست ناکا ناوی گوندەکە بلێم، واتە ئەو گوندە بارەگای پشتەوەتان بێت، ئێمەیش لە گەڵ (ناسر ئەبو عبدالله) بەرپرسی دارایی و جەوهەر ئێزیدی و کاک فوئاد کارەکەمان جێبەجێ کرد من و حەمید خواستی جەولەمان کرد بۆ دەستنیشانکردنی

بارەگایەکی عەسکەری.

لە مانگی ١٩٨٨/١١ فەتتاح گولی و عەریف یاسینیان ناردە لق و ئێمەیش چووینە ئیجازە، لە مانگی نیسانی ١٩٨٩ لەگەڵ زەعیم عەلی و شوکری نێروەیی گەڕاینەوە کوردستان لە دوایدا ئامادەی کۆنگرەی (١٠) بووین لە دوای گۆنگرە، کۆنفراسی عەسکەریمان بەست و بڕیاردرا جارێکی تر من لەگەڵ دکتۆر کەمال کەرکووکیدا بگەڕێینەوە (چەماتووێ) جموجۆلێ عەسکەریمان دژی عەسکەری عێراق کرد و دیلیشمان لێ گرتن. تا ئەوکاتەی کە عێراق کوێتی داگیر کرد، ئەوها ماینەوە تا ڕاپەرینی سەرتاسەری دەستی پێکرد. خوا شاهێدە لەگەڵ کۆچەکەدا بە تەنیا لە گەڵ (٧) پاسەوانی خۆم لە مەیدان مامەوە، عەسکەر گەمارۆی دابووم و بە لوولەی تفەنگ جارێکی دیکە لە (باتوفە) بنکەیەکم دامەزراندەوە، چەکی ئەو خەڵکە هەڵاتووەم کۆکردەوە تا یەکەم ئۆتۆمبێلی بێگانە گەیشتە لامان.

# کتێبی نامەیەك ل شرنەخێ.!

لەوەتەی خولیای نووسینەوەی مێژوو یان سەربردەی بەردەوامبوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە بە شۆڕشی گوڵان ناسراوە کەوتۆتە سەرم بە تەواوی لە یەکەم سمیناری تەلەفزیۆنی لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٢) ئینجا تەوەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (برایەتی) لە ئایاری ١٩٩٣ بەندە بە دوای چەند نێویێکدا ویڵم: عەبدولڕحمان گوندکی، حەمید شریف مچۆلی، ئەحمەد ڕەمۆ. دەربارەی هەڤاڵ ئەحمەد ڕەمۆ بەداخەوە ئەوڕۆ (٢٠١٩/٢/١٦ )تەرمەکەی لە سویدەوە دەگاتەوە کوردستان! هەروەها شەهیدبوونی کوڕی قارەمانی بەناوودەنگ حەمید شریف مچۆلی بە دەستی داعشی نەگریس و ئینجا کۆچی خێزانەکەی هۆیە سەرەکیەکانە کە نەمتوانیوە بگەمە خزمەتی! لە دوای ئەو نەهامەتیانە. ئەم کتێبە پڕ بە زانیارە لەسەر ئەو خەباتە زێدە دژوارەی سەرکردایەتی کاتیی کە بۆ خودی خۆم بۆ ئەو ماوەیە ٦/ ئادار/١٩٧٥ – ١٩٧٦/٥/٢٦ پێویستیم پێیەتی.

دەربارەی ناوەرۆکی ئەم کتێبە کە خۆی لە زیاتر (٦٠٠) لاپەڕە دەدۆزێتەوە. بۆ خودی خوێنەر بەجێدێڵم وێڕای سوپاسگوزاریم بۆ نووسەری کتێبەکە عەبدولرەحمان گوندکی کە دانەیەکی بە دیاری بۆ هێناوم لە ناخەوە دەستخۆشیم لێی کردوە کە لایەنێکی زۆر گرینکی مێژووی ئەو شۆڕشەی تۆمار کردوە کە خۆی و خانەوادەکەی تێیدا بە کردار بەشدار بوون، بەندەیش ئەم کورتە گفتوگۆیەم دەگەڵیدا سازدا تاکوو ئەو کەسانەی زانیاریان لەسەر ئەو ماوەیەدا کێمە چاویان پێی ڕوون بێتەوە:

– من ناوم "عەبدولرەحمان محەمەد مستۆ گوندکی"یە، گوندەکەمان لە ناوچەی

شـــڕناخ بە (گونـــدکێ مەلـــێ) ناســـراوە کە ١٠ کـــم، لە نـــاو شـــڕناخ دوورە. خانەوادەی ئێمە و میری بۆتان لە پشتەکین و یەک هەرێمین، خانەوادەکەمان زۆرین و هەموومان فرچکمان بە کوردایەتی گرتووە لەبەر هێندێ تا ئێستا خاوەنی ١٢ شـەهیدی ڕێگـای کـوردینین! بـۆ خـودی خـۆم لەو ڕۆژەی خـۆم ناسیووە بە ناوی مەلا مستەفا بارزانی و گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت ئاشنا بوویم بە هـیچ شـێوەیەک لە یـادم نـاچێ کە لە هەرێمـی ئـێمەدا کۆمەک بـۆ شـۆڕش کـۆدەکرایەوە و بەردەوام کـاروانی هاریکـاری دەڤەرەکەمـان بەرەو زاخۆ لە ڕێگادا بوو تا ئەوکاتەی لەسەر بڕیاری عیسی سوار خۆم لە بارەگای هێــز لە شرانشـــێ دۆزیە! زۆر بەداخەوە لە ڕۆژە شـــوومەکدا ڕۆژی پیلانـــی نێودەوڵەتی دژ بە کوردی ستەمدیدە منو مەفرەزەکەمان لەوێ بووین کە بە ناچـاری بە وڵاخـان بەرەو هەرێمـی بۆتـان گەڕاینەوە. ژیانمـان بە چاوەڕوانی بەسـەربرد تـا ئەو ڕۆژە کە جارێکی دیکە بە گەیشتنی هەڤـاڵان سـەلیم قیادە (جەوهەر نامیق) و حەسەن سنجاری (کەریم شنگالی) لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٧٥ سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ ئومێدمان بۆ گەڕایەوە.

• کەکێ من. بە چ ڕێگایەک هەواڵی گەیشتنی ئەو دوو هەڤاڵەتان پێگەیشت ؟

- وادەردەکەوێ کـاک مسـعود بـارزانی ئەو دوو هەڤـاڵەی لە ڕێگـای پـارتی دیمـــوکراتی کوردســـتانی تورکیـــا نـــاردووە پـــارتیش ئەوانەی گەیانـــدۆتە شـارۆچکەی میـدیات نزیـک جزیـرەی بۆتـان، حـزبیش هەڤـاڵ عەڤدۆی حسـۆ دەنێرێتە ماڵی ئێمە لە گوندکێ مەلێ، ناوبراو بە نهێنی ئاگاداری منی کردەوە و گـووتی: کـاک مسـعود بـارزانی دوو هەڤـاڵی نـاردۆتە لای ئـێمە. ئەوانـیش دەیـانەوێ تـۆ ببیـنن! بـاوەڕت بـێ وەک گـوڵێکی سـیس بەم هەواڵە گەش بـوومەوە، چـونکە دەمێـک بـوو لە چـاوەڕوانی ئەمجـۆرە هەواڵەدا بـووین. هەر ئەوکات لە گەڵ عەڤدۆی حسۆ ڕۆیشتم، کاتێ گەیشـتین سـەرەتا کاک جەوهەر نامیق بە سۆرانی قسەی دەگەڵـم کرد و گووتی: برا. بەڕێزان کاک مسعود و

کاک ئیدریس ئێمەی وەک سەرکردایەتی کاتیی ناردووە تاکو لێکۆڵینەوەیەک بکەین کە ئێوە و خەڵکەکە چۆن دەتوانن هاوکارمان بن تاکوو بتوانین دەست بە شۆڕش بکەینەوە؟ هەروەها گووتی: حەزدەکەم بگەڕێیتەوە نێو ماڵباتی خۆتان و قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن تاکوو بڕیارەکە بە ئیجماع بێت! منیش گووتم: هەڤاڵان من و ئێوە یەکتر ناناسین! بەڵام ناو و فەرمانی کاک مسعود بارزانی کۆمان دەکاتەوە، من دڵنیام ئەو هەواڵە نە بە تەنیا بۆ من بەڵکو بۆ هەموو هەرێمەکەمان دڵخۆشیە، بەڵام ڕێگام بدەن بگەڕێمەوە ناو خانەوادەکەم. کاتێ گەیشتم هەموومان برا گەورەکەم کە زۆر کوردپەروەر بوو هەروەها مامەم کە بە هیچ شێوەیەک ئاخاوتنەکەی لەیاد ناکەم کاتێ گووتی: حەیف بۆ ئێمە لەسەر دۆشەگان بمرین! بە گشتی بڕیاردرا کە بەپیر داخوازی کاک مسعود و هەڤاڵانی بچین ئەگەر سەروماڵیشمان لەسەردانێین!

- با بزانین قۆناغی دوای ئەمەتان چیی بوو؟

– کە سۆز و پەیمانمان بە یەکتردا کاک جەوهەر گووتی: بڕۆوە چەند ڕۆژێک هەوڵبدە شوێنێک دەست نیشان بکە بۆمان، چونکە مانەوەمان لێرە کەمێ ئەستەمە. منیش گەڕامەوە وەک بڵێی بیرمان دەکردەوە شوێنێکی لاچەپ و چۆلەوانی و خەڵکی بەسەرەوە نەبێت "ئەو قسانەی دەیکەم هێندە ئاسان نییە، چونکە وڵاتێکی وەک تورکیای عەسکەرتاری و ناوچەیەکی گەرمی شەڕاوی وەک هەرێمی بۆتان چەندی بڵێی دژوارە"، ئیتر هەوڵماندا پێناسەی مزەوەر، بەرتیل، قاچاغ، لادان لە بازگەکان، ڕۆیشتنی تاریکە شەوان، سەیارەی قەلاب، بەردو چەگڵ و شوانی و مەڕومەڕداری هەرچۆنییەک بێت هەردوو هەڤاڵ گەیشتنە گوندکێ مەلێ ڕاستە گوندی ئێمە هەموو خزمن قسەی لێ دەرناچێ، بەڵام دیوەخانە لە لایەک شوێنی گوند کە دەکەوێتە سەر شەقامی قیر بە هیچ شێوەیەک نەدەگونجا ئەوانە لەوێ بمێنن، چونکە دڵنیا بووین کە ئەوانیش میوانیان دێ و دەست بەکار دەبن. جارێ زوو ژووری تایبەتی خۆم کە

کەوتبووە بنەبانێ بۆ دانیشتن و نوستنی ئەوانم تەرخان کرد تاکوو کەس نەیانبینێ، هێشتا نەحەسابووینەوە کاتێ برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا گووتیان هەندێک کەلوپەلتان بۆ دانراوە بفەرموون بیبەن. منیش بەو ئەسپە ڕەشەم کە وێنەکەی لەسەر کتێبەکەمە و لە گەڵ خزمێکمان خالیدی ئۆسمان هاتینە نزیک جزیرێ نزیکەی ٧- ٨ کم، بوو ئامیری ڕۆنیۆ و کلاشینکۆفەک بە پشتی ئەسپی ڕەش بۆ کاک جەوهەرمان هێنا ئیدی بە گەیشتنی ئەو ئامیرە هێدی هێدی کاک جەوهەر دەینووسی و ئێمەیش ڕامان دەکێشا و هەڤاڵان و خزمەکان هەریەکە هێندێکی دەگایەندە شوێنی مەبەست تاکوو هەواڵ بگاتە باکوور و باشوور کەوا بۆ شۆڕش ئامادە بن. هەموومان گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە ئەم شوێنەی ئێستامان خزمەتمان ناکات، بۆیە لە ڕۆژێکی بەفرو کرێوەدا کەلوپەلمان بە پشتی ولاخان هێنایە سنێ کە گەڕەکێکی گوندکێ مەلێیە، بەڵام ئاقارێکی زۆری هەبوو نزیک ئاویش بوو سەرەتا بووینە میوانی ماڵی شەهید عومەرێ حەسەن کە خزمێکی خۆمان بوو بە زبارە خانووێکی سێ ژووریمان لەسەر ڕووبار ئاوەدان کردەوە یەک ژوور بۆ کاک جەوهەر و کاک کەریم، یەکیان بۆ من و منداڵەکانم، ژوورێکیش بۆ نانین. دەتوانم بڵێم ئەوە کۆشک و دیوانا سەرکردایەتی کاتیی بوو لە ئاقاری سنێ! لە لایەک محەمەد خالید بۆصلی لە سووریاوە دەهاتە لامان، حەمید شریف و عبدالله صالح برای عەبدولرەحمان صالح لە سنووری نێوان باشوور و باکوور گوندی بلکا دەهاتن. ئەبو عەنتەر لە لایەکی دیکەوە دەهاتن. تا دەهات ناوی قارەمانی دیکەمان دەژنەفت وەکوو عومەرێ لعەلی، صادقی عومەر، ئەحمەد ڕەمۆ، محۆ گەودە، محەمەد میرزا، حاجی قادۆ بەمشێوەیە کارەکانمان ئەنجام دەداو هاتووچۆ لە نێوان کۆنە هەڤاڵان لە هەردوولا تا دەهات گەرمتر دەبوو!

هەروەکوو گووتمان هاتوچۆ لەنێوان سنوورەکان سووریا – تورکیا، عێراق –

تورکیا ئەوبەر و ئەمبەر زێدە دەبوو حکوومەتی تورکیاش لە ترسی خۆی ئەو سنوورانەی لە سوپا تەژی کردبوو، بۆیە بێرمان لەوە کردەوە کە هەواری خۆمان بگۆڕین و بەرەو سنووری باشوور بێین. لە شەوێکی تاریکدا لە سنێ دەرچووین بەرەو چیا کاتێ ئەوشەومان لەوێ بەسەربرد، کاک کەریم گووتی: وا باشترە بەرەو گەلیێ گۆییان بچین، چونکە دڵنیام ئەبو عەنتەر لەوێ دەدۆزینەوە. بە دوای تەکسی ناسیاوی خۆمانم نارد، چونکە ئەم ناوچەیە نێوان شڕناخ و گۆییا و قشوریا سەربازو بازگەی زۆری تێدایە، ئێمە هەوڵمان دەدا لە نزیک بازگەکان دەهاتینە خوارێ و بە پێیان بۆی دەسوڕاینەوە ئا بەم شێوەیە تا گەیشتینە شوێنێک بە نێوی چەمان لای ماڵی شێخ خالید ناوێک کە خزمی ئێمەن شوفێری تەکسیمان لەو ماڵە بەجێهێشت گووتمان ئێمە ئاگادارت دەکەینەوە بڕۆ یان چاوەڕانمان بکە، ئینجا ئێمەیش هەرسێکمان کاک جەوهەر، کاک کەریم، بەندە بە پێیان بەرەو گوندی نیرێی گۆییان ڕۆیشتین. کاتێ گەیشتینە ئەوێ ماڵە ناسیاوی ئێمە جمیل لە ماڵ نەبوو خێزانەکەی گووتی: جمیل و ئەبو عەنتەر بۆ کارێک ڕۆیشتوون. ڕووی سپی بێت خواردنی بۆ ئامادە کردین، چونکە لە برسان هیلاک ببووین! لە دوای نانخواردن گەڕاینەوە چەمان بۆ لای تەکسیەکەمان، ئێمە بە تەکسیی بەرەو بێرمان هاتین کە شوێنی دووەمان بوو لە ڕێگادا لەسەر شەقام گوندەک هەبوو بە نێوی مەلیسێ گوندێ قشووریانە کە کوڕی مام یوسفی بێرمان لەوێ دوکانی هەبوو. بەڵام خەڵکەکە لە ئێمە بە گومان بوون، چونکە جلوبەرگمان وەکوو خەڵکی ناوچەکە نەبوو. من بە تەنیا بەرەو لایان چووم پێمگوتن: من شڕناخیمە، ئەو دووە هەڤاڵی ئەبو عەنتەرن بیری خراپ مەکەنەوە بڕۆنە لای ئەبو عەنتەر ئەو مەسەلە باسبکەن، ئینجا بڕیاری خۆتان بدەن. یەکیان ناوی حاجی حەمید بوو گووتی باشە! بەمشەوە پێکەوە بەرەو بێرمان هاتین ئینجا کاک جەوهەر کاغەزێکی بۆی نووسی هێندەی نەبرد لەسەر گۆڕستانی گوندی بێرمان بە

یەک شادبووینەوە، ئەبو عەنتەر خەڵکێکی زۆری لە گەڵ خۆی هێنابوو زۆر بە ڕێزەوە پێشوازی ئێمەی کرد بۆیە هێندێکیان سوێندیان دەخوارد کە ئەوانە یەکێکیان کوڕی بارزانین.

• ئەوە گەیشتینە گوندی بێرمان کە کەوتۆتە سەر ڕووباری خاپوور لەسەر سنووری باشوور و باکوور ماوەیەکی باش کاک جەوهەرو کاک کەریم لێرە مانەوە تا ئامادەکاری تەواو بکرێ بۆ تەقاندنی یەکەم گوللەی شۆڕشی گولان لە هەرێمی بادینان، فەرموو.

– بە گەیشتنمان بێرمان فەڕامۆشیەک بۆمان دروست بوو، واتە لە جەنجاڵی ناوچەکەی خۆمان کە هاتووچۆی زۆر لەسەر بوو دەرچووین، عەسکەرتاری لەلای ئێمە زۆرتر بوو. ئێستا دیدارەکانی کاک جەوهەر و کاک کەریم خۆشتر و ئاسانتر بوون، چونکە شاخ و داخ و دوورە دەستە و لەسەر سنووری هەردوولاشن لەبەر هێندێ بڕیاریاندا من بگەڕێمەوە هەرێمی خۆمان، چونکە مەڵبەندی بە یەکگەیشتنمان بوو. وەکوو سێکوچکەمان لێهات برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە لایەک سەرکردایەتی هەرێمی بادینان لە لایەک منیش لە نێوانیاندا بە پێی پێویست دەهاتم ودەچووم، هەروەها ئەبو عەنتەریش لە سنوور و سنوور لەنێو قشووریان و گۆییان کارەکانی سەرکردایەتی لە بێرمان ڕادەپەڕاند. خەڵکی تریش هەبوون کە لەلایەن هەردوو هەڤاڵ بۆ کارێک دەنێردران، هەروەها منیش خەڵکانێکی خۆم هەبوو بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێک ئیشوکار و دابینکردنی کەلوپەلی پێویست. تا دەهات ڕێکخستن و ئامادەباشی بەرەو پێش دەچوو بەڵام بە داخەوە چەکمان کێمبوو تەنیا ئەو خەڵکانەی خۆمان و ئەوانەی شۆڕشی ئەیلوول کە خۆیان لە گوند و ئەشکەوتەکانی نزیک سنوور حەشار دابوو چەکی خۆیان لە گەڵ خۆیان بوون واتە ئەو قارەمانانە بە کردار ئەیلوول و گوڵانیان پێکەوە بەستەوە بێ ئەوەی ئاوەدانی ببینن!

کارێکی ئاسان نەبوو هەر سەفەرێکم لە هەرێمی خۆمان بۆ لای کاک جەوهەر نزیکەی ١٠ ڕۆژی پێدەچوو، بەڵام ئەوەی خزمەتی ئێمەی دەکرد هەرێمەکەمان سەرتاپا موریدو دەروێشی ماڵا بارزانی بوون، لەبەر هەندێ کارەکانمان مەیسەر دەبوون، گەورەترین کۆسپی ئێمە نەبوونی یان کێمی چەک بوو. حەزی ئەو خەڵکانەی خۆمان و کاریگەری نسکۆی شۆڕش هاندەرێک بوو بۆ دەست پێکردنی شۆڕش لە ٢٦ / ٥ / ١٩٧٦ هەروەکوو پێشتریش کاک کەریم شنگالی باسی کردوە کە لە ناوچەی گولی لە گوندی نزۆر هێرش کراوەتە سەر ڕەبیەک لە ئەنجامدا ١٩ تڤەنگی سیمنۆف و هەندێک کەلوپەلی وردەواڵی سەربازیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، محەمەد عیسی ڕۆبۆزکی و حەمید مەلا عەڤدلا بێژهی شەهید بوون و بابێ حەجۆی بریندار. ئینجا ڕژێم شێت وهار بوو جموجۆلی سەربازی و فڕۆکە گوللە نەبڕەکانی بەکار هێنا، بۆیە سەرکردایەتی ناچار بوو شوێنی دیاریکراوی نەبێت هەردەم گەڕۆک بێت واتە ئیشوکارمان ئەستەمی زێدە بۆ بە یەکگەیشتنەکانمان پەیدا دەکرد لەو ئەشکەوت بۆ ئەو ئەشکەوت بۆ دۆڵ ونهاڵا بە هەموو مانایەک گەڕۆک بووین تا ڕژێم نەتوانێ لە ڕێی دارودەستەکانی زەفەرمان پێ ببەن!

بۆ ئەوەی لە یادم نەچێ، لەو کاتوساتە ناسکەماندا مەفرەزەیەکمان لە ناوچەی سندیان حەمید شریف و براکەی و عەبدولرەحمان صالح و عبدالعەزیز بلکی خەڵکی باکوور بوو بەداخەوە بەسەر مینێک دادەکەون. عەبدولرەحمان صالح و عبدالعەزیز بلکی شەهید دەبن و کاک حەمیدو براکەی بریندار، کاتێ هەواڵی برینداربوونیان گەیشتە ئێمە، منیش برا بچووکەکەم ناردوو بە ڕێگای ناسیا و خزمان توانیمان لە مێردینێ چارەسەریان بۆ بکەن. هەروەها قارەمانێکی دیکەی بە جەرگ بە نێوی ئەحمەد چلکی ئەویش باسکی بریندار دەبێ بۆ خۆم دوکتۆرێکی ناسیاوی خۆمانم بۆ چارەسەرکردنی هێناو ئەویشمان گەڕاندەوە سنوور. ئیدی بۆ خزمەتکردنی بەرەوپێشچوونی ئەو

شۆڕشەمان هەموو ئیشێکمان دەکرد ڕاوەستانمان نەبوو.

• نەبوونی چەکی قورس و باش هۆیەکە بۆ دانەنانی بارەگا، چۆن هەوڵدەدرا چەک پەیدا بکەن ؟

– بۆ خودی خۆم دوو جار توانیومە لە ڕێگای چەکفرۆشە قاچاخچیە دیارەکانی هەرێمەکەمان چەکی باش پەیدا بکەم و بێ گیروگرفت بیانگەینمە دەستی کاک جەوهەر و کاک کەریم، جاری یەکەم ئاگاداریان کردینەوە کە ٣٦ کلاشینکۆف و ١٠ ئاربیجی هێندێ گوللە و تەقەمەنی لە دەوروبەری نسەیبین هەیە ئینجا منیش بە هاریکاری مەحمود گەرگەری و صلاح الشێخ توانیمان خاوەنەکەی بدۆزینەوە و ببێتە هی ئێمە بە هیممەتی هەموو لایەک بە سێ قوناغ سەرەتا لۆری بچووک و قەلابی زیخ لەدواجار بە وڵاخ گەیاندمانە کۆماتە.

– ئەمجارەیان چەکی باشترو زیاتر بوون کە لە نێوان میدیات و نسەیبینێ لە ژێر خاک حەشاردابوو. ئەوەی شایانی باسە لەوکاتەدا هەر حزبە و هەوڵدەدا چەک ئاودیو بکات و بە دوای قاچاخچی بگەڕێ تا چەک پەیدا بکەن. ئەمجارەیش دووری نزیکەی ١٠٠ کم، بە ٨ ڕۆژ توانیمان ئەو چەکانە کە دۆشکەیەک و هاوەنی لەگەڵدا بوو بگاتە دەستی سەرکردایەتی کە دۆشکەکە درایە دەستی عەریف ئیشۆ قارەمان و پاسەوانی بە وەفا کە لە شەڕی بیلمبێری شەڕی دەگەڵ هەلیکۆپتەرەکان دەکرد ئەو شەڕەی ١٤ شەهیدمان پێشکێش بە خاکی کوردستان کرد و بە داخەوە تەرمی چواریان کەوتە دەستی دوژمن کە یەکێکیان شەهید زۆران عەزیز پشتیوان خانەقینی بوو کە لەنێو پێشمەرگە بە ئەنور– زۆراب دەناسرا، هەروەها ٩ برینداریشمان هەبوو ئەوەی جێگای داخە لە دووەم ڕۆژی شەڕدا پێشمەرگەی هەردوو شۆڕش حجی قادۆ گراقی یش، شەهید بوو دوژمنیش لەو شەڕەدا ٤٥ سەربازو ئەفسەری کوژران و ٣٠ برینداریش. شایانی باسە سەرەڕای ئەو شەهید و

بریندارانە. ئەوانەی ئەو داستانەیان تۆمارکرد بریتی بوون لە عەلی ئیبراهیم هروری کە لە دواییدا چووە ڕیزی شەهیدانی کوردستان، پێشمەرگەی هەردوو شۆڕش محەمەد خالید بۆصلی، ملازم محەمەد، قوەتی محۆ گەودە کە بە ئاربیجی کۆبتەرێکی لە مەیدانی شەڕدا خستە خوارەوە!.

• کەکێ گوندکی. من دەزانم ئەو کتێبەی جەنابت ناوەرۆکەکەی گەلێک نهێنی و سەربردەی پێشمەرگە قارەمانەکانی مەفرزە سەرەتاییەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی کاتیی تێدا تۆمار کراوە کە ئێمە لە ئاستیاندا خۆمان بۆ شەهیدان و ماندوبوونیان دەچەمێنینەوە، دەستی جەنابیشت خۆش بێت کە خۆت و خانەوادەکەت و هەرێمەکەتان نموونەی وەفاداری ڕێباری بارزانی نەمرن، هەروەها تۆ بەختەوەری کە لە کاتێکی یەکجار ناسک و دژواردا لە ساڵی ١٩٧٧ لە شام بە دیداری کاک مسعود بارزانی شاد بوویت.

# داستانی بێلمبیرێ

دەمێکە عەودالی تۆمارکردنی مێژووی سەرتای شۆڕشی گولانم، ئەو شۆڕشەی کە لە کتێبەکمدا نێوم ناوە بەردەوامبوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە لە ١٩٧٦/٥/٢٦ شەوە زەنگی کوردستانی دڕدا!

لەبەر هێندێ بۆ ئەم مەبەستە سەردانی زاخۆکا دەلالم کرد تا لە نزیکەوە هێندێ شفرە بزربووەکانی ئەو ڕۆژانە لە زاری ئەم کەسە بەشداربووانەی سەرەتای هەڵسانەوەی شۆڕش بکەمەوە! لەسەرووڕوویانەوە خانەوادە زێدە شۆڕشگێرە بەنێوبانگەکەی ناوچەکە شەهید (حجی قادۆ) کرد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خوێنەری خۆم و هەوادارانی ڕێبازی بارزانی نەمر بە جەربەزەیی ئەو جوامێرانە مەندەهۆش بکەم کە لە بارودۆخێکی یەکجار دژواردا ڕۆحیان وەبەر خەباتی کوردایەتی کردەوە و تۆز و غوباری نسکۆیان لەسەرشانی هەموو کوردێک داتەکاند و دۆڵ و نهاڵی کوردستانیان بە خوێنی شەهیدان سوور هەڵگەڕاند!

لەم سالگەردەدا هەقایەتی داستانە بەنێوبانگەکەی (بێلمبیرێ)و پلێنگە بەنێوبانگەکەی گراڤیا: حجی قادۆ بۆ نەوەی ئێستا دەگێڕینەوە: لەکاتی خەباتی نهێنیدا بۆ ماوەیەک کۆمەڵێک لە گەنجانی زاخۆ و دەوروبەری لە ڕژێم ئەشقیا دەبن! لەگەڵ گەڕانەوەی سەرۆکی هەمیشەیی نەتەوەی کورد بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەتی ئەو بارودۆخەی گەنجانی زاخۆش کۆتایی پێدێت.

حجی قادۆ و هاوتەمەنەکانی لە خەڵکی زاخۆ و دەوروبەر وەک عەلی هالۆ، عومەرێ لعەلی، محەمەد خالید بۆصلی و چەندانی دیکە لە مانگی ١٩٦١/١٢ چەکی پێشمەرگە دەخەنە سەرشان لە ئەنجامدا دەبێتە (سەرقۆڵ) لە هێزی زاخۆ، لە ساڵی (١٩٦٨) دەکرێتە (سەرلق) لە بەتالیۆنی دووی زاخۆ، لە (١٩٧٣)

دەبێتە جێگری ئامر بەتالیۆنی چوار کە سەید عەبووش سلێڤانی ئامر بەتالیۆن بووە، لەساڵی (١٩٧٤) دەبێتە ئامر بەتالیۆنی چوار تا نسکۆهێنان بارەگای لە (چیای سپی) بووە.

دوابەدوای نسکۆهێنان بەرەو (چلکا گولی )ئینجا (خەنووکا) نزیک گوندی (ئارووش قەشووری باکوور) لە گەڵ پێشمەرگەکانی پاشەکشە دەکەن. بە چاوساغی (هجری خەمێ) بەرەو (کۆماتە، بێرمان، قەزوانۆک، دولێ حاجی صادق لەوێوە بە هاوکاری پارێزەر عبدالخالق سەعید ئاغا مەزنی گراڤیان، هەروەها هاریکاری محەمەدەمین چلکێ دەگاتە لای جیهانگیر ئاغای دری گوندی(سیرۆ) دەربازی کوردستانی ئێران دەبن و لە ئایاری ساڵی (١٩٧٥) دەگاتە (نەغدە) لای (ئەسعەد خۆشەوی).

لە دوای دوو مانگ مانەوەی لە ئێران بە تەنیا دەگەڕێتەوە سەر سنوور لە گوندی (خیزئەوەی حەسەن تەیب) بۆ بردنی ماڵ و منداڵەکانی، بەداخەوە لەکاتی گەیشتنیان بۆ ئێران هەموویان دەگیرێن و لە ڕێگای (خانێ) ڕادەستی عێراق دەکرێنەوە لە دوای دوو مانگ بەند ئازاد دەکرێن و هەیپێ بەرەو باکوور دێت تا لە گوندی (دولێ حاجی صادق) کە قۆناغێکی ئامادەکاری بوو بۆ شۆڕشی گوڵان.

بۆ ئەوەی وردەکاریەکانی سەرەتا و خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ کوردستان وەک گۆڕەپانی خەبات، ئەمجارەیان پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی گوڵان(عادل حجی قادۆ)مان، دوواندو گووتی:

دوابەدوای دەستگیرکردن و ڕادەستکردنەوەی باوکم و خێزانەکەمان بە عێراق، من و دوو برامان لە ماڵی خاڵوانمان هاشم ڕەمەزان (ئەبو عەنتەر) لە مهاباد دەژیاین، ئەگەر هەلە نەبم لە نێوان ئاب و ئەیلوولدا بەندە و نادری برام دەگەڵ ئەبو عەنتەر، عبداللە ڕەمەزانی برای (ئەبو نوال)، سەید حەسەنی زاوایان لە گەڵ خێزانەکەی و شەونمی کچی و دلۆی کوڕی کە بچووک بوون

هاتینە (نەغدە)! دوابەدوای دیداری کاک ئیدریس بارزانی، وەرگرتنی چەند نامەیەک بۆ کوردی تورکیا وەک محەمەدەمینی بایێ، حاجی صادق دولێ، عبدالخالق سەعید ئاغا مەزنی گراڤیان، مام یوسف بێرمان بۆ شەوی دواتر لە گوندی تاهیرخان بەرەو(کەڤالانکێ) تا گەیشتینە ماڵی محەمەدەمینی بایێ. لەوێ چاومان بە حەمید شریف، عومەرێ لعەلی چەندانی دیکە کەوت کە بەرەو ئێران دەهاتن. هەر لەوێ لە گەڵ ئێمە گەڕانەوە، هاتینە گوندی (مەلیسا) لە ماڵی کوڕی مام یوسف بێرمان، ئینجا بۆ گوندی (دولێ) ماڵا حاجی صادق، ئەوکات ئەبوعەنتەر بەرپرسمان بوو ئەویش هەرچەند کەسێکی لە گوندێک دادەمەزراند: بە نموونە من و نادری برام بۆ (هەکاری) دانا، جەماعەتی حەمید شریف بۆ ناوچەی (گۆییان)، ئەبو عەنتەر و ئەوانی دیکە بۆ (بێرمان) واتە هەر یەکێک لە ئێران یان لە عێراق سەردانی شوێنێکی لەو شوێنانە دەکرد تا بگاتە جێگای مەبەست، هۆکاری سەرەکی ناردنەوەی گرووپی ئەبو عەنتەر بۆ ڕێخۆشکردن و ئامادەباشی بوو تا ئەوکاتەی بەرپرسان دەگەنە ئەو ناوچەیە.

لە مانگی ١٩٧٦/١ ئاگادار کراینەوە کە بەڕێزان سەلیم سۆرانی (جەوهەر نامیق) و حەسەن سنجاری (کەریم سنجاری) گەیشتنە گوندی (سنێ)ی، نزیک (شرناخ)، بە گەیشتنی ئەو بەڕێزانە بۆ کوردستانی تورکیا لە ڕێگای برایانی پارتی باکوور و هەوادارانی ماڵا بارزان گەیشتنە ماڵی مام یوسف لە (بێرمان) ئیدی قۆناغی جموجۆل لە پەیوەندیکردن و دیدار لەگەڵ خەڵکی ئەوێ و ڕێکخستنەوەی پارتایەتی لە دواییدا دابەشکردنی ئەوانەی گەیشتبوونە ناوچەکە وەک مەفرەزەی بچووک بچووک، هەروەها بڕیاردرا پێشمەرگە بپەڕێتەوە نێو کوردستانی خۆمان. ئەو ئێوارەیە پێشمەرگەکان لە خۆشیاندا لەسەر ئاوازی دووزەڵەی (سمایل بامەڕنی) پێچە شاییەکی خۆشیان دامەزراند. باوکم حجی قادۆ و پێشمەرگەکانی ئەوەی لەیادم مابێت سلێمان ڕیتۆ، سمایل بامەڕنی، عوسمان قاسم، عومەرێ لعەلی، عەبدولرەحمان صالح،

عبدالله صالح، جبار هروری، محەمەد میرزا، عبدالکەریم فەرعۆ، محۆ گەودە بەرەو (گوڤک) مەفرەزەی (ئەحمەد شانە) بۆ (بێلمبیریێ) حەمید شریف و جەماعەتەکەی بۆ ناوچەی (سندی وگۆییان).

کاک عادل حجی قادۆ لەبەردەوامی قسەکانیدا وەک بلێی شتێکی هاتەوە یاد و گووتی: باوەڕ بکەن بەر لە تەقەی دەستپێکی شۆڕشی گوڵان لە ١٩٧٦/٥/٢٦ ئەو کاک حەمید هجر گراڤی برای شەهید حەسەن گراڤی لە گوندی (هۆرکێ) لە گەڵ کۆنە پێشمەرگەکانی ئەیلوول هێرش دەکەنە سەر مەخفەری پۆلیس لە ئەنجامدا (٢١) تڤەنگی سەمینۆف دەسکەوتیان دەبێت! کاک حەمید هجر گراڤی لە گوڵاندا وەک ئامر مەفرەزە لەگەڵ باوکم دەچوونە جەولە.

کاتێ جموجۆلی پێشمەرگە لەنێو ڕاگەیاندنی جیهانیدا بڵاوکرایەوە پەیتا پەیتا کۆنە پێشمەرگەکانی ئەیلوول دەهاتنەوە ڕیزی شۆڕش، بۆیە لە ئەنجامدا بڕیاردرا هەرێمی یەکی بادینان بکرێت بە دوو هەرێم کە بەرپرسەکەی کاک عەبدولرەحمان پێداوای (ملازم سەربەست) بۆ دانرا لە هەرکی وبێداو.

کاک عادل لە دەربارەی داستانی(بێلمبیرێ) گوتی: من لە بارەگای کاک جەوهەر و کاک کەریم سنجاری بووم ئەوانەی لەوێ بوون: صەبری عەلی حیدر بەرپرسی پاسەوانی کاک جەوهەر، ئەبو حدید سنجاری، زهیر بامەڕنی و براکەی، تەتۆ کوڕی مام یوسف بێرمان بوون، بۆ ساڵگەردی شۆڕش کاک جەوهەر لەسەر تابیعە شتی بۆ بڵاوکراوەیەک دەنووسی، ئێمەیش لەسەر ڕۆنیۆ کارمان دەکرد. کاتێ شوانەکانی بێرمان گەڕانەوە نێو گوند هەواڵی دەنگی هەلیکۆپتەرو تەققەکردنیان بە کاک جەوهەر گووت، لەدوای سەعات یەکی شەو نامەی (ملازم محەمەد) گەیشتە بارەگا! بۆیە کاک جەوهەر دەستی لە چاپکردن هەڵگرتوو پێکەوە بەرەو شەڕەکە ڕۆیشتین هێشتا سەعات و نیوێکمان مابوو کاک عوسمان قاسم و براکەی بەرەوپیرمان دەهاتن بە نهێنی

ئاگاداری کاک جەوهەریان کردەوە کە حجی قادۆ شەهید بووە!

ئێوارەی دووەم ڕۆژی شەڕەکە گەیشتینە شوێنی مەبەست بینیمان (١١) گۆڕی شەهیدان لەژێر داربییەکە نێژراون و(٢١) برینداریش تەنیا سەرهەنگی موزەمید لەنێویاندا بوو بۆ چارەسەری پێویست، کاک جەوهەر و ملازم محەمەدو محەمەد خالید بۆصلی بە نهێنی قسەیان کرد و بە هێمنی و خەمناکی هەواڵی شەهیدبوونی باوکمیان بە من گووت، بەڵام دیارنەبوونی باوکم لە کاتی گەیشتنمان لە ناخی خۆمدا هەستمکرد کە شەهید بووە!

لەکاتی دانیشتندا برادەرێکی باوکم گووتی: دوێنێ ئێوارە حجی قادۆ لەسەر ئەو تاشە بەردە لەژێر ئەو دار سێوە دانیشتبوو دەیگووت: دایکم بۆی گێڕاومەتەوە ساڵێک لەبەر گیروگرفتی نێوان حکوومەتی تورک و عیراق بۆ چەند ڕۆژێک ڕێگایان نەدا مەڕوماڵاتمان ببەینە زۆزانێ بۆیە لێرە لە دۆڵی(خەنووکا)ماینەوە لەژێر ئەو دارسێوە خودا تۆی بە ئێمە بەخشی! کابرا لە قسەکردندا بەردەوامبوو گووتی: ئەوە موعجیزە نییە حجی قادۆ لە کوێ لەدایک بووە لە هەمان شوێن نێژرا؟!

هەر لەو سەین و بەینەدابووین کاتێ خوارزای حەمید میرانی کە بە(تەیری حووڕ) ناسراوە لەکاتی خاوێنکردنەوەی چەکەکەی حەوت گوللەی لە خالیدا! بەڵام کاکە سەرهەنگی موزەمید هەردوو قاچی خستبووە نێو ڕووبار ئینجا برینەکانی بۆ دەدووریەوە!

شایانی باسە ئەبو عەنتەر لە کتێبەکەیدا ڕۆژی ١٩٧٧/٥/٢٥ بۆ شەڕی بێلمبیرێ دەست نیشان کردوە، بەڵام کاک عادل دەڵێ: بە مەزندەی من (٢٣) بووە، چونکە ئێمە بەر لە ساڵگەرد مژوولی دەرچواندنی بڵاوکراوەیەک بووین. هەروەها کاک عادل دەربارەی شەڕی (کۆماتە) گووتی: لە ساڵگەردی شۆڕش لە ١٩٧٩ کاتێ تەنیا کاک غازی زێباری وەک بەرپرس لە ناوچەکەدا بوو ئێمە لەخۆئامادەکردندا بووین ئاهەنگێکی گۆرانی و شانۆگەری(رێبەر*)پێشکێش

بکەین، بەڵام سوپا هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر بارەگاکەمان لە کۆماتە هێنا ئەوکات تەنیا(١٦) پێشمەرگە چەکیان هەبوو لەگەڵ (٥٠-٦٠) کەسی دیکە کە گەیشتبوونە بارەگاکەمان.

سوپا لەسەر چیای (کێستە)دەبینرا کە دوور بوو پیادەش لەژێر بارەگاکەمان لەلای (ئەشکەفتەڕەش)بەسەر دەکەوتن! چەکی ئێمەش بەمشێوەیە بوو:

- دۆشکەی ئیشۆ

- هاوەنێکی بێ قاعدە کە کاک تاهیر حجی عبدالله لەسەر تاتە بەردێک قاعیدەی بۆ ڕێکخستبوو کە تەنیا (٣) گوللەی هەبوو!

- دۆشکەی سەعید دمبۆ

- چوار گرینۆفمان هەبوو کە جمال زاویتەیی سەرپەرشتی دەکردن

- دوو ئامیر بچووکی بێتەل یەکیان لای من بوو کە من لەگەڵ کاک غازی زێباری بووم ئەویتریان لای جمال زاویتە بوو

- سەرەڕای ئەوەش (١١) سەمتی لە سنووری تورکیاوە هاتنە سەر ناوچەکە!

کاتێ شەڕ دەستی پێکرد مەفرەزەی عوسمان قاسم گەیشتە ئێمە و چەندان چەکداری کوردی تورکیاش گەیشتنە لامان خەڵکە بێ چەکەکانیش لە ئاوهێنان و گواستنەوەی گوللە تۆپ و پڕکردنی شریتی گرینۆفەکان درێغیان نەکرد، لە ئەنجامدا نەکوژرا و نەبریندارمان نەبوو، کەچی سوپا بە سێ گوللە هاوەنە شرەی کاک تاهیر (٦٤) کوشتاریاندا!

ئێوارە بڕیاردرا بارەگا چۆلکەین و چەکەکانمان بگوازینەوە لای بێرمان. کاتێ کەلوپەلەکانمان گەیاندە شوێنی مەبەست، لەوکاتەدا عەبدولرەحمان گوندکی بە (٢٠) وڵاخ لە چەک و ئامیری پێویستی ڕادیۆی هێنابوو، بۆیە بە ناچاری لەچوارەم ڕۆژدا گەڕاینەوە بارەگامان لە کۆماتە. سەری ڕێز و

نەوازش بۆ بەژن و باڵای گشت شەهیدانی شۆڕشی گوڵان دادەنەوێنین.

• ڕێبەر مەلا حسین بێزهێ بەرپرسی ڕێکخستنی پارتیمان لە زاخۆ ئاشکرابوو بۆیە لە ئیستخبارات دەستگیر کرا کە بارەگاکەی لە خانووی حجی قادۆ بوو لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو.

# ناوی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی هەرێمی بادینان

بەرلەوەی نێوی گشت ئەو پێشمەرگانە بنووسم کە بەرلەدەست پێکردنی شۆڕش تا بەستنی کۆنگرەی (٩) لە ساڵی ١٩٧٩ بەشداریان لە شۆڕشی گوڵان کردوە (هەرێمی بادینان) پووختەی چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەی دکتۆر هاشم ڕەمەزان (ئەبو عەنتەر) لە چەند دێڕێکدا دەنووسمەوە:

ئەبــو عەنــتەر کە لە نــاوچەکەدا بە (مەلا مــحەمەد) ناســرابوو زۆر بەشــانازیەوە نێــوی ئەو قارەمانــانە دێنــێ کە لەدوای نســکۆی شــۆڕش نەیانتوانیوە بگەنە ئێران، هەروەها خۆیان ڕادەستی ڕژێمیش نەکردۆتەوە، بۆ نمــوونە (محــۆ گەودە) دەربــارەی ئەو قارەمــانە دەڵــێ: گەودە دەگەڵ تەمــر کۆچەری خاڵی و ئەحمەد صالح و صالح عەبدولرەحمان دەورێکی باڵایان لە شەڕەکانی ڕواندزو گەڕووی عەمەرئاغا بینیوە، کاتێ لە ڕیزەکانی هێزی زاخۆ بە سەرپەرشتی حاجی قادۆ دەجەنگان!

هەروەکوو گوتمان گەودە دەچێتەوە نێو خزمەکانی لەبەری تورکیا و لە گوندی (هدریش) لە ماڵی ئەحمەد ڕەسول ژێرکی دەمێنێتەوە تا مەلا محەمەد و ئەبو نەواڵ و ســەید حەســەن دەگەنە ئەوێ! ئەوەی شــایانی باســە گەودە نەخوێندەوار بووە. لەسەر ڕێنمایی جەوهەر نامیق هەڤاڵان فێری خوێندن و نووسینی دەکەن تاکوو بتوانێ بڕیاری کارە نهێنییەکانی سەرکردایەتی کاتیی بخوێنێتەوە!! تا ئێستایشی دەگەڵدا بێت باس لە خستنەخوارەوەی هەلیکۆپتەری ڕژێم دەکرێ کە محەمەد گەودە لە شەڕی (بێلمبیرێ) لە ١٩٧٧/٥/٢٥ بە ئار بی

جی پێکاندوویەتی !

هەروەهــا ئەبــو عەنــتەر زۆر بە ویقــارەوە بــاس لە مێرخاســی عــومەری لەعەلی، مستەفا مزووری، مەحمود یەزیدی، عادل مزووری، سلیمان توڤی، فواد میرانی، مەلا عەبدوڵا حەسەن، مەلا عەلی تەتەرخان عەبدول لەتیف، عەلی قادۆ، عەبدوڵا محو چونکی، صادق عومەر، محەمەد میرزا میرزا، عادل حاجی قادۆ، جمیل عوسمان کشانی، عەلی عەلی سیفەدین کۆچەر، حەمید حفزواللا، فتــاح گــولی، عەبــدوڵا ڕیــوانی، ئیســماعیل پەرخــی، خلیــل جــواهیر، حەســەن کێستەیی، حسین عەزیز یاسین، عومەر عەلی هالۆ، حەمید شریف، غازی سینەم، جبار هروری، جاسم جاسم، محەمەد خالید بۆصەڵی، عوسمان قاسم.

١- صادق حامد هروری

٢- مەحمود ئەحمەد هروری

٣- سلیمان گاهر هروری

٤- ئیبراهیم عەبدوڵا هروری

٥- سلمان عەبدوڵا هروری

٦- یوسف سلمان هروری

٧- شاهین ئیسماعیل هرووری

٨- یوسف کیستی

٩- حەمید کیستی

١٠- مەحمود قدشی

١١- غنی قدشی

١٢- سەید نوری جم سەیدی

١٣- یاسین جم سەیدی

١٤- سەید تەها جم سەیدی

١٥- ئیبراهیم ئەمیدی

١٦- عبید کولی

١٧- محەمەد حەمەدی ورمیلی

١٨- حەمەدی حەمەدی ورمیلی

١٩- جوزل ورمیلی

٢٠- ئەحمەد(ادریس جرجیس)

٢١- گاهر زیوی

٢٢- نایف زیوی

٢٣- سلیمان بندی

٢٤ - حیدردوستکی (شیخ ممی)

٢٥- بدل بیکاری

٢٦- مراد بنافی

٢٧- لەزگین سرزیری

٢٨- جمال باكوزی

٢٩- حەمەدی بامەڕنی

٣٠- حسی بامەڕنی

٣١- زاهد بامەڕنی

٣٢- ئیحسان بامەڕنی

٣٣- کەریم ئەشوای

٣٤- جعفر ئەشوای

٣٥- صالح ئەشوای

٣٦- عومەر ئەشوتی

٣٧- قاسم مزوری بینارینکی

٣٨- سلیمان ڕیتو

٣٩- مناف جلکی

٤٠- خالید محەمەد جلکی

٤١- شکری جلکی

٤٢- صبری دیشیشی

٤٣- مستەفا مزوری

٤٤- عادل مزوری

٤٥- مەحمود يزيدی

٤٦- سليمان خدر يزيدی

٤٧- ويسی بانی

٤٨- ئەبو نوال(عەلی)

٤٩- خليل بانی

٥٠- سەيد حەسەن زاخوی

٥١- صادق عومەر

٥٢- سليمان كجل

٥٣- محەمەد كودان

٥٤- شمو

٥٥- عەلی عومەر ميرانی

٥٦- زوران عبدالعەزيز خانقين(ئەنور)

٥٧- ڕەسوڵ بادی

٥٨- حەسەن هجر كرافی

٥٩- فۆاد ميرانی

٦٠- شهلب ئەحمەد ميران

٦١- حەميد عبدی ميرانی(گير الحر)

٦٢- عەبدوڵا صالح زاخوی

٦٣- عەبدولرەحمان صالح

٦٤- هجر زیوکی

٦٥- حەسەن زیوکی

٦٦- ئەحمەد ڕمو اسهی

٦٧- عگید کولی

٦٨- مەلا عەلی شرنخی

٦٩- مەلا ئەمین بارزانی

٧٠- هرمز دوستکی

٧١- بهزاد بامەڕنی

٧٢- حەمید ئەفندی سەیدکان

٧٣- ملازم یونس

٧٤- غازی زێباری

٧٥- محەمەد خالید بۆصەلی

٧٦- خالید کۆچەر – صالح سیتو

٧٧- ئیبراهیم ئەوری

٧٨- د. ڕزکار(قاسم)

٧٩- ئیشو ورده ئیشو

٨٠- عەلی عەلی زیوکی

٨١- مەحمودکربتی(مەحمود یوسف سلو)

٨٢- ادریس عەلی عەلی زیوکی

٨٣- محەمەد میرزا

٨٤- ڕدوان میرزا

٨٥- ئەحمەد میرزا

٨٦- سەعدی

٨٧- فضل الدین بریفکی

٨٨- حەمید قمری

٨٩- شوکت قمری

٩٠- عومەر قمری

٩١- عادل قمری

٩٢- حسین عبید قمری

٩٣- حیدر خالید سروری

٩٤- حەسەن خالید سروری

٩٥- نوری ئەردنی

٩٦- فەرهاد سلام دیشیشی

٩٧- لزكین سلام دیشیشی

٩٨- شوكری نیروەیی

٩٩- فارس ئامیدی

١٠٠- ملازم عەلی عثمان

١٠١- ملازم محەمەد ئەبوبكر

١٠٢- تیلو كویی

١٠٣- عەلی تیلی كویی

١٠٤- عیسی سندی

١٠٥- جمیل جلكی

١٠٦- ڕەمەزان جلكی

١٠٧- لاەوند خلف میرانی

١٠٨- عومەر محەمەد سیس میرانی

١٠٩- سەعیدبداخ میرانی

١١٠- خلیل شكر میرانی

١١١- مەلا قاسم میرانی(عەبدولرەحمان حەسەن حمادی)

١١٢- حەسەن كیستی

١١٣- مراد کیستی

١١٤- مستەفا مەلا ئەمین

١١٥- مستەفا کیستی

١١٦- گاهر ئەحمەد

١١٧- عادل ئەحمەد

١١٨- قادر کیستی

١١٩- موسی کیستی

١٢٠- یاسین عەزیز

١٢١- ئەحمەد کیستی

١٢٢- حەسەن صبری

١٢٣- حەسەن ئەردنی

١٢٤- صالح ئیبراهیم

١٢٥- مستەفا ئیبراهیم

١٢٦- ئەحمەد شانە هروری

١٢٧- زهیر ڕمضان بامەڕنی

١٢٨- بهزاد ڕمضان بامەڕنی

١٢٩- لزکین شەعبان

١٣٠- عەلی ئیبراهیم

١٣١- مەحمود عەلی

١٣٢- شهباز ئەحمەد

١٣٣- عومەر محەمەد

١٣٤- جەبار ئەحمەد

١٣٥- سەعدی ئەحمەد

١٣٦- دهام عومەر

١٣٧- رۆوف حەسەن

١٣٨- یاسین عەبدولاّ

١٣٩- یاسین مراد عەلی

١٤٠- سەعید قدشی

١٤١- عەلی قدشی

١٤٢- مراد قدشی

١٤٣- درباز قدشی

١٤٤- عومەر قدشی

١٤٥- سلیمان توفی

١٤٦- ویسی بنافی

١٤٧- تەیار کیستی

١٤٨- عەریف ناصر

١٤٩- عرفان فتاح

١٥٠- ڕەمەزان فتاح

١٥١- ئەمین عومەر

١٥٢- فۆاد سلام

١٥٣- مەلا ڕەمەزان

١٥٤- ئەسعەد ئەحمەد عوسمان

١٥٥- سلمان حجی سلیمان

١٥٦- عەلی تاهر هروری

١٥٧- محەمەد جندی

١٥٨- قادر خالید

١٥٩- سەید نایف جلکی

١٦٠- عەبدولرەحمان ئیسماعیل

١٦١- محەمەد صالح ئەوری

١٦٢- کەمال ڕەمەزان یاسین

١٦٣- ئەحمەد حاجی یاسین

١٦٤- مستەفا ئەوری

١٦٥- سەعدی عومەر

١٦٦- عەلی عەبدولا

١٦٧- ئەحمەد عەبدولا

١٦٨- مستەفا قادر

١٦٩- مناف

١٧٠- سەعدی

١٧١- محەمەد جلکی

١٧٢- صدیق جلکی

١٧٣- نجم الدین تمر

١٧٤- سلیم محەمەد

١٧٥- سلیمان عەبدولا هروری

١٧٦- ئەحمەد سلمان هروری

١٧٧- عوسمان زاهیر هروری

١٧٨- خالید زاهیر هروری

١٧٩- عەبدولا حجی محەمەد

١٨٠- عەبدولا کولی(حەلی)

١٨١- سليم كوركى

١٨٢- كەريم كوركى

١٨٣- فتاح كولى

١٨٤- محەمەد حجى عزو

١٨٥- ياسين حجى عزو

١٨٦- صبرى عەلى حيدر

١٨٧- حجى قادر كرافى

١٨٨- عادل حجى قادر

١٨٩- نادر حجى قادر

١٩٠- سەيد عەزيز زاخوى

١٩١- بهاو الدين باكرمان

١٩٢- حەميد حفض لله عومەر

١٩٣- تيجر حفض الله عومەر

١٩٤- صبرى حفض الله عومەر

١٩٥- جاسم حفض الله عومەر

١٩٦- حەميد خواستى ئيسماعيل

١٩٧- محەمەد عبدالجليل

١٩٨- معروف عومەر عسكر

١٩٩- عیسی ئەحمەد شمو

٢٠٠- حەمید شربف موسی

٢٠١- موسی شریف موسی

٢٠٢- محەمەد شریف موسی

٢٠٣- شریف شریف موسی

٢٠٤- سلمان شریف موسی

٢٠٥- میرزا عزو میرزا

٢٠٦- شاهین قاسم شاهین

٢٠٧- تمر شریف موسی

٢٠٨- عوسمان قاسم مستی

٢٠٩- محەمەد میرزا محەمەد

٢١٠- ئەحمەد محەمەد ڕجال

٢١١- خدر عومەر عەزیز

٢١٢- نوری خدر عومەر

٢١٣- حاجی خدر عومەر

٢١٤- نایف خدر عومەر

٢١٥- صديق خدر عومەر

٢١٦- صبری لوند عومەر

٢١٧- ئەحمەد لوند عومەر

٢١٨- حامد لوند عومەر

٢١٩- ياسين يزدين حسو

٢٢٠- عەبدولا محو سمو

٢٢١- حجی ملو محو سمو

٢٢٢- عەبدولا ئەحمەد ئەيوب

٢٢٣- يوسف سەعدی سەعدی

٢٢٤- سەعدی سەعدی

٢٢٥- جبار محەمەد حسين

٢٢٦- شريف سليمان حاجی

٢٢٧- عيسى ياسين كلعو

٢٢٨- حجی ياسين كلعو

٢٢٩- ڕەمەزان ياسين كلعو

٢٣٠- محی عەبدولا محی

٢٣١- عەبدولا عەبدولا محی

٢٣٢- صالح مشختی

٢٣٣- عەبدولرەحمان مشختی سفر

٢٣٤- حاجی عەبدوڵا صوفی

٢٣٥- محەمەد ڕجال

٢٣٦- حاجی سلیمان حاجی

٢٣٧- ڕەمەزان عەبدولرەحمان محەمەد

٢٣٨- ئیسماعیل فندی مشختی

٢٣٩- فندی مشختی سفر

٢٤٠- ئەحمەد مستەفا عوسمان

٢٤١- عەبدولرەحمان شاهین بابک

٢٤٢- حاجی مراد فندی

٢٤٣- حیدر ئەحمەد عوسمان

٢٤٤- محەمەد عومەر میرزا

٢٤٥- مستەفا عەلی محەمەد

٢٤٦- میرزا فتاح محەمەد

٢٤٧- خدر بووزە حاجی

٢٤٨- سەعید شهباز بووزە

٢٤٩- یوسف حەسەن بووزە

٢٥٠- حجی هاشم جانكیر

٢٥١- قاسم حامد صالح

٢٥٢- ئەحمەد منینی

٢٥٣- مستەفا ئەحمەد محەمەد

٢٥٤- شریف شهوان

٢٥٥- مستەفا عومەر مستی

٢٥٦- ڕەشید قادر سلمان

٢٥٧- عەبدوڵا قاسم مستەفا

٢٥٨- حەسەنی یوسف

٢٥٩- حەسەن مستەفا

٢٦٠- عەبدوڵا محەمەد شامل

٢٦١- عەبدوڵا عەبدولرەحمان تحلو

٢٦٢- یوسف شامل

٢٦٣- محەمەد شامل

٢٦٤- سەعید عوسمان خالید

٢٦٥- صدیق عوسمان خالید

٢٦٦- محەمەد موسی

٢٦٧- یوسف موسی

٢٦٨- سهمی مستەفا عبی

٢٦٩- حەسەن ئەحمەد حەسەن

٢٧٠- عیسی موسی

٢٧١- یوسف عەلی بیرو

٢٧٢- محەمەد صالح سعدو

٢٧٣- خواجه فتاح بابک

٢٧٤- عیسی جبی شنکی

٢٧٥- ڕەمەزان حەمید کیندل

٢٧٦- حەمید ڕەمەزان حەمید

٢٧٧- عەلی قادو

٢٧٨- حجی موسی

٢٧٩- صدیق ڕەمەزان حەمید

٢٨٠- حەسەن محەمەد صالح

٢٨١- جاسم جانکیر یعقوب

٢٨٢- صالح ئەحمەد شمو

٢٨٣- ئیسماعیل عوسمان ئەحمەد

٢٨٤- عوسمان ئیسماعیل عوسمان

٢٨٥- سەعید ئیسماعیل عوسمان

٢٨٦- عەبدولا عیسی شریف

٢٨٧- سەعید عەبدولا جانکیر

٢٨٨- سیفدین حجی قوگاس

٢٨٩- ئەمین جهور صالح

٢٩٠- عەبدولا مدیر ڕجال

٢٩١- ڕجال مدیر ڕجال

٢٩٢- محەمەد صالح حاجی حەسەن

٢٩٣- صدیق جندی جانکیر

٢٩٤- عومەر ئیسماعیل ئیبراهیم

٢٩٥- عەزیز سعدو صالح

٢٩٦- ڕەمەزان عیسی صوفی

٢٩٧- عەبدولا مستەفا ئەحمەد

٢٩٨- ئەسعەد جانکیر شاهین

٢٩٩- صالح عەلی افدل

٣٠٠- سەعدی نعمان قاسم

٣٠١- ئیسلام ڕەمەزان عیسی

٣٠٢- فندی عەبدوڵا محو

٣٠٣- محەمەد قاسم حەسەنی

٣٠٤- محەمەد حجی سیفدین

٣٠٥- حەسەن ئەحمەد

٣٠٦- ڕەسوڵ عەبدولرەحمان

٣٠٧- شوعیب یعقوب

٣٠٨- زبیر

٣٠٩- محەمەد صالح عبدو

٣١٠- صبری

٣١١- خلیل مەحمود

٣١٢- خالید خدر

# شەڕی بێلمبیرێ

بێلمبیـرێ نـاوچەیەکی شـاخاوی یەکجـار دژوار و بە هەورازو نشـێوە، چەندی بڵێی بە لەوەڕ و دار و ئاوە، بۆیە مەڕدارانی ناوچەکە ڕووی تێدەکەن. سـەر بە گونـدی (هـروری)ە، کە دەکەوێـتە ڕۆژئـاوای بەرواری بـاڵا کە بە (زۆزان) بە نێوبـانگە، لە ڕۆژهەڵاتیـدا چیـای (کـێلا سـپی) لە باکووریـدا پێـنج کیلۆمەتر لە سنووری تورکیا دوورە، لە ڕۆژئاوا دۆڵی (زەندۆرە) چیای (زنـارا کێستە) دەکەوێتە باشووری.

ئەوەی بیەوێ سەردانی بێلمبیرێ بکات ڕێگاکەی بە نێو گوندی هروریدا دەڕوا هەر لە نزیک گوند کانیاوێک هەیە. لە نزیک ماڵەکانیش کانیاوێک هەیە. هێندە ناڕۆیت کانیـاوێکی گەورە ڕووبەڕووت دەبێتەوە. جیهـانی سـێو، گـوێز، تـرێ، قەیسـی، هەلـووچکە لەو نـاوچە دڵفـڕێنەدایە! فێقیـو تەڕە شانبەشـان بە ڕووت پێدەکەنن. ئەو سێ کانیاوە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی بێلمبیرێ.

بۆ گەیشتن بە بێلمبیرێ دو ڕێگا هەن یەکیان بە ڕێگای سەروو ناسراوە کەوتـۆتە خـوار کانیـاوەکە کە ئەشـکەوتێکی گەورەی لێیە، ڕێگـای خـوارێ بە تەنیشـت گۆمە ئـاوێکی گەورەدا دەڕوا ئەو گۆمە تـایبەتە بەئـاودانی ئەو چوار بێستانە کە بە سێوی ئەمریکی چاندرئەوە لە نزیک ئەو بێسـتانە مـاڵی (ئەحـمەد شانە) یە، ئا. لەو شوێنەدا بۆ یەکەمجار لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٧٦/١١/٢٠ کرایەوە.

کـاتێ هەواڵـی ئەو بارەگـایە گەیشـتە ڕژێـم. هێزێکـی (٥٠٠)سـەربازی و(٩)

هەلیکـۆپتەر وەک هاریکـارو گواسـتنەوەی هێـز لە ١٩٧٧/٥/٢٥ هـاتە سـەر بارەگـای. کە لە سێ لاوە ڕۆژهەلات، ڕۆژئـاوا و باشـووری بارەگـا سـەربازی دابەزاند و شەڕی مـان و نەمـانی تێدا کرا. دوژمـن (٤٥) سـەرباز و ئەفسـەری کوژرا لەگەڵ (٣٠) بریندار! هێزی پێشـمەرگەیش (١٤) شـەهید کە (٤) تەرمیـان کەوتنە دەسـتی دوژمـن کە یەکێکیـان بە نـاوی (زۆران عەزیـز پشـتیوان)بوو کە خەڵکی شـاری خـانەقینە. لە نێو پێشـمەرگەدا بە (ئەنـوەر) دەناسـرا! لەگەڵ (٩) برینـدار، لە ڕۆژی دووەمـی شـەڕدا قارەمـانی هەردوو شـۆڕش (حجـی قـادۆ گراڤی)یش، شەهید بوو.

ئەوانەی ئەو داستانەیان تۆمار کرد بریتی بوون لە: عەلی ئیبراهیم هـروری کە لە دواییدا چووە ڕیزی شەهیدانی کوردستان، پێشمەرگەی هەردوو شۆڕش محەمەد خالید بۆصەلی، ملازم محەمەد، قوەتی محەمەد گەودان کە بە ئـاڕ بی جی کۆبتەرێکی لە مەیدانی شەڕدا خستە خوارەوە!

لەم نووسینە ساکارەدا بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە کە قوتابخـانەی ڕێبـازی بـارزانی نەمـر ئـێمە مانـانی فێرکـردووە جیـاوازی لە نێـوان هـیچ پـارچەیەک و شـارێکی کوردسـتاندا نییە. بۆیە زۆرانـی خـانەقی لە بێلمبیـرێ شـەهید دەبێت، پێشمەرگەی هێزی هەڵگوردیش لە هەرێمی سۆران بە خاک دەسپێردرێ.

# چایخانەی خانۆ

جیاوازی نێوان ئێوە و خەڵکانی دیکە ئەوەیە. خەڵک بە شێوەی ئێوە دەڵێن مەفـرەزە سـەرەتاییەکان، کەچـی ئێـوە ئەو مەفـرەزانەن کە لە ئەرکەکانتـان نەگەڕاونەتەوە! مـن دڵنیـام ئێـوە پیـتە سـەرەتاییەکانی نووسـینەوەی مێـژووی شۆڕشـی گـوڵان دەبـن! ئێـوە ئەو ئەلـقە بزربـووەی نێـوان مەزنـی ئەیلـوول و گوڵانی تەواوکەرن. ئێوە مەردومـی کەوکەبێکـی تـرن، بۆیە ئەوانەی ئێـوە نـاس دەکەن لە پەنجەی دەست تێپەڕ دەکەن!!

پێویسـتە ئەو دەنگـانەی بە خۆیـان دەڵـێن (مـۆدێرنزم _ modirnizim) بە بیانویی کۆنبوونتان داوای وەلانانتـان دەکەن. ئـارەقەی شـەرمەزاری بـۆ ژیـانی دژواریتان بڕێژن! ئێوەن بەردی بناغەی فەخفەخەی کوردتـان دامەزراند! ئێوە لە ڕۆژانی سەخت و بێکەسیماندا پەرژینی ناموسی کورد بوون! ئێوە پینەی شەرواڵە دڕاواکەی کورد بوون! ئێوە ئومێد، ئـاوات، خـۆزگەو هەتوانی کـورد بوون!

دوا بەدوای پیلانـــی ئـــاداری ١٩٧٥ ڕژێـــم بـــۆ لێکترازانـــی کـــۆمەڵگەی کـــوردەواری هەوڵێـــدەدا شـــیرازەی هەمـــوو شـــتە جوانەکـــانی ناوچەکەمـــان وردوخاش بکات! بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە پتەوەی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگای کـوردەواری بپچڕێنـی. خەڵکـانێکی دزو نـزمنەفس و بەکرێگیراویـان بەگـژ بـرا فەلەکـانی نـاوچەی بادینـان وەنـابوو. تـاکوو لە وێـوە دەسـت بـخەنە نێـو وردەکاری گوند و خانەوادەکانی دانیشـتوانی فەلە و ئیسـلام! ئەوە بـوو پیلانـی گڵاویان بە کوشتنی چەند فەلەیەکی بەرواری بـالا ئەنجامـدا! تـاکوو خـوێنی بـرا

فەلەکان بکەوێتە ئەستۆی برا ئیسلامەکان!

لە شـــەوی ١٩٧٧/١٠/١٣ مســـتەفا مـــزووری بەرپرســـی عەســـکەری مەفرەزەیەکی سـەرکردایەتی کـاتیی بـۆ گەیانـدنی پۆسـتێکی ڕێکخسـتن چەنـد هەڤاڵێکی حیزب دەنێرێتە گوندی (بێقولک) نزیک ئۆردی سەربازی (سۆتکێ) بـۆ سـپێدەی ڕۆژی دووەم بە سـەلامەتی دەگەنەوە بنکەی خۆیـان، لە دواییدا ڕوون دەبێتەوە کە یەکێک لەو هەڤاڵانە پەنجەرەی چایخانەی خانۆی فەلە کە لەسەر شەقامی سەرەکی بووە دەشکێنن و چەند کیلۆ شـەکر و چا بـۆ خۆیـان دێنن!! بۆیە کاکی بەرپرس پێشمەرگەکان کۆدەکاتەوە و بڕیار دەدا:

- ئەگەر شەهیدیش بدەین دەبێ ئەو شەکر و چایە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

مەفـرەزە ســەردانی گونـدی خــانۆی خــاوەن چایخــانە و ســێ گونـدی دەوروبەر بکات تاکوو باسی مەسەلەی دزینی شـەکر و چا، ئینجا گەڕانەوەی کەلوپەلی دزراو بۆ شوێنی خۆی بۆ خەڵکەکان بکرێت، بە مەیان بۆ خەڵک و ڕژێـم ڕوون دەبێـتەوە کە پێشـمەرگە هەردەم لە خەمـی میللەتـی خـۆیەتی و دەستی بۆ تۆڵە کردنەوە و سزادان درێژە! هەروەها بە پیاوانی ڕژێم بڵێ: ئەو قەسپەی ئێوە دەیخۆن ناوکەکەی وا لە گیرفانی پێشمەرگەدایە.

# كانی هون دوژمن؟ ئەڤە سلیمێ سورانییە

ئەگەر هـــــاتوو هەڤـــــاڵانی ئێســـــتاكێی پارتیمـــــان بە وردی لاپەڕە نەنووســـراوەكانی مێـــژووی شۆڕشـــی تەواوكەری مەزنـــی ئەیلـــوول كە بە شۆڕشـی ٢٦ گـوڵانی ١٩٧٦ نـاوزەد كـراوە بخـوێننەوە . ئەوكـات بـۆ هەمـوو لایەک ڕوون دەبێـتەوە كە بە هـیچ شـێوەیەک هەسـت بە وەسـتانی شـۆڕش ناكرێت! مەگەر تەنیا بۆ ماوەیەک جەبهە ئاگرینەكەی (سەرتیز، ماكۆک، سـەری حەسەن بەگ و گەرووی بێشێ) هێور بوونەوەی بەخۆوە بینی، چونكە پێكە زێدە تاڵەكەی نسكۆی مەزنی ئەیلوول، ئێمە و خەڵكانێكی مەندەهۆش كرد! دەمـێكە گـوتراوە: ئەگەر كحێل سـوارچاكی خـۆی هەبێت. نسـكۆیش بێنـێ بە ڕكێفێک بە حیلەیەكی نەعرەتە ئاسا بۆی هەڵدەسێتەوە. ئەمەیان وەسفی پڕ بە پێستی شۆڕشەكەتانە ئەی هەڤاڵانی ئێستاكێ!

هەروەكـوو چـۆن مـانگی ئـاداری لە ژیـانی كـورددا بە مـانگی خۆشـی و ناخۆشـی یـان شـین و شـایی دەناسـرێ، بەنـدەیش مـانگی گـوڵان بە مـانگی عینفوانی كوڕگەلان و هەڤاڵانی پارتی دەزانم. بە دیدی من ئەو یادە بێناز بە نێوماندا گوزەر دەكات بێ ئەوەی شەوچەرەی بۆ سازبكرێت. بێ ئەوەی یادی شەهیدە سەربەرزەكانی بكرێتەوە! بێ ئەوەی بكرێتە وانەیەک بۆ نەوەی نوێ كە لە مێژوویـــدا نـــابەڵەدن! بـــێ ئەوەی بـــاس لە مـــاجەڕای چـــۆنییەتی ســـەرهەڵدانەوەی بكرێـت! بـێ ئەوەی بـاس لەو ســەربازە ونـانە بكرێـت كە ڕۆژانێک مۆم ئاسا شەوە زەنگی ئاسمانی هەر چوار پارچەی كوردستانیان دڕدەدا!!

وەرن لەم ساڵگەردەدا باس لە هێندێ گوند، دۆڵ، ئەشکەوت بکەین کە بە هیچ شێوەیەک لە نێو نەخشەی چاپکراویشدا (توونە)!

پرسیار. کێ لە هەڤاڵانی ئێستاکێ مام یوسف بێرمان ناس دەکا؟! کێ دەزانێ گوندی (بێرمان) ل کیڤەیە؟! کێ دەزانی بێرمان چەند ماڵە؟! کێ دەزانێ چ عەشیرن؟! کێ دەزانێ چەند پڕۆژە بۆ بێرمان جێبەجێکراوە؟! کێ چیرۆکی دارسیغاری بارزانی نەمر و حاجی ئەحمەدی (بایێ) دەزانێ؟! تۆ بڵێی دارسیغارەکە ئێستاکێ لە کام مۆزەخانەی کوردستان دانراوە؟! من دڵنیام زۆربەتان باس لە وتەکانی تاگور، کاسترۆ، گاندی، ماو، دەکەن و لە نووسینەکاندا تەوزیفی دەکەن. بەڵام ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە: کێ؟ لە کوێ؟ کەی؟ بە چ بۆنە ئەو چەند پەیڤە گوتراوە: کانی هون دوژمن؟ ئەڤە سلیمێ سورانییە. قەب قەبا کەوی یێ دهێت دێ لمە دەرکەڤن گەلی دوژمنا. ئەڤە سلیم سورانییە. ئەوەی وەڵامی هەیە کە نیانە! با پەیوەندی بە جەوهەر نامیق، هاشم ڕەمەزان، زۆران خانەقی، عومەرێ لەعەلی، محۆ گەودە، حاجی قادۆ، حەمید شەریف بکات. ئەگەرنا سەردانی ماڵپەڕێ بکەن بەنێوی حەسەن شنگالی ئەگەر هەبوو، کە نییە!

# مام یوسف بێرمانی

کاتێ زۆربەی خەڵکی ئێمە کە ئێستا بە نێوی (چاودێری سیاسی، سیاسەتمەدار، ڕوناکبیر، کادیری پێشکەوتوو) لە سێبەری پەرلەمان و حکوومەتی کورددا دەکوردێنن. تا درەنگە وەختانێک بە هۆبە و هەواری کوردینیدا گوزەرمان نەدەکرد!! بە دوو دەست کڵاوی خۆمان گرتبوو. زەندەقمان لە بۆرە پیاوان دەچوو! ئا لەو کاتەدا بوو خەڵکانێک لە گۆشت و ئێسقان گیان لەسەر دەست بوون. لە گەڵ نەعرەتەی فەرمانی بارزانی. هەلۆ ڕابن بەرەو کوردستانا دەلال. بۆ بەردەوامی و هەڵسانەوە تۆز و غوباری نسکۆیان لەخۆ داوەشاند. بەر لە سەلیم سۆرانی (جەوهەر نامیق) و حەسەن شنگالی (کەریم سنجاری) ماندوونەناسی دیکە هاشم ڕەمەزان (ئەبو عەنتەر)، عەبدوڵلا ڕەمەزان (ئەبو نوال)، سەید حەسەنی زاوایان بۆ پێشوازیکردن لەوێ بوون. لە (بێرمان) بوون.

هورێنەی ئەمجارەیش تەواوکەری (کانی هون دوژمن؟ ئەڤە سلیمێ سورانییە.) ڕۆژێک دادێ بەندە ئاسا حەکایەتخوانێک لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا دەڵێ: هەبوو نەبوو گوندێک هەبوو بە نێوی (بێرمان) چوار پێنج ماڵ زێتر نەبوون لەسەر ڕووباری خابور بوو، هەرچەند نەخشەی پارێزگای دهۆک سەیر بکەی ئەو گوندەی تێدا نییە و هی ئەوبەریش تێیدا نییە! جۆلەمێرگ، چەلێ، جزیرە دەبینرێ. هەرچەندە دڵنیام (بێرمان) چەند ماڵێکی لاتەریکە بۆ میوانی درەنگە وەخت خۆی حەشارداوە، بەڵام کەوتۆتە ئەو ڕێگایە. ڕاستە من بە چاو نەمبینیووە! بەڵام بەخوا بە دڵ دەگەڵیان ژیاوم،

چونکەناندەری و کوردینی ئەو چەند ماڵە من و تۆ و خەڵکانی دیکە سەرسام دەکات – کاتێ ئەو مێژووە بنووسرێتەوە –.

لە درەنگە ئێوارەیەکی ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٥دا، دەنگوباسی گەیشتنی دوو غەریبە دەروێشی گەڕیدە بۆ گوندی (مەلێسیە) بڵاودەبێتەوە. هەڤاڵانی پارتی ئەودیو بەرەو ئاقاری (بێرمان)یان، دێنن لە گۆڕستانی بێرمان ئەو دوو سەرکردەی سەرکردایەتی کاتیی بە هەڤاڵان ئەبو عەنتەرو عەبدوڵای برایی و سەید حەسەنی زاوایان شاد دەبن.

بە گەیشتنی ئەو سەرکردانە جموجۆلی ڕێکخستن و خۆئامادەکردن گەرموگوڕ دەبێت. تەتەر لە هاتوچۆدا دەبن، ئەو پێشمەرگانەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە لە (ئەشکەفتا کەران) و، دۆڵی گەلی (پیرکێ و چرانێ) خۆیان حەشاردابوو دەگەڵ ئەوانەی لە سووریا لە مەلاسدابوون بەرەو بێرمان، گوفکێ، بێلمبیری، کوماتە هاتن..

وا دەردەکەوێ خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق کەمدوو بووە! ئێوارەیەک لە کاتی گوێ گرتنی لە ڕادیۆ. هەواڵێکی خۆشی لەسەر کورد بیستووە، بۆیە زەردەخەنەی دێتێ! مام یوسفی خاوەن ماڵیش بە هەڵەداوان دەچێتە سەر گردۆڵکەی بەرماڵان هاوار دەکا: هۆ عنتۆ! هۆ عنتۆ، ئەویش دەڵێ مام یوسف خێرە؟ مام یوسف دەڵێ سەلیم پێکەنی!!

ئەویش دەڵێ دڵنیابە شۆڕش سەرکەوت!! هێندەی پێناچێ بەرەبەیانییەک مام یوسف بۆ نوێژکردن هەڵدەستێ سەیر دەکا ئەو سێ چوار میوانەی گوندەکەیان لەسەر ڕووباری خابور خۆی لە (١٠٠) سەت پێشمەرگە داوە، بۆیە پڕ بەدەم بە گریانەوە هاوار دەکا و دەڵێ: کانی هون دوژمن؟ ئەڤە سلیمێ سورانییە. قەب قەبا کەوی یێ دهێت دێ لمە دەرکەڤن گەلی دوژمنا ئەڤە سلیم سورانییە.

# ئەوانەی نازانم لە کوێن.!

لەو کاتەی بۆ ئێوە لە حاڵەتی هوڕێنەدا بووم، هەگبەی خۆم سەروژێر کرد دەشقم وشـەیێ، پەیڤێ، ڕستەیێ بۆ ئێوەی سـەروەر و سـەرفراز بدۆزمەوە، جگە لە وەسفی هێژا بارزانیدا شک نابەم کە لە داستانی خواکورک دەقەبەر پێشمەرگەی کرد و فەرمووی: ئێوە بەقەد شاخەکانی کوردستان جەوهەرتان لێ دەبارێ! بۆیە ناهەق نیم کە دەڵێم: مەحاڵە هیچ پێوانەیەک بۆ گەورەیی ئێوە بدۆزمەوە. مەگەر بڵێم: ئێمە هەمووومان بەرامبەر بە ئێوە و ڕۆژانی دژواریتان شـەرمەزارین! چـونکە دڵنیـام تـا ئێسـتا نەمـانتوانیووە ئەو خـۆزگە زێـدە ساکارانەی ناختان بێنینەدی کە لە ڕۆژانی سەرفرازیتاندا لە سێبەری بنەدارێ. لەوکـاتەی بـۆ حەسـانەوەی جەسـتەی شـەکەت و مانـدووتان پاڵتـان بە تاشـە بەردێـک دەدا و ئومێـدی دوارۆژو خۆزگەتـان دەخواسـت! ئومێـدی عەریـف ئیشۆی بەدبەخت تەنیا و تەنیا خۆی لەو کۆنە دۆشـەکەیەی بارەگا دەدۆزیەوە کە لە خۆی خۆشتر دەویست! تۆ بڵێی ئاواتی سـەلیم کورکی هـاتبێتەدی کە تەنیا حەزی بەوە بوو کاتێ کورد دەگاتە ئێەمانج، ئەویش لە گۆڕەپانی بارزانی لە شاری زاخۆدا ببێتە ئینزبات!! دەبێ ئێستایش تەییار کێستەیی ڕۆژانە خەمی خواردنی پێشمەرگەکانی بێت؟! تۆ بڵێی تا ئێستا سـەید حەمید لەبەر نەبوونی وازی لە (چا) خواردنەوە هێنابێت؟!

بەرلەوەی دێـوە عەولەمە دونیـا بکـاتە گونـدێکی بچـووک، سـەرکردایەتی کاتیی تا درەنگە وەختانێک لە بری هەموو تەکنەلۆژیای جیهانی (سلۆ ڕیتۆ) و (جەبار هروری) بۆ تەتەری و گەیاندنی هەبووە. پێش ئەوانیش صالح حجی

بامەڕنی و حسێن خالید زێوەیی بوون کە بە دەستی بەکرێگیراوان لە نزیک گوندی (بابیرا) شەهیدکران!

ئەوانە ڕێی هاتوو نەهاتی سنووری سووریا، تورکیا و ئێرانیان دەشێلا! بەلام چ شێلانێک. ڕێگای چوار ڕۆژەییان بە دوو ڕۆژ ئەگەر کەمتر نەبێت دەبڕی! ئەوانە تەتەری گولان بوون، پێشتریش تەتەری مەزنی ئەیلوول لە ڕۆژانی خۆیاندا زەربوولمسەل بوون.

دەبێ چ دەزگایەکی حیزبی ئێمە ژووری کۆمپیوتەر یان ئینتەرنێتیان بە نێوی سلۆ ڕیتۆو هەڤالانی کردبێت؟! وەلامم ناوێت، چونکە بۆ خودی خۆم نازانم ئەوانەی نێویان لەم هورێنەدا هاتوە. ماون یان مردوون؟! شەهیدن یان پەککەوتەن؟! ئەگەر شەهیدن دەبێ گۆڕیان هەبێت یان گۆڕ غەریبن؟! ئەگەر ئەوان نەماون. دەبێ منداڵەکانیان ئێستا دەگەڵ ئێمە بن یان تووڕەن و کەوتونەتە سەنگەرێکی دیکە؟!

# پانۆڕامای گوڵان

- ١٩٧٥/٣/٥ نسکۆی شۆڕشی ئەیلول.

- سەرەتای ئایاری ١٩٧٥ یەکەم کۆبوونەوەی دوای نسکۆهێنان لەسەر کانیاوی نەغەدە بە ئئەمادەبوونی کاک مسعود بارزانی.

- لە حوزەیرانی ١٩٧٥ ناردنەوەی گرووپێک بۆ ناوەوەی کوردستان بۆ ئئەمادەباشی پێشوازیکردن سەرکردایەتی کاتی.

- هەبوونی خەڵکانێکی خۆمان لە سووریا.

- مانەوەی هێندێ پێشمەرگەکانی ئەیلول لە ناوچەی کۆچەران و ئەشکەوتە دووره دەستەکان تا گەیشتنی گەنجە ڕێخۆشکەرەکان.

- گەیشتنی خەڵکانێکمان لە عێراقەوە بۆ گوندەکانی باکوور.

- گەیشتنی دوو سەرکردەی کاتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ سەرەتای ١٩٧٦ بۆ کوردستانی باکوور.

- بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننئەمەی سەرکردایەتی کاتی لەژێر دروشمی کوردستان الساحه الحقیقیه للنضال.

- گورج وگۆڵی لە ڕێکخستنەوەو پەیوەندی کردن بۆ ئئەمادەباشی دەست پێکردنی شۆڕش.

- بارەگا کاتیەکانی سەرکردایەتی کاتی لە مەلێ – شڕناخ، سنێ، میدیات،

گوندکی، بلکا، چەمان، مەلیسا، بێرمان، بێداو.

– ٢٥-١٩٧٦/٥/٢٦ یەکەم مەفرەزەی شۆڕشی گوڵان لە هەرێمی دوو / سۆران – حاجی ئۆمەران دەکەونە کەمینی سوپا لە گەزگەکی بناری قەندیل یەکەم شەهیدی گوڵان سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی.

– ١٩٧٦/٥/٢٦ یەکەم تەققە لەهەرێمی یەک بادینان لەناوچەی (گولی) لە گوندی (نزۆر).

– تا ساڵی ١٩٧٩ شەڕێکی زۆر ڕوویداوە بەنێوبانگەکانی بێلمبیرێ، کۆماتە، شارستێن، گەلی بازێ، زاخۆ.

– لاوازبوونی هەرێمی سۆران.

– گەیشتنی کادیرو فەرماندەو کۆنە ئەفسەرەکان بۆیە هەرێمی بادینان بوو بە دوو هەرێم.

– دیداری مامەو کاکە لە سووریا.

– ئەیلولی ١٩٧٧ گەیشتنی کاک سامی بۆ کوردستان.

– ١٩٧٧/١١/١٥ یەکەم کۆبوونەوی سەرکردایەتی لە گوندی بێدالێ – قشووری.

– دانانی لێژنەی هەرێمی دوو بادینان.

– گەیشتنی ڕادیۆ لە مانگی ١٩٧٧/١٢ یان مانگی یەکی / ١٩٧٨.

– هێرشی ١٠٠٠ کەسی بۆ سەر قیادەموەقەتە نیسانی ١٩٧٨ لە گەلی بازێ.

– کۆنگرەی ٩ کۆتایی هێنان بە قۆناغی سەرکردایەتی کاتی.